ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٦١ ▪ چوارشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ _ ٦ی نوامبری ٢٠١٩
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## بنەماڵەی خامنەییش کەوتنە بەر تیغی گەمارۆکان



وەزارەتی خەزێنەدری ئامریکا سزای سەپاندوە بەسەر نۆ کەسدا کە پێوەندییان هەیە بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە، لەوانەش بەڕێوبەری بەیتی ڕێبەری و یەکێک لە کوڕەکانی و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامی. ستیڤێن منووچێن، وەزیری خەزێنەی ئامریکا دەڵێ ئەو کەسانە پەیوەندییان هەیە بە کردەوەی تێکدەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، وەک تەقاندنەوەی سەربازگەی هێزی دەریایی ئامریکا لە بەیروت لە ساڵی ١٩٨٣ و بنکەی پێوەندی هاوبەشی ئارژانتین و ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٩٤ و... لە نێو ئەو بەرپرسانەی کراونەتە ئامانج بەڕێوبەری بەیتی خامنەیی، «محەمەد محەمەدی گوڵپایگانی» و هەروەها" وەحید حەقانیان" لەو کەسانەی کە وەزارەتی خەزێنەداریی ئامریکا بە دەستە ڕاستی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییان دەزانێ. هەروەها ئیبراهیم ڕەییسی، سەرۆکی دەزگای قەزایی و موجتەبا خامنەیی، کوڕی دووهەمی ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

## کورد لەحاند پێکهاتەکانی دراوسێی لەنێو ئێراندا:

# مەیدانداریی ڕەوا هاوکات لەگەڵ هەوڵدان بۆ لێکگەیشتن



هێرشی دەستدرێژیکەرانەی تورکیە بۆ سەر خاکی سووریە و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ڕۆژاوای کوردستان بە بیانووی دروستکردنی قەڵغان و ناوچەی ئەمنیەتی، کە بووە هۆی کارەساتی مرۆیی و سەدان کەسی بێتاوان تێیدا کوژران و بەدەیان هەزار ئاوارەی لێ کەوتووەتەوە؛ کاردانەوەی زۆری لە ئاستی ناوچە و دنیادا لێکەوتەوە. ئەم بابەتە گەیشتە پارلمانی ئێران و بووە هۆی باس و مشتومڕی زۆر، بەڵام دواجار نوێنەری ئازەریی مەجلیس ئامادە نەبوون ئەم جینایەتانەی تورکیە بسەلمێنن و لەدژی کوردانی ڕۆژاوا هەڵویستیان گرت. ماوەیەک دواتر و لە پەراوێزی یاریی دوو یانەی ئیستقلالی تاران و تراکتۆرسازیی تەورێزدا، بەدژی کورد دروشم درایەوە و بەوەش جارێکی دی پەردە لەسەر ئەو فاشیزمە تورکی و ڕەگەزپەرەستییە لە ئێران لادرا کە بەتایبەت لەدژی کورد خۆی دەنوێنێ.

د. ئاسۆ حەسەنزادە، وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ «کوردستان» لەو پێوەندییەدا دەڵێ کورد دوو ئەزموونی مێژوویی هەیە، یەکیان هیی سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ)یە، ئەوی دیکەش هیی پێشەوا قازی محەممەدە. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێی وایە بۆ ئەمڕۆ و ئایندە دەبێ تەلفیقێک لە هەردووکیان دروست بکرێ؛ واتە هەم بۆخۆمان بەهێز بین و مەیدانداریی ڕەوا بکەین، هەم بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پێوەندیی بنیاتنەری نێوانمان هەوڵ بدەین.

**(دەقی ئەم دیمانەیە لە لاپەڕەی ٢ و ٣دا بخوێننەوە)**

◆ سەروتار

## کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی سیاسەتی ناوچەییدا

**کەماڵ کەریمی**

شەپۆلەکانی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی کۆماری ئیسلامی بەرەبەرە بەرەو ئێران دەگەڕێتەوە. لە ساڵانی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی توانیبووی بەهۆی پشتیوانییە ماڵییەکانی و بەکارهێنانی هێزە تایبەتەکانی سپای قودسی پاسداران پەل باوێتە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە شیعە مەزهەبەکانی لێ نیشتەجێن. ڕێبەرانی ڕێژیم بەپێی سیاسەتی پاوانخوازانەیان و بەمەبەستی دروستکردنی هاوپەیمانییەکی شیعی لە ناوچەدا، جیاواز لە هەوڵی نائەمنکردنی هەموو ناوچەکە، توانییان لە لوبنان، سووریە و عێراق کە زۆرینەی خەڵکەکەیان ئاییننزای شیعەیان هەیە جێ پێیەکی باش بۆ سەپاندن و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بکەنەوە. دوای وێرانبوونی وڵاتانی یەمەن و سووریە، ئێستا دەردەکەوێ بەرەبەرە لەمیان بەهۆی فشارەکانی هاوپەیمانیی عەرەبی و سیاسەتی ئامریکا و لەوی دیکەش بەهۆی زاڵبوونی هێژموونیی ڕووسیە، ڕێژیم جێ پێی پێ لەق بووە. ئێستا نۆرە گەیوەتە لوبنان و عێراق کە خەڵکی ناڕازی لە شێوازی دەسەڵاتداری و نەبوونی خزمەتگوزاری بۆ ژیانیان لە شەقامی شارە گەورەکانیان خۆپیشاندان دەکەن و داوای گۆڕینی دەسەڵاتداران و شێوازی حوکمڕانی لە وڵاتەکەیان دەکەن. دوو وڵاتی گرینگ لە بازنەی ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامیدا، کە هەر گۆڕانکارییەک بە قازانجی خەڵک دەتوانێ ببێتە هۆی دارمانی تەواوی ستراتیژییەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا.

عێراق بەهۆی هاوسنووری لەگەڵ ئێران و حەشیمەتی زۆری شیعەی تێکەڵ بە بیری ناسیۆنالیستی عەرەبی لەو وڵاتە و بوون و نفووزی ئەمریکا لەوێ، گرینگییەکی زیاتری بۆ ڕێبەرانی ڕێژیم هەیە. هەر بۆیە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە سەرهەڵدانی نائارامی لەو وڵاتەدا نیگەران بوون و ئەگەر بۆ خۆیشیان وەک پێویست دەستیان لە وەڕیخستنی نائارامییەکیشدا بووبێ تەنیا بە شێوەی کاتی و بۆ فشار خستنەسەر دامودەزگایەکی حکوومەتی و شکاندنی بێدەنگی بەرامبەر بوونی هێزەکانی ئامریکا بووە و دواتر بۆ چارەسەرکردنی دەستیان تێوەرداوە و خۆیان کردووەتە پیاوچاکی مەیدانەکە. ترسی ئێران...

درێژە بۆ ل ٢



**د. ئاسۆ حەسەنزادە**

ڕێژیم هیچکام لەوانەی پێ ناخۆش نییە، واتە ئەوە کە بژاردەی کوردی ڕۆژهەڵات پارچەکەی خۆی لەبیر بچێتەوە و هەر لە بەرەی دژە عوسمانیدا چالاک بێ؛ لەولاشەوە گرژیی نێوان نەتەوەکانی ئێران پەرە بستێنێ و لاوازبوونی کوردی لێ بکەوێتەوە.

(٢)



**ئارەزوو نستانی**

هۆکاری سەرەکیی وەڵامنەدانەوەی سیاسەتی ئامریکا لە هەمبەر ئێران، بەهەڵە پێناسەکردنی سەرچاوەی کێشەکەیە، لە ڕاستیدا سیاسەتی زێدەخوازانەی کۆماری ئیسلامی؛ دەرەنجامی دەسەڵاتداریی ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی نابەرپرسە.

(٤)



**ڕەحمان سەلیمی**

زۆر نموونە پێمان دەڵێن کە کرداری کوشتاری بەکۆمەڵی پلانمەند و ئامانجدار لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، بۆ لەنێو بردنی گەلی کورد بەڕێوە چوون، کە یاسای نێودەوڵەتی ئەو تاوانانەی لە ڕیزی ژینۆساید داناوە.

(٧)

درێژەی سەروتار

## کۆماری ئیسلامی لە گێژاوی سیاسەتی ناوچەییدا

... لە بوون و پەرەسەندنی هەر نائارامییەک لە عێراق بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ببێتە هۆی پەرەسەندنی نفووز و دەسەڵاتی ئامریکا و کورتکردنەوەی دەستی ئەوان لە کاریگەرییان لە داڕشتنی سیاسەتەکانیان لەم وڵاتەدا. لە لایەکی دیکەشەوە گەڕانەوەی شەپۆلی نائارامییەکان بۆ نێوخوی ئێران کە دەبێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی خۆیان وەک خەتەرێک دەبینن کە نەتوانن پێشی پێ بگرن. بەڵام ١٦ ساڵ لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسەین و بەهۆی دەخالەتەکانی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی لە حیزب و گرووپگەلێکی تایبەت لەنێو شیعەکاندا و، زیاتر لەوەش دروستکردنی گرووپی چەکداریی جیاجیای بەستراوە بەخۆیان، هێشتا ئەم وڵاتە سەقامگیری بەخۆیەوە نەدیوە. جگە لە بڵاوبوونەوەی نائەمنییەکی زۆر و سەرەڕای داهاتی زۆری وڵات، خەڵک هێشتا لە ژیانێکی سەردەمیانەی ئینسانیی بێبەشن. ئەمەش هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی نارەزایەتی و درێژەکێشانی خۆپیشاندانەکانە لە ناوچە عەرەبییە شیعەکاندا و دەردەکەوێ بێمتمانەییەکی زۆر بەرامبەر دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکان کە یەک بە دوای یەک لەو ساڵانەدا کە بە دەنگی ئەوان گەیشتوونەتە دەسەڵات و حوکمڕانییان کردووە لە نێو خەڵکدا دروست بووە.

لەم نێوەدا کۆماری ئیسلامی کە دەستی باڵای لە دەخالەت کردن لە کاروباری عێراقدا هەیە و بە بەرچاوی خەڵکەوە قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سپای قودس هەر ئێستا لە بەغدادە و دەیەوێ بەپێی ویستی ئێران چارەسەری کێشەکان بدۆزێتەوە، کەوتووەتە بەر ڕقی کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیوی خۆپیشاندەر. ئەو خەڵکە کە بە تەواوی هەستیان بە دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران کردووە و دەزانن کە بوونی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەیان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئاڵۆزییەکانی وڵاتەکەیان، بە بەرزکردنەوەی دروشمی ئێران بۆ دەرەوە و دڕاندنی وێنەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دژایەتیی خۆیان لەگەڵ بوون و دەخالەتەکانی ئەوان دەردەبڕن. ڕق و توورەییەک کە وای لە کۆماری ئیسلامی کرد داوا لە زیارەتکارانی ئێرانی کەربەلا بکا کە واز لە سەفەری عێراق بێنن. بەمجۆرە دەردەکەوێ کە ڕێژیمی ئێران نەتەنیا نەیتوانیوە شیعەی عێراق بکاتە بەشێک لە لەشکری خۆی بۆ دوژمنایەتیی ئەو وڵاتانەی مەبەستیانە بە گژیاندا بکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕیزبەندیی خۆیان وەک شیعەی عێراقی بەرامبەر بەوان پاراستووە و نایانەوێ وڵاتەکەیان بکەنە سووتمانی فرەخوازییەکانی ئێران.

بێگومان هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی حیزبی لە ڕێگەی دروستکردنی دەستەبەندی لەنێو سیاسەتمەدارە حیزبییەکانی شیعەدا بە مەبەستی دەسەڵاتداریی زۆرینەی شیعەکان لە ڕێگەی ئەو لایەنانەوە کە کۆماری ئیسلامی پشتگیرییان دەکا و خۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی یاساکانی بەڕێوەبەریی وڵات کە هۆکاری دروستبوونی گەندەڵی و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی گشتیی عێراقی بەدوای خۆیدا هێناوە، سەرچاوەی پەرەگرتنی نارەزایەتییەکانە لەنێو خەڵکی عێراقدا. بەڵام ئەوەی کە خۆپیشاندەران کۆماری ئیسلامی بە سەرچاوەی ئەو کارەساتەی بەسەریان هاتوە دەزانن جێگەی سەرنجە. خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق کە وەک هەموو گەلێکی ئازادیخواز پێش هەموو شتێک بیر لە سەربەخۆیی و سەربەستیی خۆیان دەکەنەوە بەڕوونی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەیاندا دەبینن. لە ئیدعاکانی دەسەڵاتدارییان بەسەر پێتەختەکانی وڵاتانی عەرەبی و یەک لەوان بەغدا هەتا خۆڕانانی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران لەنێو خاکی عێراقدا و پەیامەکانی خامنەیی‌ڕا بگرە هەتا هەوڵدانیان بۆ کاریگەری لەسەر دیاریکردنی بەرپرسانی حکوومەتیی عێراق لە ڕێگەی قاسم سولەیمانییەوە بە مەبەستی ڕێخۆشکردن بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانیان، ئەو هۆکارانەن کە توورەیی خەڵکی بە دوای خۆیدا هێناوە و دروشمی دژبە ئێران و کۆماری ئیسلامی و چوونەدەریان لە وڵاتەکەیان، لە بەغدا و کەربەلا و نەجەف کە بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی سێ پێگەی گرینگی سیاسی و ئایینین، بووەتە دروشمی سەرەکیی خۆپیشاندانەکان.

بەمجۆرە دەبینین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوای چوار دەیە لە دەسەڵاتداریی پڕلە شەڕ و خوێنڕشتن و هەوڵی بۆ دەسەڵاتداری بە سەر وڵاتانی موسوڵماندا، لە کاتێکدا لە نێوخۆی ئێرانیشدا لەگەڵ قەیرانە بەردەوامەکانی ڕووبەڕوو بووە، لەو وڵاتانەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێگەی خۆی لەنێو خەڵکیدا لە دەست دەدا و ئێستا دەبێ چاوەڕوان بن کە شەپۆلی وەڕێخستنی شۆڕش لەو وڵاتانەدا بەرەو نێوخۆی ئێران بگەڕێتەوە.

***

### د. ئاسۆ حەسەنزادە:

# با جارێک بۆ هەمیشە قبووڵی بکەین کە هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستییان بە یەکترە

## (وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ جێگری سکرتێری گشتی و وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزب)

دیمانە: عەلی بداغی



**گۆڕانکارییەکان لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا زۆر خێرا و بەلەز ڕوو دەدەن و کورد بەشێکە لە ئەکتەرەکان و لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا، بە تایبەت لە سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان کە گۆڕانکارییەکان تا ڕادەیەک بە زیانی کورد شکاوەتەوە. نارەزایەتییەکان لە لوبنان و عیراق و لێکەوتەکانی کە تا ڕادەیەک پێی ئێرانی گرتووەتەوە و ئەم باس و خواسانەی ئەم دواییانە لەسەر پرسی نەتەوەیی لە ئێران هاتنە گۆڕێ؛ هەمووی باسهەڵگرن.**

**«کوردستان» بۆ تاوتوێی ئەم بابەتانە و لێکدانەوەی چەند تەوەرێکی تر وتووێژێکی لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.**

**ئەو ماوەیە چ بۆ کورد و چ لە ناوچەدا مانگێکی پڕ ڕووداو و پێشهاتمان تێپەڕ کرد، بۆ نموونە مەسەلەی ڕۆژئاوای کوردستان، کێشە و نارەزایەتییەکان لە هێندێک لە وڵاتانی ناوچەدا، ... هتد. ئەگەر لە سۆنگەی ئایندەی کورد و نەخشی ئێرانەوە چاو لە دۆخەکە بکەین، هەمووی ئەم گۆڕانکارییانە چەندە لە بەرژەوەندیی خەبات و تێکۆشانی خەڵک لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە؟**

لەگەڵ ئەوە کە گرینگترین ئاڵوگۆڕەکانی ئەو ماوەیە ئەوانە بوون کە باست کرد بەڵام ئێمە پێویستە چ بۆ دۆخی خۆمان وەک کورد و چ لە ئاستی ناوچەدا تەنیا بە دیدێکی مەحەللی بیر نەکەینەوە. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆخۆی زۆر لەمێژە ناوەندی قورسایی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە. لە ساڵانی ڕابردووشدا زیاتر لە هەر کاتێک بووە بە تیئاتری ململانە و ڕکابەریی زلهێزەکانی دنیا. دەتوانم بڵێم کە دەوروبەری ئێمە ناوچەیەکە هەڵگری دینامیزمێکی ئەوەندە ڕاکێشەری سەرنجی دەرەکی و بەریەککەوتنی نێوخۆییە کە هیچ ناوچەیەکی جیهان نیەتی. لە جیهانی پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆشدا پێویستە هەمیشە ئاستی ئانالیزمان بەرەو فاکتۆرە جیهانییەکان بەرز بکەینەوە. ئەوە بە مانای لەبیر کردنی هۆکارە لۆکاڵییەکانی کێشە و پێشوەچوونەکان نییە، بەپێچەوانەوە هەموو کاری ئێمە دەبێ بۆ باشتر ناسین و ئاقاربەخشیی زیاتر بە دینامیزمە نێوخۆییەکان بێ، چونکە دۆخی ئێمە لەگەڵ ئەوە کە بەرهەمی دەستێوەردان و سیاسەتی ناعادڵانەی زلهێزەکانی دنیایە، تەنیا لەسەر ئەو عەرزەی کە لێی دەژین و لەو واقیعە مەیدانییەدا کە لەگەڵی بەرەوڕووین قابیلی گۆڕانە. کورد لە خەباتی خۆیدا دەبێ هەمیشە پشت بە هێز و توانای خۆی ببەستێ و تێبکۆشێ باڵانسی هێز لەپێشدا لەگەڵ دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستان و ڕکابەرە مەحەللییەکانی خۆی بگۆڕێ. بەڵام هەڵە دەبێ ئەگەر زەروورەتی سەرنج و پشتیوانیی نێودەوڵەتی پشتگوێ بخەین. سەبارەت بە پێشهاتەکانی ئەم دواییانە، نموونەکانی ئیشارە پێ کردوون لە جنسی جیاوازن و مەلامح و لێکەوتەکانیشیان بۆ ئێمەی وەک کورد وەک یەک نییە. لەپێوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستاندا ئەوەی لەو ماوەیەدا ڕووی دا بۆ هەموو کورد زۆر تاڵ بوو. بەهۆی بەستێنێکی سیاسیی پێشووتر کە لەلایەن ئەکتەرە کوردییەکان خۆشیانەوە کۆمەڵێک هەڵە و کەمایەسیی تێدا بوو و بەهۆی سیاسەتی دەمدەمی و قازانجپەرستانەی ئیدارەی ئێستای ئامریکا، ئەوەی لێی دەترساین ڕووی دا و مەیدان بۆ جێبەجێکردنی پیلانی لەنێوبردنی ئەزموونی ڕۆژئاوا خۆش بوو. ئەوەی ڕووی دا یان لە حاڵی ڕوودانە، بە زیانی هەموو کورد و بە قازانجی هەر چوار دەوڵەتی حاکم بەسەر کوردستانە بە کۆماری ئیسلامیشەوە. ئەمن لەگەڵ ئەوە نیم بەدەستی خۆمان شەرعیەت بە پشتتێکردنی ئامریکا لە کورد بدەین و بڵێین مادام دەوڵەتانی دیکە بەدووی بەرژەوەندیی خۆیانەوەن، هەر جۆر لەگەڵمان بجووڵێنەوە هەقیانە. بەڵام پێم وایە پێویستە لە خۆمان بپرسین بۆچی کورد نەیتوانیوە ئەوەندە یەکگرتوو بێ و خۆی ئەوەندە سەرنجڕاکێش بکا، کە زلهێزەکان هەر چەند دهیە و هەر چەند ساڵ جارێک و چەند جار پشتی بەرنەدەن. دیارە با ئەوەش ببینین کە هێرش و داگیرکاری بۆ سەر ڕۆژئاڤا دەرفەتێکی نوێ لە خۆدەرخستنی کورد و وەدەنگ هاتنی بێوێنەی ناوەندە سیاسییە نێونەتەوەییەکان و تەنانەت خەڵکی دنیا لە کوردی دروست کرد. هەمووی ئەمە بۆ دەکارخستنی زیاتر دەبێ و پێم وایە ئەگەر بژاردەی کوردی ڕۆژئاوا بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پارچەکانی دیکەی کوردستان دانیشن بیرێک لەو دۆخە بکەنەوە کە کوردی تێدایە و مشوورێک لە پێوەندییەکانی نێوان خۆیان و ڕێکارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەر کورد بکەنەوە، ئێستاش زەرفیەتی باش بۆ پێچەوانە کردنەوەی ئاقاری ڕووداوەکان بەدەستەوەیە. بەڵام شتی وا بەرنامەڕێژیی درێژخایەن، پشووی درێژ و لە هەمووی گرینگتر باوەڕ و پێبەندیی نێوان کوردەکان پێویستە. دەبێ جارێک بۆ هەمیشە ئەوە قبووڵ بکەین کە سەرەڕای واقیعی سیاسی و ئاجێندای جیاوازیان، هەموو پارچەکانی کوردستان پێویستیان بەیەکترە.

**لەپێوەندی لەگەڵ خۆپێشاندنەکانی عێراق و لوبنان و پێوەندیی بە ڕۆڵی ئێرانەوە چ دەڵێن؟**

دەستێوەردان و ڕۆڵی خراپکارانەی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و لوبنان و لە نموونەکەی پێشووشدا واتە سووریە، لە کەس شاراوە نییە. لەبیرمە جارێکیان ڕۆژنامەنووسێکی بیانی لە سەرکردەیەکی پێشووی حیزبی ئێمەی پرسی کە ئایا ئێران لە عێراقدا دەستێوەردان دەکا؟ ناوبراو بە زمانی تەنز وڵامی دایەوە و گوتی نەخێر نایکا، چونکە ئێرە ماڵە خۆیەتی! دیارە لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیی ئێراندا زەمینە و زەرفیەتی نارەزایەتییەکانی ئێستای عیراق و لوبنان یەک نین. بەڵام یەک شت لە هەردووکیاندا حازرە و دەتوانێ بۆ ئایندەی کۆماری ئیسلامی و ناوچە بە گشتی گرینگ بێ. ئەویش ئەوە کە لە هەردووکیان دەنگەکان بەدژی خۆتێهەڵقورتاندن و خراپکاریی کۆماری ئیسلامی تا دێ زەلاڵتر دەبن. لەخۆڕا نییە کە خامنەیی بەو لەحنە ئیشارەی بە خۆپیشاندەرانی عێراقی کرد. ئەمن هیچ گومانم نییە کە ئەو سناپەرانەی گیانی خۆپێشاندەرانی عیراقی دەستێنن، بەکرێگیراوی ئێرانن، ئەگەر ئێرانی نەبن.

**ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕەنگدانەوەی لە فەزای سیاسیی نێوخۆی ئێرانیشدا هەبوو. یەک لەوان ئەو باسانە بوو کە لە پارلمانی ئێران کرا. لێکدانەوەتان بۆ ئەم باس و بابەتانە چین کە لەو پێوەندییەدا پارلمانی ئێراندا هاتنە گۆڕێ؟**

لەپێشدا ئەوە کە پارلمانی دەوڵەتێکی سەرکوتکەری کورد دانیشتنی تایبەتی لەسەر دۆخی کورد لە بەشێکی کوردستاندا دابنێ، بە شتێکی باش دەزانم. هەرچەند موشکلی کورد بەوە حەل نابێ، بەڵام ئەو جۆرە شتانە فاکتەری کوردی لە زێهنی سیاسیی بژاردە حاکمەکاندا زیاتر وەک پرسێکی حاشاهەڵنەگر لێ دەکا. لەو باس و خواسانەدا هێندێک شتی باشیش گوتراون. بەڵام بەو دەلیلە ئیشکالیان تێدا دەبینم کە زۆرتر لە سۆنگەی دژایەتیی تورکیە یان گرژیی نێوان تورکەکانی ئێران و کوردەوە چوونە پێش. بەشێک لە نوێنەرە کوردەکان تەنیا بە دیدی دژایەتیی ئەردۆغانەوە قسەیان کرد. وتە و ڕەفتاری نوێنەرە تورکەکانیش بە ئاشکرا ڕق و دژمنایەتی لەگەڵ هەموو کوردی لێ دەباری. ئەمن پێم وایە ڕێژیم هیچکام لەوانەی پێ ناخۆش نییە، واتە ئەوە کە بژاردەی کوردی ڕۆژهەڵات پارچەکەی خۆی لەبیر بچێتەوە و هەر لە بەرەی دژە عوسمانیدا چالاک بێ؛

درێژە بۆ لاپەرەی ۳

لەولاشەوە گرژیی نێوان نەتەوەکانی ئێران پەرە بستێنێ و لاوازبوونی کوردی لێ بکەوێتەوە.

**بەڵام کورد و تورک وەک هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران بەتایبەتی کە دراوسێشن، دەبوو هاوخەم و هاوخەبات بن. بۆ وا نییە؟ چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە یاریگەی تەوریز دروشمی «مەرگ بۆ کورد» درا. چی وا دەکا کورد و تورک بەجێی ئەوەی هاوخەبات بن، تورک کورد بە ڕکەبەر و نەیاری خۆی دابنێ؟ مەترسییەکانی پەلوپۆ هاویشتنی ئەم گرژییانە کە وا دیارە سیستماتیکە و دەستی ڕێژیمیشی لەپشتە چین و ڕێگاچارە چیە؟**

> **ئێمە دوو ئەزموونی مێژووییشمان هەیە، یەکیان هیی سمایل ئاغای شکاک (سکمۆ)یە، ئەوی دیکەش هیی پێشەوا قازی محەممەدە. وەک خۆم پێم وایە دەبێ بۆ ئەمڕۆ و ئایندە تەلفیقێک لە هەردووکیان دروست بکەین؛ واتە هەم بۆخۆمان بەهێز بین و مەیدانداریی ڕەوا بکەین، هەم بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پێوەندیی بنیاتنەری نێوانمان هەوڵ بدەین.**

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕێژیم شتەکە ڕوونە: جومگەکانی دەسەڵات لە ئێران بە تورکان تەنراوە و ئێلیتی فارس لەنێو دەسەڵاتیش پێی خۆشە بۆ دژایەتی و لاوازکردنی کورد (چونکە هەمیشە کورد بۆ مافی خۆی و بەدژی دیکتاتۆری مکوڕتر بووە) یان بۆ ترساندنی سەرجەم خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن لە باڵکانیزە بوونی ئێران، گرژییە قەومییەکان بە زیندوویی ڕابگرێ و بەپێی شوێن و هەلومەرج کەم و زیادی بکا. بێخەبەر لەوە کە دووکەڵی ئەو ئاگرە ئاخری دەچێتەوە نێو چاوی دەسەڵاتی ناوەندی و تەواوەتی ئەرزیی ئێران کە گۆیا زۆری لە خەمدان چاکتر دەچێتە ژێر پرسیار. ئەمڕۆ بەشێکی گرینگ لە نوخبە و تەنانەت خەڵکی ئاسایی لەنێو تورکەکانی ئێران ڕوویان زۆرتر لە تورکیە و پان_تورکیسمە تا لە تاران. سەبارەتبە پێوەندیی کورد و تورکیش، دەبێ بزانین کە دۆخی کورد و تورک لە ئێراندا قەت وەک یەک نەبووە و تورکەکان ئەوەندەی نەتەوە و کەمایەتییەکانی دیکە ژێردەستە نەبوون. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمەش شۆڤێنیستانە بجووڵێینەوە و حاشا لە مەوجوودیەت و مافەکانی ئەوان بکەین. پرسیار ئەوەیە چۆن دەکرێ مافەکانی هەمووان وەدی بێ، بەبێ ئەوەی مافخوازیی گەلێک لەسەر حیسابی هەقی گەلێکی دیکە بێ. ئەمن پێم وایە بۆ پێشگیری لە کارەساتەکانی ئایندە، پێویستە دوو کار بکەین: یەکەم و لە هەمووی گرینگتر، یەکگرتوویی و خەباتی هەمەلایەنەی کورد بۆخۆیەتی. ئێمە بەداخەوە ئێستاش بەو جۆرەی پێویستە داتا و زانیاریمان لەسەر واقیعیەتە مێژوویی و جوغرافییەکان و ئاڵوگۆڕەکانی دێمۆگرافیی ئێتنیکی و وردەکاریی بنەما ستراتێژییەکانی قەوارە و نیهادەکانی ئایندەی خۆمان نییە؛ بەرنامەڕێژی چڕوپڕ و درێژخایەن و یەکگرتوومان نەکردوە؛ ڕێکارەکانمان نیوەچڵ و پرشوبڵاو و کاتین. دەبێ بزانین پرسی ئێمە بە خەون و ئارەزوو و دروشمی قەبە جێبەجێ نابێ. دەبێ دوورەدیمەنێکی سەروەریخوازانە بۆخۆمان دابنێین، بەڵام ئەوە لە هەموو بوارەکاندا هەنگاوی ورد و پلانمەند و درێژخایەنی دەوێ. دووەم، لەبارەی پێوەندیی کورد و تورک، من پێم وایە لەگەڵ ئەوە کە دەبێ بۆخۆمان وەها بەهێز بین کە چیدیکە کەس بیر لە کۆمەڵکوژیمان نەکاتەوە و خاک و ناسنامەمان جرجانخواردوو نەکەن، بەڵام گرژیی نێوان نەتەوەکان و زەمینەی یەکتر پاکتاوکردن بە قازانجی کەس نییە. زۆرتریش بە زیانی کوردە، چونکە ئەگەر ڕۆژێک کارەساتی بەربڵاو ڕوو بدا، ئەو نەتەوەیەی بێکەسترە، تورکەکان نین، بەڵکوو کوردە. هەربۆیە ئێمە وێڕای ساغکردنەوەی خاک و نیشتمانی خۆمان و بەهێزکردنی بنەما سیاسی و ئیداری و فەرهەنگی و ئابوورییەکانی ئەمنیەتی قەومیی خۆمان، دەبێ کار لەسەر دیالۆگ و لێکگەیشتنی نێوان ئەو دوو نەتەوە گرینگەی ئێران بکەینەوە و وا بکەین کە لە موناسباتی ئێستا و ئایندەی نێوانماندا ئەقڵ و مەنتق و عەداڵەت و بەرژەوەندیی هاوبەش باڵادەست بن. بۆ ئەوە ئێمە دوو ئەزموونی مێژووییشمان هەیە، یەکیان هیی سمایل ئاغای شکاک (سکمۆ)یە، ئەوی دیکەش هیی پێشەوا قازی محەممەدە. وەک خۆم پێم وایە دەبێ بۆ ئەمڕۆ و ئایندە تەلفیقێک لە هەردووکیان دروست بکەین؛ واتە هەم بۆخۆمان بەهێز بین و مەیدانداریی ڕەوا بکەین، هەم بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و پێوەندیی بنیاتنەری نێوانمان هەوڵ بدەین.

**هەڵوێستی بژاردەی نەتەوە غەیرە کوردەکانیش جێی تێڕامانە. لە کاتە ناسکەکاندا هەموویان شمشیر و خەنجەر لە کالان دێننە دەرێ و ڕوو بە کورد ڕایدەوەشێنن لەبەر ئەوەی وەک دەڵێن کورد جیاییخوازە. لەحاڵێکدا کە کورد ئەوەندەی بۆ مافی خۆی خەباتی کردوە، ئەوەندەش بۆ نەهێشتنی سەرەڕۆیی لە ناوەندا تێکۆشاوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە کورد خۆی یەکلا بکاتەوە و وێژمانی خۆی بگۆڕێ؟**

ڕەنگە پێت سەیر بێ ئەگەر بڵێم نەخێر! ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە لەگەڵ بوونی دەرفەتی نوێ بۆ گەلان، بەربەستی نوێش لەسەر ڕێگایان زۆرە. ناکرێ بە فۆرموولە سادەکانی سەردەمانی پێشوو مامەڵە لەگەڵ واقیعییەتەکانی دنیای ئەمڕۆ بکەین. لە بنەڕەتڕا ئەمڕۆ هیچ گەلێک و تەنانەت هیچ دەوڵەتێک بۆ هیچ پرسێک بەموتڵەقی و بۆ هەمیشە خۆی یەکلا ناکاتەوە. بەڵکوو دیپلۆماسیی هاوتەریب و جووڵەی هەمەلایەنە و ئاڵۆز بەڵام ئاراستەکراو دەگرێتەبەر. هێندێک کەس لەخۆڕا ئامانج و مێتۆد و بەستێن و پۆتانسیەلە جیاوازەکان دابەش دەکەن و لە بەرامبەر یەکتریان دادەنێن. هەموو شتێک بە دیاریکردنی دوورەدیمەن و ئەولەویەت و پۆلێن و یەکخستن و ڕێکخستنی شتەکانەوە بەستراوەتەوە. مەعلوومە خەباتی ئێمە وەک کورد پێش هەموو شتێک بۆ مافی خۆمان، بۆ خەڵکی خۆمان و بۆ خاکی خۆمانە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە خۆمان لێ ببێ بە تاکە ئەکتەر و بڕیاردەری مەیدانەکە و کەسی دیکە نەبینین. مادام لەگەڵ یار و نەیاران ڕووبەڕووین، مادام ئەکتەری دیکەی تەنانەت لە ئێمە بەهێزتر لە مەیداندان، دەبێ جۆری ڕوانین و ڕەفتاری ئەوانمان بۆ گرینگ بێ. لێرەدایە کە پێم وایە لەگەڵ ئەوە کە ئەولەویەتی ئێمە هەر دەبێ مافەکانی کورد و یەکگرتوویی و بەهێزبوونی خۆمان بێ، لەگەڵ ئەوە کە ئامانجی کۆتایی ئێمە سەربەستیی کورد وەک نەتەوە و بەختیاریی کورد وەک ئینسانە، بەڵام دێموکڕاسی لە وڵاتانی ناوچەدا و ڕەفتاری ئەقلانی ئەکتەرەکانی دیکە هەرچەندە زەحمەت و دوورەدەستیش بێ، هەر دەبێ بۆمان گرینگ بێ و لە هەوڵیدا بین. ئەوە ئەو کاتەی کورد خەتی خۆی جیا بکاتەوە و بۆ سەربەخۆیی خەبات بکا، پێویستتریشە. لەو شوێنەدا کە دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا خاڵی بەهێزی خۆیان لە مووشەک و تانک و تەیارەدا دەبینن، خاڵی بەهێزی ئێمە ئیرادەیە، جەهانبینییە، باوەڕ و بەهایە. بە قەولی قانع «چەکی شۆڕشگێڕیی من نووسین و بیروباوەڕە، ئەو دژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە». بە دڵنیاییەوە ئەو هەوڵانە کە بۆ دێموکڕاتیزاسیۆنی بەرامبەرەکانمان یان بۆ وەدەنگ هاتنی نیهادە نێونەتەوەییەکان دەیدەین، لەپێشدا لەپێناو بەرژەوەندیی خۆماندا دەیدەین. ئەمن قبووڵمە کە نابێ وەکیلی خەڵکانی دیکە و بەڵاگێڕەوەی کەس بین، بەڵام با واشی لێ نەیە کە لەژێر ناوی واقعبینیدا سەرەتاییترین چەمک و بەهاکان بێنینە ژێر پرسیار. کاری ئێمە لە هەر حاڵدا سەختە، بۆیە دەبێ لە هەموو لایەکەوە و بە هەموو ڕێگایەکی مومکین و مەشرووع لە فکری دابین.

> **پرسی ئێمە بە خەون و ئارەزوو و دروشمی قەبە جێبەجێ نابێ. دەبێ دوورەدیمەنێکی سەروەریخوازانە بۆخۆمان دابنێین، بەڵام ئەوە لە هەموو بوارەکاندا هەنگاوی ورد و پلانمەند و درێژخایەنی دەوێ.**

**د. ئاسۆ با بێینە سەر باس و بابەتێکی دی. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆر لەسەر هەستە، بەڵام بە نیسبەت دۆخی خۆی لە بەستێنە گشتییەکەدا تا ڕادەیەک بێخەمە. بۆ نموونە کۆڵبەرکوژی یا چارەنووسی «زارا» ئەوەندەی «چیچەک» لەلای بژاردەکانی خۆشمان گرینگیی پێ نادرێ. هۆی ئەمە بۆ چی دەگەڕێننەوە؟**

لەپێشدا با بڵێین چیچەکیش کوردە و پێویستە هەموو کورد خۆی لێ بە خاوەن بکا. کێشە سەرنجدانی ڕۆژهەڵاتییەکان بە چیچەکەکان نییە، کێشە سەرنجنەدانی کوردی پارچەکانی دیکە و سەرنجدانی کەمی خودی ڕۆژهەڵاتییەکان بە زاراکانە. ئەوەش هۆکاری زۆرە. لە بنەڕەتڕا مادام لە ئێراندا دەرفەتی ڕاستەقینەی چالاکی بۆ کوردەکان لە پێوەندی لەگەڵ ماف و مژارەکانی خۆیان نیە، ئەو ئێنێرژیی‌یە ئینسانی و نەتەوایەتییە بۆ ماف و مژاری کورد لە پارچەکانی دیکەدا دەکار دەخرێ، بەتایبەتی ئەگەر بێت و بابەتەکە بووبێتە سووژەی بیروڕای گشتیی جیهانی. ئەمن ئەوەم پێ ئاساییە، بەمەرجێک کوردی ڕۆژهەڵات ماف و مژارەکانی خۆی لەبیر بن و ماف و مژاری پارچەکانی دیکەش وەک دەرفەت و بیانوو بۆ خستنەڕووی ماف و مژارەکانی خۆیشی بەکار ببا. لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە بۆ هاودەستیی ناڕاستەوخۆی دەسەڵات و هێندێک لایەنی کوردی بۆ لە پەراوێزخستنی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە. لەوەش گرینگتر (گرینگتر چونکە ئەوەیان بەدەست خۆمانە) دەمەوێ ئیشارە بە نایەکگرتوویی و نەبوونی وەرەقەیەکی کاری هاوبەش لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا و لایەنە سیاسییەکان لەگەڵ کۆمەڵگە بکەم. لەبیرمان نەچێ ئەو هاوپێوەندییەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات پاش مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات نیشانی دا، بۆ هیچ پرسێکی پارچەیەکی دیکەی کوردستانی نەکردوە. من پێم وایە نووسەران، شاعیران، هونەرمەندان، نوێنەرانی پارلمان و ئۆرگانە محەللییەکان و بەگشتی بژاردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروەک خۆمان ڕەخنەیان زۆر لەسەرە و پێویستە بوێرانەتر و شێلگیرانەتر دۆخی کوردی ڕۆژهەڵات و خاوەندارێتی لە ڕۆڵەکانیان و لە پرسی سیاسیی میللەتەکەیان بکەنە سەردێڕی کارەکانیان. بەڵام ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە هێزە سیاسییەکانیش بەستراوەتەوە کە یەکگرتووانە و مەیدانیتر بجووڵێنەوە، ڕوانگەی هاوبەش و پەیامی ڕوون و خۆراکی وێژمانی و کەرەستەی خەباتگێڕیی کاراتریان بدەنێ. بەکورتی هەر خەڵکی ناوخۆ نییە کە پێویستە ڕۆژهەڵاتیان زیاتر لەبیر بێ، ئێمە بۆخۆشمان دەبێ زیاتر لە خەمی ڕۆژهەڵاتدا بین.

**لە پێوەندی لەگەڵ حیزبە سیاسییەکاندا، وێ ناچێ ڕووداوەکانی ئێستای ڕۆژاوا، دوو ساڵ لەمەوبەر کەرکووک و تەنانەت گۆڕانکارییەکانی ئێستا لە بەغدا و لێکەوتەکانی بووبنە هۆی بەخۆداچوونەوە و یەکگرتنی لایەنەکانی کورد. دەبێ چی ڕوو بدا کە ئێمە لەو قۆناغە دەرباز ببین؟**

ئەوەی سێ سەت ساڵە بەسەر گەلی کورد دێ بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمەوە دەبوو زۆر پێش ئەو ڕووداوانەی باسیان دەکەی یەکیان خستباین. بەداخەوە وەرزشی میللیی کوردان نایەکگرتووییە. بەڵام ئەوە عەیبێکە کە وەک نەخۆشییەک دەبێ هەم لەگەڵی بژین، هەم لەگەڵی شەڕ بکەین. ئەگەر پێنج ساڵ پێش ئێستا ئەو پرسیارەت لێ کردبام، دەمگوت نا ئێستا شکور پێوەندییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد زۆر لە جاران باشترە و شتی ناخۆشی ڕابردوو دووبارە نابێتەوە. ئێستا لەو قسەیەی خۆم وە گومان کەوتووم. من پێم وایە بۆ ئەوەی سادەترین کاری هەر میللەتێکی ژێر هەڕەشە بکەین، واتە یەکگرتوو بین، پێویستە هەموو تاکەکان و هەموو لایەنەکان تەوازوعیان هەبێ و واز لە خەونی تاکەکەسی و بەرژەوەندیی بەرتەسک و مەزنیخوازی بێنن. هیچ کەس و هیچ لایەنێک نابێ لە مەنزەڵەتی قەییومیەتی هەموو ئەوانی دیکە قەرار بگرێ. پێویستمان بە کۆمەڵگەیەکی هەمیشە چاودێر و لە مەیدان و لەسەر خەت هەیە؛ پێویستمان بە بژاردەی ژیر و بەرپرسیار هەیە؛ پێویستمان بە ڕێبەرانی وایە کە بە دیدی مێژوویی بەڵام بە مەهارەتی ئەمڕۆیی نەخشەڕێگایەک دابڕێژن و جێبەجێی بکەن کە هەموو ئاستەکانی کایەی سیاسیی کورد لەنێوان پارچە جیاوازەکان و لە هەر پارچەیەکدا ڕوو بە خۆمان و ڕوو بە نەیاران و دنیای دەرەوە هەماهەنگ بکا؛ پێویستمان بە سیاسەتکردنێکی دابێژراو و داماڵراو لە پەراوێزی واریداتی و لە ئەقلیەتی بچووکی زیانبەخش هەیە، سیاسەتکردنێکی باوەڕبەخۆ، نەتەوەویست و نەتەوەساز، لاق لەسەر عەرز، فرەڕەهەند، دەرسوەرگر لە ڕابردوو و خاوەن دووورەدیمەنی ڕوون و هیوابەخش. سیاسەتکردنێک کە متمانەی تاکی کوردی بخاتە سەرووی هەموو شتێک، هەموو فرەچەشنییەکانی دەروونی خۆمان ببینێ، لە درز و دابەشبوونەکان کەم بکاتەوە، بنەمای خاک و نیشتمان و پەرژینی نەتەوەییمان پتەو بکا و توانا و نەفەسی تاودانی مێژووییمان چەند قات بباتەسەر.

**دوکتور، ئێوە لەم دواییانەدا سەفەری دەرەوەی وڵاتتان کرد. ئایا دەسکەوتەکانی ئەم جۆرە سەفەرانە چین و بەگشتی وەزعیەتی کار و تێکۆشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە و بەگشتی کوردەکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

لەگەڵ ئەوە کە ئێمە نە لە هەلومەرجی دژواری ئێستا و نە لە هیچ هەلومەرجێکدا نابێ لە ڕادە و جۆری خەبات و تێکۆشانی خۆمان ڕازی بین و هەردەم پێویستە بۆ کاری زیاتر و دەسکەوتی باشتر تێبکۆشین، لەو باوەڕەدام کە پێویستە لە هەڵسەنگاندنی کار و هەوڵەکانمان لە هەر بەستێنێکدا مومکیناتی هەر قۆناغێکمان لەبەرچاو بێ. وەک دەزانن بە زۆر هۆکاری سیاسی و ژیۆپۆلیتیک و بە دەلایلی تایبەت بە دۆخ و خیسلەتی کوردەکان خۆیان، کاری ئێمە لە بواری لۆبی و شوێندانان لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری نێودەوڵەتی لەو گەلانەی خاوەن دەوڵەتن یان بەهەرحاڵ جوغرافیا و مێژوو کەمتر غەدری لێ کردوون، سەختترە. کورد بە گشتی و کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی لە دەرەوەی وڵات هەروەک لە خودی کوردستان پێویستی بە پەسندکردنی ڕوانگەی ستراتژیتر، ڕێکاری ژیرانەتر و یەکبوونی واقعیتر هەیە. بەڵام ئەمڕۆ لە چاو پەنجا ساڵ و تەنانەت دە ساڵ پێش ئێستا کورد لە دنیادا جێگە و پێگەیەکی دیکەی هەیە. ئەوەش بەشێکی بۆ خاوەندارییەتییەکی تۆکمەتر و بەرچاوتر و بەربڵاوتری دیاسپۆرای کوردی لە مەسەلەی سیاسیی نەتەوەکەی دەگەڕێتەوە. دیارە ئێستاش بە تابعیەت لە لایەنە سیاسییەکانی کورد، کەموکوڕی و پرشوبڵاوی و تەسکبینی زۆر دەرفەت نەزۆک دەکەن، بەڵام ئەمن بە چاوی ڕێز و ئومێدەوە دەڕوانمە پۆتانسیەلی کوردەکانی دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی کوردی ڕۆژهەڵات. ئێمە لەو ماوەیەدا ئەوەمان هەم لەساڵیادی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و هەم بەتایبەتی لە کاتی هێرشی تورکیە بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەباشی بۆ وەدەرکەوت. ئەگەر تەنیا وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش چاو لە مەسەلەکە بکەم، ڕێم بدە بڵێم ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە وڵاتانی دەرەوە و کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزب لە دەرەوەی وڵات بە هەموو چاوەڕوانییەکی هەردەم زیاتر کە لێمان هەن، لەنێو بژاردەکانی گەلانی هاوشێوە و لەنێو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا سەرتۆپی لێهاتوویی و دڵسۆزی و لەخۆبوردوویی بێ چاوەڕوانین، لە کاتە هەرە سەختەکاندا هانابەخش و پشتیوان و دەست و چاوی ئێمە بوون.

**سپاس کە کاتت بۆ ئەم دیمانەیە دانا.**
ئێوەش ماندوو نەبن.

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بڕیاری وەگەڕخستنی دیپلۆماسیی هاوبەشی دا



ڕۆژی پێنج شەممە ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەبارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەم کۆبوونەوەیەدا ناوەند چاوخشاندنێکی بەسەر دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و دەرس و ئەزموونەکان و کاردانەوەی لە خەباتی گەلی کورد بە گشتیی و بەتایبەتی لەسەر کوردستانی ئێران کرد و لەسەر ئەم بابەتە ناوەندی هاوکاری هێرشی داگیراکارانەی تورکیە بۆ سەر خاک و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بە ناڕەوا و دوور لەپڕەنسیپ و یاسا نێونەتەوەییەکان لە قەڵەم دا و جەختی لەسەر پشتیوانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان کرد و داوای لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد کە بۆ پاراستنی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان، هەوڵ بۆ پێکهێنانی ناوچەی ئەمن لەژێر چاودێریی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بدەن. هاوکات ناوەندی هاوکاری پێی لەسەر پێویستیی یەکریزی و یەکیەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان داگرت.

لە تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیەدا پێشنیاری گرتنی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ ئاشناکردنی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد و نوێنەرانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی لە سیاسەتەکانی ناوەندی هاوکاری و بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و ڕوانگەی ناوەند لەسەر سیستمی داهاتووی ئێران درا و ڕاگەیەندرا کە ناوەند دەبێ بە گوتارێکی یەکگرتووانە و ئامانجدار و ستراتێژییەکی هاوبەش ئەم کۆبوونەوانە بەڕێوە ببا.

تەوەری سێهەمی ئەم دانیشتنە باس لە سەردانی هەیئەتێکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەستی وەگەڕخستنی دیپلۆماسیی هاوبەش بوو. هەروەها چاوخشاندنێک کرا بەسەر کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی دەرەوەی وڵات کە لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا بەڕێوە چوون. لەم بەشەدا بڕیار درا ناوەند لە هەر کۆبوونەوە و کۆنفرانسێکدا کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستانی ئێران و لە ئاراستەی سیاسەت و ستراتێژی ناوەندا بێ، پشتیوانی بکا.

## شاندێکی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کۆچ و کۆچبەرانی نۆروێژ سەردانی حیزبی دێموکراتی کرد



ڕۆژی هەینی، ١٠ی خەزەڵوەر شاندێکی بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری پەنابەران و کۆچ و کۆچبەرانی نۆروێژ بە سەرپەرستیی «ئاری هۆڤدیناک»، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ناوەندی زانیاریی وڵاتی دایک (لایند ئینفۆ) وهاوڕێیەتیی ئاسلاک واردوند، ڕاوێژکار لە هەمان دەزگا و خاتوو هێلد هاوگمون کارلسن، ڕاوێژکاری کومیتەی بەهاناوەچوونی کۆچبەران بە سەردان و بە مەبەستی کۆبوونەوەیەک گەیشتنە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەلایەن شاندێکی حیزب بە سەرپەرستیی د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە وەرگیران. لەم دیدار و دانیشتنەدا باس لە ڕەهەندە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەهۆی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە کرا کە دەبنە هۆی بەردەوامیی کۆچ لە ئێران.

لەم دیدارەدا کە بە بەشداریی بەرپرسانی ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکانی حیزب، یەکیەتیی لاوان، یەکیەتیی ژنان، ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی خوێندکاران و منداڵپارێزی بەڕێوەچوو؛ ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرسی لاوان، ژنان، منداڵان و خوێندکارانی کورد لە ئێران خرایە بەرباس.

هەیئەتی خانەخوێ لەسەر ئەم بابەتانە و چەند پرسێکی دیکەی وەک ئێعدامە سیاسییەکان، کۆڵبەرکوژی، تەقینەوەی مین لە کوردستان و ڕەوشی زیندانیانی سیاسیی کورد داتا و زانیاریی پێویستیان خستە بەردەستی هەیئەتی میوان. هەروەها ڕوانگە و بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنی و سێنفییەکانی سەربە ئەم حیزبەیان لەسەر هۆکار و چەندی و چۆنی و ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خستە بەرچاو.

پرسی پێڕاگەیشتن بە بارودۆخی پەناخوازانی سیاسیی کورد لە نۆروێژ کە لە سۆنگەی دەسەڵاتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامییەوە ناچار بە جێهێشتنی وڵات بوون، تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دیدارە بوون.

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: دەستنیشان کردنی شاری سنە و سلێمانی بە شاری مۆسیقی و ئەدەب نیشانەی پێگەی بەرزی هونەر و ئەدەبیاتە لای گەلی کورد




ڕێکخراوی فێرکاری، زانستی و کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان ناسراو بە یونێسکۆ (UNESCO) دوو شاری «سنە» و «سلێمانی»یان لە ڕیزی ٦٦ شاری جیهان وەک «شارە داهێنەرەکان» هەڵبژارد.

یونێسکۆ شاری سنەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران وەک شاری داهێنەر لە بواری مووسیقیدا هەڵبژاردوە. سنەی سەربەرز و خۆڕاگر، شاری داهێنانی هونەری مووسیقی کە ئاوێتەی خەبات و مافخوازیی گەلەکەیەتی و هونەرمەندانێکی زۆری لە دڵی خۆیدا پەروەردە کردوە کە هەزاران ئۆگری هونەری لێ هەڵکەوتووە و؛ سیمایەکی بەرزی بە جێگە و پێگەی مووسیقا و هەڵپەڕکێ و شانۆ بەخشیوە، کە لە ژیانی دەروونیی مرۆڤدا، پێوەندییەکی قووڵ بۆ مانا بەخشین بە ژیانی شاد و زیندووی بەردەوام، پێکدێنێ.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم دەسکەوتە و بەخشینی ئەم نازناوە بە هەموو خەڵکی خۆشەویستی شاری سنە و بەتایبەتی هونەرمەندانی ئەو شارە پیرۆزبایی دەڵێ. گومان لەوەدا نییە کە بەرەنگاری و هونەری بەرەنگاری بەشێکی سەرەکیی هونەری مووسیقی شاری سنە و هونەرمەندە بەڕێزەکانی بوونە هۆی ئەوە کە هونەرمەندانی زۆر بەرچاو لەو شارە و هەموو گوندەکانی کوردستان لە ڕیزی کاریگەری خەباتی نەتەوەکەماندا، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان ببن و هەن. هیواخوازین و دڵنیاشین کە هونەرمەندانی دڵسۆز و بەهەڵوێستی ئەو شارە لەم دەسکەوتە جیهانییە، کە دەرفەتێکی گەورە بۆ ئەم شارە دەڕەخسێنێ، بۆ ناساندنی هەرچی زۆرتری ماف و داواکارییەکانی گەلەکەمان کەڵک وەردەگرن.

هاوکات لەگەڵ شاری سنە کە وەک شاری داهێنەر لە بواری مووسیقی ناسێندراوە، شاری سلێمانی، پێتەختی ڕووناکبیریی هەرێمی کوردستانیش وەک شاری «داهێنەری ئەدەبی» لە لایەن ڕێکخراوی یونێسکۆوە دەستنیشان کراوە. شاری هەڵمەت و قوربانی، شاری شاعیران و ئەدیبان و ڕۆشنبیران هەموو کات لە پێشەوەی داهێنانی ئەدەبیدا بووە و گەلێک ئەدیبی گەورەی بە کورد و جیهان ناساندوە.

شارەکانی سنە و سلێمانی، وەک دوو شاری دەستەخوشکی کورد ئەمڕۆ لە ئاسمانی هونەر و ئەدەبی جیهانیدا پێگەیەکیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردوە. دەستنیشان کردنی ئەم دوو شارە بەو نازناوانە دەرخەری هونەردۆستی و هونەرمەندی و ئەدەب و داهێنانە لە لای نەتەوەی کورد و پێگەی هونەر و ئەدەبیات لە لای ئەم گەلە.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم دەسکەوتە بە هەموو گەلی کورد و خەڵکی شارەکانی سنە و سلێمانی و بە تایبەتی هونەرمەندان و ئەدیبانی ئەو شارانە دەڵێین و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتن و دەسکەوتی زیاتریان بۆ دەخوازین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١١ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١ی نوامبری ٢٠١٩ی زایینی**

## کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات



ڕۆژی پێنجشەممە ٩ی خەزەڵوەر شەش ڕێکخراوی تایبەت بە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قەڵای دێموکرات کۆبوونەوە.

لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا ڕێکخراوەکانی بەشدار بەمەبەستی ناساندنی تێکۆشانی ڕێکخراوەییان و چالاکییەکانیان هەر کام ڕاپۆرتێکیان پێشکەش کرد و لە بڕگەی دووهەمی کاری کۆبونەوەکە هەر کام لە ڕێکخراوەکان ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر باردۆخی کوردستان، کورد و ئێران لە هاوکێشەکاندا و؛ هەروەها دۆخی ناوچە و جیهان هێنایە گۆڕێ و شێوەکانی خەبات و مێتۆدەکانی شوناسخوازی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و گەشەی وشیاریی نەتەوەیی لەنێو لاوانی کورد گەنگەشە کران.

باس لە دۆخی ئابووریی ئێران و باڵکشانی ئەو دۆخە بەسەر ژیان و داهاتووی لاوان و خوێندکارانی کورد و، بێکاریی لاوان و سیاسەتی بەسیستماتیک گیرۆدە کردنی لاوان بە مادەی هۆشبەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەوەرەکانی دیکەی ئەم دانیشتنە بوون. بڕگەی کۆتایی دانیشتنەکەش تەرخان کرابوو بە شێوەی بەردەوامیی کاری هاوبەش لەنێو ڕێکخراوەکاندا کە بڕیار درا لیژنەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵات کارا بکرێتەوە بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ بەستنی دووهەمین کۆنفرانسی لاوانی ڕۆژهەڵات.

ئەو ڕێکخراوانەی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون بریتی بوون لە:

ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەو، ڕێکخراوی کۆمەڵەی لاوانی ڕۆژهەڵات، ڕێکخراوی لاوانی ئازادی کوردستان، ڕێکخراوی لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# سزای ئابووری و ملدان بۆ ڕێسا نێودەوڵەتییەکان



ئارەزوو نستانی



کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک سیستەمێکی سیاسیی ناتەبا لەگەڵ پرەنسیپە دێموکراتیکەکان لە ئاست شارۆمەندان لە لایەک و هەروەها دژبەری تەناهی و ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لە لایەکی دیکە، لەمێژ ساڵە تووشی قەیرانی ڕەوایی بۆتەوە. ئەو قەیرانە لە ئاستی نێوخۆدا بەرەوڕووی ڕەخنە و توانجی جۆراوجۆر هەم لە لایەن گەلانی بندەست و هەم تەنانەت لە لایەن جیابیرانی نەتەوەی سەردەست بۆتەوە. ئەوەی لەو وتارەدا دەخرێتە بەرباس لایەنی دەرەکیی ئەو قەیرانەیە، بەو مانایەی ڕوانینی ڕۆژئاوا بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە سەر سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییە؛ بێئەوەی گرینگی بە پێوەندییەکانی دەسەڵات بە هاووڵاتیان بدرێ. بە واتایەکی دی ونبوونی گوتاری مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان هۆکاری سەرەکیی بەردەوام بوونی ڕێژیمە دیکتاتۆڕەکانە لە پێشێلکارییە نێودەوڵەتییەکان. هەروەک دواتر و لە درێژەی وتارەکەدا باس دەکرێ ئاستەنگی سەرەکیی ئەو شێوە ڕوانینەش گوێنەدانی ڕۆژئاوایە بە خواستی هاووڵاتیان لە نێوخۆی ئێراندا.

بۆ هەموو لایەک ئاشکرایە کە ئەوەی زیاتر ئامریکا و ڕۆژئاوا و هاوپەیمانەکانیانی نیگەران کردوە، بەرلە هەر شتێک بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانە کە نزیک بیست ساڵە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێراندا و دەکرێ بڵێین گرێکوێرەی سەرەکیی جووڵە دێمۆکراسیخواز و ئازادیخوازەکانی نێوخۆی ئێران بووە. ئەو وتارە هەوڵ دەدا وڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئاخۆ سیاسەتی ئێستای دەوڵەتی ئامریکا وەک کاریگەرترین لایەنی ململانێ لەگەڵ ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆماری ئیسلامی چییە و ئەو سیاسەتە تا چ ڕادەیەک توانیویەتی سەرکەوتوو بێ، یان لە داهاتوودا چەندە شانسی سەرکەوتنی هەیە؟

دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئامریکا ئامانجەکانی دەوڵەتەکەی لە پێوەندی لەگەڵ ئێران لە ڕێککەوتنێکی گشتگیری نوێدا (وەک ئالترناتیڤی بەرجام) کورت کردۆتەوە کە نێوەڕۆکەکەی گۆڕینی سیاسەتی ئێرانە لە سێ تەوەردا، کە بریتین لە: چارەسەرکردنی کەمایەسییەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی (بەرجام)، سنووردار کردنی بەرنامەی مووشەکی و گۆڕینی هەڵسوکەوتی ئێران کە هەڕەشەیە لەسەر تەناهی و سەقامگیری لە ناوچە و جیهاندا.

ستوونی سەرەکیی سیاسەتی دەوڵەتی ئامریکا بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە سەپاندنی سزای ئابوورییە بە سەر ئێراندا، کە بە باوەڕی ترامپ دەبێتە هۆی ڕاکێش کردنی ئێران بۆ سەر مێزی وتووێژ و پێمل کردنی بە ڕێسا نێودەوڵەتییەکان. ترامپ پێچەوانەی سەرۆکەکانی پێش خۆی کە زۆر جار بژاردەی سەربازییان وەک هەڕەشە وەبیر ئێران دەهێنایەوە، سەلماندوویەتی کە تەنیا بیر لە سزای ئابووری دەکاتەوە.

سزا ئابوورییەکان یەکێک لە شێوازە کاریگەرەکانی سزای نێودەوڵەتین کە سروشتی ناسەربازییان هەیە و بەکار دێن بۆ چارەسەری ململانێ نێودەوڵەتییەکان و پاراستنی ئاشتی و هێمنایەتیی جیهانی و کۆتایی هێنان بە پێشێلی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی. ئەو سزایانە پێگەیەکی گرینگیان هەیە لە سیستەمی سزای نێودەوڵەتیدا بەهۆی ئەوەی پێش بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەگرن و لە هەمان کاتدا زۆر جار بوونەتە هۆی وەدیهێنانی ئەنجامی ویستراو. هەڵبەت سەرەڕای ئەو لایەنە ئەرێنیانەی ئاماژەیان پێکرا، سزای ئابووری لایەنی نەرێنیشی هەیە. وەک ئەوەی دەبێتە مایەی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها زیان بە وڵاتانی تریش دەگەیەنن بەهۆی پابەندبوونیان بە جێبەجێ کردنی سزاکان. ئەو دەرەنجامە نەرێنیانەی کە لە سزا ئابوورییەکان دەکەوێتەوە، وایکردوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەوێتە بەردەم دوو بژاردە:

_ گۆڕانکاری لە سیاسەتی پاراستنی ئاشتی و هێمنایەتی

_ گۆڕینی شێوازەکانی وەدیهێنانی ئەو ئامانجە

سزا لە سادەترین پێناسەدا بریتییە لە گرتنەبەری هەندێ ڕێوشوێن بە ئامانجی سنووردار کردنی هەڵسوکەوتی دەوڵەتێک یان ڕێژیمێکی سیاسی، کە لە لایەن دەوڵەتێک یان کۆمەڵە دەوڵەتێک یان شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەسەپێنرێ تا دەوڵەتی سزادراو واز لەو پێشێلکارییانە بێنێ کە بوونەتە هۆی لادان لە بنەما نێودەوڵەتییەکان. یەکێک لە گرینگترین سزاکانیش بریتییە لە سزای ئابووری، کە دوو شێواز لەخۆ دەگرێ:

_ سزای ئابووریی گشتگیر، کە بریتییە لە سنووردار کردنی پێوەندیی بازرگانی، دیپلۆماسی یان هەر پێوەندییەکی تر کە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بەو بەرپرسانەی کە کرداری قەدەغەکراویان ئەنجام داوە و هەروەها هاووڵاتیان. وەک ئەو سزا ئابوورییانەی ئامریکا لە نۆڤامبری ٢٠١٨دا سەپاندویە بەسەر کەرتی وزەی ئێراندا، هەروەها ئەو سزا گشتگیرەی شووڕای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی عێراق ڕەچاوی کرد لەدوای هێرشی ئەم وڵاتە بۆ سەر کوەیت.

_ سزای زیرەک، کە تەنیا بە سەر بەرپرسان و ئەو کەسانەی بڕیار دروست دەکەن و هەروەها هاوپەیمانەکانیاندا، دەسەپێنرێ و تەنیا کەرتی تایبەت دەگرێتەوە و کاریگەری لەسەر هاووڵاتیان سنووردار دەبێ. ئەو شێوازە لە جێبەجێ کردنی سزای ئابووری تا ڕادەیەکی زۆر نوێیە و، پاش ئەوە دەرکەوت کە سزای گشتگیری ئابووری بۆ سەر عێراق بووە هۆی برسی کردنی بەربڵاوی هاووڵاتیان کە ناتەبا بوو لەگەڵ پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و؛ هەر بەو هۆیەشەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی ڕەخنە بۆوە. هەروەها لە سزا زیرەکەکاندا دەتوانین ئاماژە بکەین بە بڕیاری وەزارەتی خەزێنەی ئامریکا لە ٢٠١٨دا کە سزای بەسەر وەزیری داد و ئەمنی نێوخۆی تورکیەدا سەپاند لە کەیسی دەسبەسەر کردنی قەشە برانسۆنی هاووڵاتیی ئامریکایی.

سزای زیرەک یان ئامانج دیاریکراو دەرەنجامی تێپەڕین لەو ئاستەنگانەیە کە ئاماژەمان پێکرد، واتە بەدوای دەرکەوتنی ئەو کەمایەسییانە هاتە گۆڕێ کە لە سزا ئابوورییە گشتگیرەکاندا بەدی کرا. لێرەدا نوخبەیەکی دیاریکراو بە ئامانج دەگیرێ کە بەشدارە لە دروست کردنی بڕیاردا و پێشێلکەری ڕێسا نێودەوڵەتییەکانە، نەک هاووڵاتیان. ئەو جۆرە سزایە گۆڕانکارییە لە ستراتیژیی سزا ئابوورییەکان سەرەڕای پاراستنی بنچینە یاساییەکەی، کە هەمان ملکەچ کردنی لایەنی سزادراوە بە ڕێسا نێودەوڵەتییەکان. بە دەربڕینێکی تر سزای زیرەک سروشتێکی ئامانجدارتری هەیە لە سزای ئابووریی گشتگیر و بە سەر ئەو کەس و لایەنانەدا دەسەپێنرێ کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارن لە پێشێلکارییەکان. هەروەها سزای زیرەک سروشتێکی جیاکارییانەی هەیە و بڕیاردەر و بڕیار لەسەردراو لێک جیا دەکاتەوە و بەو شێوەیە تەبایە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤدا.

سزای زیرەک شێوازی جۆراوجۆری وەک ڕێگری لە سەفەری لایەن و کەسانی دیاریکراو، ڕێگری لە کڕینی چەک، ڕێگری لە بازرگانیدا و هەروەها سزای دارایی لەخۆ دەگرێ، لە کاتێکدا سزای ئابووریی گشتگیر بریتییە لە پەراوێز خستن، گۆشەگیر کردن و ئابلۆقەی ئابووری. سزای ئابووریی گشتگیر کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئابووریی دەوڵەتی بەئامانج گیراو، بە پێچەوانەی سزای زیرەک کە هەم کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە وەک ڕێگری بازرگانی و سزای دارایی، هەم بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کار لە سەر ئەو وڵاتە دەکا وەک ڕێگری لە کڕینی چەک و ڕێگری لە سەفەری کەسانی بەئامانج گیراو.

بە دوای هاتنەدەرێی تاکلایەنەی ئامریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام، کۆماری ئیسلامی بەرەوڕووی سزای جۆراوجۆری ئابووری لە هەر دوو جۆری گشتگیر و زیرەک بۆوە. سەرەڕای ئەوەی سزاکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران قورسن و بواری جۆراوجۆری وەک کەرتی وزە و بانک و ... لەخۆ دەگرێ، بەڵام بە تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵ و نیوێک (دوای دەرچوونی ئەمریکا لە بەرجام) بە سەریاندا تا ئێستا ئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە. واتە ئەو ئامانجانەی کە ئامریکا لە پێناویاندا سزای بەسەر ئێراندا سەپاندوە وەک پێمل کردنی ئێران بە ڕێککەوتنێکی نوێی ئەتۆمی، دەستێوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە، وازهێنان لە پشتیوانیی تیرۆریزم، ڕێگری لە پەرەدان بە پرۆژەی مووشەکی، نەهاتوونەتە دی.

لاوازیی ستراتیژی ئامریکا لەسەر فراوانخوازییەکانی ئێران هۆکاری جۆراوجۆری هەیە، لەوانە:

یەکەم، مانەوەی پێنج لایەنەکەی تر لە ڕێککەوتننامەی بەرجام سەرەڕای کشانەوەی ئامریکا بووە هۆی دروستبوونی کەلێن لە نێوان ئامریکا و زلهێزەکانی تر. بەو هۆیەوە فشاری ئامریکا بۆ سەر ئێران لە شێوەی سزای ئابووریدا، سزایەکی تاک لایەنەیە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تەواوی پێوەی پابەند نییە، سەرەڕای ئەو واقیعەی کە هێزی ئابووریی زەبەلاحی ئامریکا زۆر لایەنی ناچار بە پابەندبوون بەو سزایانە کردوە. لە هەمان کاتدا بوونی ئەو کەلێنە وایکردوە هێندێک لە وڵاتان هاوکاریی ئێران بکەن و بۆ وێنە ئورووپاییەکان هەوڵێکی زۆریان داوە میکانیزمی جێگرەوەی سوئیفت بۆ مامەڵە داراییەکانیان لەگەڵ ئێران دەستەبەر بکەن.

دووهەم، سزاکانی ئەمریکا لە سەر کەرتی وزەی ئێران لە ستراتیژیی ئامریکا بەرامبەر ئێراندا، گرینگیەکی زۆریان هەیە. لە بەر ئەوەی نەوت و بەرهەمە نەوتییەکان ٧٠ لە سەدی کۆی هەناردەی ئێران پێک دێنن. لە کاتێکدا ئەمریکا لە ڕێگری کردن لە هەناردەی نەوتی ئێراندا تووشی ئاستەنگ بۆتەوە وەک پێمل نەبوونی هێندێک لە وڵاتانی نەیاری ئەمریکا، فراوان بوونی سنووری ئاویی ئێران و گۆڕینی کەشتییە نەوتهەڵگرەکان لە ڕێڕەوەکاندا یان کەڵک وەرگرتن لە ئاڵای وڵاتانی تر لە سەر نەوت هەڵگرەکانی و سەرەنجام کاریگەریی ئێران لە سەر نرخی جیهانیی نەوت وایکردوە ئامریکا ئەرکێکی گەورەی بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لە نرخی نەوت بکەوێتە ئەستۆ.

سەرەڕای ئەوەی ئامریکاییەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سیاسەتەکانیان بەرامبەر ئێران توانیویەتی پاشەکشە بە زیدەڕۆییەکانی ئێران لە لوبنان و سووریە و وڵاتانی ناوچە بکا، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچە پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێ. هۆکاری سەرەکیی وەڵام نەدانەوەی سیاسەتی ئامریکا لە هەمبەر پێناسەکردنی سەرچاوەی کێشەکەیە. سیاسەتی زێدەخوازانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچە و هەوڵدان بۆ خۆ پڕچەک کردن و دەسڕاگەیشتن بە چەکە قەدەغەکراوەکان، دەرەنجامی دەسەڵاتداریتیی ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی نابەرپرسە. واتە سروشتی ئەو کێشەیە لە بنەڕەتدا جۆری سیستمی سیاسییە لە ئێراندا کە بۆتە مایەی هەڵسوکەوتی نابەرپرسانە لە دەرەوەی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەکی. ئەگەر بێتوو ئامانجی ئامریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بایەخدان بە چەکی ئەتۆمی بگۆڕدرێ بۆ بایەخدان بە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و دێمۆکراسی و مافەکانی مرۆڤ، ئەوا دەتوانرێ کاریگەریی بەرهەستی لێ بکەوێتەوە.

# دۆخی کرێکاران و ترسی دەسەڵات لە ڕابوونیان



هەردی سەلیمی




کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی کرێکارییە، بەو جۆرەی لە ئامارەکاندا هاتوە ژماری کرێکارانی ئەم وڵاتە دەگاتە نیزیک بە ١٤ میلیۆن کەس؛ ئەم ژمارەیەش تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کرێکاری ڕووتن واتە لە کارگە بەرهەمهێنەرەکان و لە بەشی بیناسازی و ... خەریک بەکارن. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی پێناسەی دیارترین کۆمەڵناسان، هەموو ئەو کەسانەی بۆ بژیوی ژیان ناچارن کار بکەن؛ بە کرێکار دەناسرێن.

کرێکاران لە ئێران سەرەڕای زۆربوونیان لە باری ڕێژەییەوە، کەمترین مافەکانی ژیانیشیان دابین ناکرێ، کە ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە. دیارترین و گرینگترین هۆکارەکەی نەبوونی سەندیکا و یەکیەتیی سەربەخۆی کرێکارییە لەم وڵاتەدا. ڕۆڵی سەرەکیی سەندیکا، یەکیەتییەکان، ئەنجومەن یان ڕێکخراوە و پێکهاتە کرێکارییەکان لە جیهاندا پاراستنی مافی کرێکارانە لە دەرەوەی بازنەی دەوڵەت و دەسەڵات؛ ئەرکی ئەم ڕێکخراوانە پاراستن و پشتیوانی لە بەرژەوەندیی کرێکاران و بەشداریکردنیان لە کۆنترۆڵی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتە، کە کۆماری ئیسلامی ڕێکخراوی لەم شێوەیە بە یەکێک لە گەورەترین مەترسییەکان بۆ سەر «ئەمنیەت»ی وڵات _لە ڕاستیدا دەسەڵاتی خۆی_ دەزانێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە و تەنانەت پێش لە سەرکوتی هێزە سیاسییەکان سەندیکا کرێکارییە خەڵکییەکانی تێکەوە پێچا و، هەر وەکوو لە زۆربەی بوارەکاندا کەسان و ڕێکخراوی سەربە دەسەڵات دادەنرێن؛ لەم بوارەشدا بە جێگیرکردنی «شوراهای اسلامی کار» بەتەواوی هەموو بزووتنەوە مافخوازییە کرێکارییەکانی پەرتەوازە کرد و خستیە ژێر چاودێریی بەشی حاکمیەت، هەتا ڕادەیەک کە دەتوانین بڵێین چالاکیی کرێکاریی تووشی نسکۆ و بێدەنگی کرد. یانی لە ڕاستیدا ئەرکی بنەڕەتیی ڕێکخراوی لەم چەشنە پاراستن و پارێزگاری لە دەسەڵاتە لە بەرامبەر خەڵکدا، ئەگەرچی بەڕواڵەت لە خزمەتی خەڵکدا و بۆ خەڵک دامەزرابێتن. لە باری یاساییشەوە کۆماری ئیسلامی هەتا بە ئێستاش ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی کەوا باس لە ئازادی و سەربەخۆیی سەندیکاکان دەکا، واژۆ نەکردوە.

هەرخۆی نەبوونی شوێنێک کە بکرێ لەوێ مافی کرێکاران دەستەبەر بکرێ و لە ڕاستیدا بەمەبەستی پشتیوانی لەم چینە زەحمەتکێشە بنیاد نرابێ، کێشەی خولقاندوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە بەرامبەردا و بەپێچەوانەوە ڕێکخراوێکی دەوڵەتیی وەک «شورای اسلامی کار» پارێزەری «مافی»! خاوەن کار و سەرمایەیە لە بەرامبەر و بەدژی کرێکاران؛ یەکیەتیی دەوڵەت و خاوەن سەرمایەکان و زۆر جاران معامەلە کردنیان پێکەوە دژبە کرێکاران، سەرهەڵدانی دیاردەی وەک کەرتی «تایلەتی» (تایبەت و دەوڵەتی) لێ کەوتووەتەوە.

بەهۆی بێکاریی لەڕادە بەدەر و هەژاریی پەرەگرتوو لە وڵات، هانا بردنە بەر هەر چەشنە کارێک لەلایەن خەڵکەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە، کەمیی کار و زۆریی هێزی مرۆیی دەستی خاوەنکارانی ئاوەڵا کردوە لە هەمبەر هەرچەشنە چەوساندنەوەیەک. نەبوونی بیمە، نەبوونی ڕێککەوتنێک لەنێوان هێزی کار و خاوەنکار _بەجۆرێک کە زۆربەی کاتەکان هەر بە شێوەی زارەکی، کەسێک لە شوێنێک دادەمەزرێ و پاش ماوەیەک هەر بەو شێوەیە لەسەر کار لادەبردرێ_، دۆخی دژواری ژیان لەم وڵاتە بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەی کرێکارانی ژن و منداڵیش بە شێوەیەکی بەرچاو و کارکئاسا ڕوو لە زیاد بوون بێ، هێزی مرۆیی و کرێکاری هەرزان خاوەنکارانی بێمنەت کردوە.

لە ئاکامی دوایین دانیشتنی «شورای عالی کار» لە بەهاری ساڵی ٩٨ی هەتاوی لانیکەمی مووچەی کرێکاران ١٥٠٠ هەزار تمەن دیاری کرا، ئەمە لە حاڵێکدایە هێڵی هەژاریی ڕەها ٣ میلیۆن و ٧٥٠ هەزار تمەنە کە نیشان دەدا مەودایەکی پتر لە ٢ میلیۆنی بۆ هەڵاتن لە هەژاری لەبەر دەم کرێکاراندایە.

لە کوردستان پرسی کرێکاری جیاوازترە لە بەشەکانی تری ئێران؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە هەرخۆی کوردستان ناوچەیەکی ئەمنیەتییە و جیاوازترە لە ناوچەکانی دیکەی ئەم وڵاتە. کرێکارانی کورد بێجگە لە ستەمی چینایەتی، ستەمی نەتەوایەتیشیان لەسەرە. کوردستان کە هەر لە سەردەمی پەهلەویشدا لە ڕیزی ناوچە پەراوێزخراو و گەشەنەکردووەکان دەهاتە ئەژمار، بە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و سەپاندنی شەڕ لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە بەسەر خەڵکدا هێندەی دیکە لەم بارەوە وەدوا کەوت. بەڵام هەر بەمەش کۆتایی پێ نەهات و ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتییەوە سەیری کوردستان دەکرێ و لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەردەوام ناوچەیەکی میلیتاریزە کراو بووە. هەر لەم سۆنگەیەوە هەنگاوێکی بنەڕەتی کە لە خزمەتی گەشەی ئەم ناوچەیەدا بێ هەڵنەهێندراوەتەوە.

بێکاری، نەبوونی کارگە بەرهەمهێنەکان، هەڵاواردن لە کاتی دامەزراندن و ... بووەتە هۆی ئەوەی خەڵکی کوردستان بە هەموو توێژێکیەوە ڕوو بکەنە کاری _ئەگەر بکرێ ناوی کاری لەسەر بنرێ_ ئەستەم و کەمداهات و بەدوور لە پرێستیژ و کەرامەتی مرۆیی؛ کار و پیشەی درۆیینی وەک دەسفرۆشی، زبڵگەڕان، کۆڵبەری و ... لە سۆنگەی بێکارییەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ. ئەمە بێجگە لە خەسارگەلی کۆمەڵایەتی وەک دزی، لەشفرۆشی، فرۆشتنی ئەندامانی لەش، تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان و زۆر شتی لەو چەشنەیە کە هەر هەموویان لێکەوتەی بێکارین.

سەرەڕای هەموو کێشە و ئارێشەکانی کرێکاران لە شوێنی کار و نەبوونی ئەمنیەتی پیشەیی و ترسی دەرکران لەسەر کار و نەدانی بەوەختی مووچە و یارمەتیی مانگانەیان؛ کۆمەڵێک ترس و مەترسیی دیکەش هەن کە بەربینگی بە کرێکارانی کوردستان گرتوە؛ گیانلەدەستدان بەهۆی ڕووداوی کار، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، دەسبەسەرکردنی بەردەوامی چالاکانی کرێکاری، بانگکردنی ئەم چالاکانە بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان بەتایبەتی مامۆستایانی ناڕازی و ... تەنیا چەند نموونە لەو مەترسییانەن.

ئامارێکی دروست و ڕێک لەسەر قوربانیانی کار لەبەر دەستدا نییە، زۆربەی کرێکاران بیمە نین و ناویان لە ئاماری ڕێکخراوی «تأمین اجتماعی»دا نییە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناوەندی مافی مرۆڤی کوردستان لە ڕاپۆرتی ٩ مانگی ڕابردووی ساڵی ٢٠١٩ی زایینیدا ناو و شوناسی ٣٩ کرێکاری کوردی تۆمار کردوە کە قوربانیی ڕووداوی کار و نەبوونی پێداویستیی گونجاو لە شوێنی کار بوون، جێگەی ئاماژەیە ئەم ٣٩ کەسە گیانی خۆیان لەدەست داوە و ئاماژەیەک بە بریندارەکان نەکراوە و هەروەها بێگومان قوربانیی زۆرتریش هەیە کە بە میدیایی نەبوون. بێجگە لەوە ئەم ئامارانە بریتی لەو کەسانە نین کە لە کاتی چوونە سەر کار و لە ڕووداوی هاتوچوودا تێدا دەچن یان بریندار دەبن. شایانی باسە بەداخەوە کرێکاران و هێزی کارێکی زۆریشمان هەیە بەهۆی بێکاری و بێدەرەتانی و هەژاری کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن.

بەوتەی چالاکانی کرێکاری لە نێوخۆی وڵات هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان لە ناوچە سنوورییەکانی ماکۆوە هەتا ئیلام، ڕۆژانە خەریک بە کاری تاقەتپڕووکێنی کۆڵبەرین. کۆڵبەرانی کورد لە کاتی کۆڵبەریدا بەرەوڕووی چەندین مەترسیی گەورە دەبنەوە کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە هەڵدێران، ڕەقهەڵاتن لە سەرما لە وەرزە ساردەکانی ساڵدا، تەقینەوەی مین، کەوتنە بەر دەسرێژی هێزە چەکدارەکان و ... بکەین.

بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەلایەن ناوەندی مافی مرۆڤی کوردستانەوە تۆمار کراوە لە ٩ مانگی ڕابردووی ئەمساڵی زایینیدا ١٨٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بوونەتە قوربانیی ئەو کێشە و ئارێشانەی کە باس کرا، لەم ١٨٠ کەسە ٥٩ کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکان گیانیان لەدەست داوە و ١٢١ کەسی دیکەشیان بریندار بوون.

ئەمانەی کە بە چاوپێداخشاندنێک باسیان لێ کرا نموونەگەلێکی بچووکن لەو بارستاییە لە کێشە و مەترسییانەی لەسەر ڕێگای کرێکارانی کوردستاندایە. بەڵام لە کۆتاییدا پێویستە باس لەوەش بکرێ هەر وەکوو چۆن لە دەیەی شەستی هەتاویدا و لەو کەشە ترسێنەر و بکوژ و ببڕەدا، بۆ یەکەم جار لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا و لە شارەکانی کوردستان بە تایبەت سەقز و سنە یادی ١ی مەی پیرۆز ڕاگیرا و ناڕەزایەتیی کرێکاری سەری هەڵداوە، ئێستاش و پاش ساڵانێک دواتر سفرەی بەتاڵی کرێکاران و کاسبکارانی شاری بانە بووە سەرمەشق و ئۆلگووی زۆربەی کرێکاران لە شارەکانی دیکەی ئێران، لە ئێستادا و لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا ئەوەی کە گرینگە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە ناڕەزایەتییە سێنفییەکان لە ئێران، بە باشترین شێوە و یەکگرتووانە بەڕێوە دەچێ؛ کە لەم شێوازە خەباتەشدا جێپەنجەی نەتەوەی کورد زۆر دیار و زەقە. ڕۆژێک مامۆستایان دەبنە پێشەنگ و ڕۆژێکی تر شۆفیر کامیۆنەکان، بنەمای ئابووریی وڵات وەلەرزە دێنن بە مانگرتنی خۆیان هەتا ئەو جێگایەی کە هەڕەشەی ئێعدام و کوشتنیان لێ دەکرێ، لەولاترەوە بەکۆمەڵ چالاکیی کرێکاری دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندان دەکرێن؛ هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەیە حیسابێکی جدی لەسەر ڕابوونی کرێکاران لەلایەن دەسەڵاتەوە کراوە.

لەمڕۆدا چینی کرێکار پەرەی ستاندوە و چیتر بەتەنیا وەرزێر و کرێکاری بیناسازی و ... بە کرێکار ناناسرێن بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەی وا بەدوای پاروو نانێکەوەن لەم دۆخە نالەبارە ئابوورییەدا، وەک کرێکار دەناسرێن و؛ ئەم چینەش نیشانی داوە کە دەتوانێ مەترسییەکی گەورە بێ بۆ دەسەڵات.

# تابلۆی ژیان بە وێنەکانی چیچەک و زارا



کەریم فەرخەپوور



قسەکردن لەسەر چەمکی ژیان و بایەخەکانی ژین و بەهاکانی مانەوە و هەرمان، وەک ئازادی و سەربەستی بابەتێکی تازە نییە؛ ئەو باسە هەم لە ڕوانگەی فەلسەفی و هەم لە گۆشەنیگای کۆمەڵناسی و دەروونناسیشەوە شەن و کەوی زۆر کراوە. ئەوەی لەو نووسینەدا مەبەستە، ژنی کورد و چەمکی ژیان بە سەربەستییە.

ژنانی کورد و پێشەنگەکانی ئەم کاروانە پتر لە هەر کاتێکی دی بەدوای گەڕان و دۆزینەوەی بەشە بزربووەکانی شوناسی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیانەوەن. ئەوان هەن و لە مەیداندان، بە هەڵگرتنی چەک و هاتنە ڕیزی تێکۆشانی سیاسی لە بەرگی پێشمەرگە و شەڕڤاندا، لە شێوەی چالاکیی مەدەنی لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی شوناسخوازیدا، لە خۆڕاگری و بەرخودانیان لە کونجی زینداندا؛ ئەو ئامادەیی و بەرحزوورییەش ئەوەندە تۆخ و بەرچاوە کە هیچ کەس و لایەنێک نەتوانێ نەیانبینێ یان پەراوێزیان بخا.

ئەگەر چاوێک بە مێژووی کورددا بخشێنین و گوێ لە سەربردە و داستانەکان بگرین، بۆمان دەردەکەوێ کە ژنی کورد وێڕای ئەوەی کە لە چەند بار و بواردا چەوساوەتەوە و دەچەوسێتەوە، بەڵام لە خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی شانبەشانی پیاوان لە سەنگەر و لە مەیداندا بووە و بە تایبەتی لەم سەردەمەی میدیا و ماستمیدیادا ڕەنگێکی دیکەی بە خەباتی کورد داوە.

لەم دوڕگە چەقبەستووە دواکەوتووە پیاوسالارانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کە ژن بە ناوی دین و داب و نەریتەوە بە پەچە و ڕووبەندەوە ڕۆژی کردۆتە شەو، زۆر جاران ژنی کورد بۆتە پێشەنگ و سەرکردە و سەرکردایەتیی لەشکری پیاوانی کردوە و لە زۆنی میرنشینەکاندا و پێشتریش جێگەی باوک و برای گرتۆتەوە و بۆتە پێشەنگی کاروان و بەرەنگاری سپای دوژمن بۆتەوە.

ژنی کورد بەهۆی ستەمێک کە لە گەلەکەی کراوە، کەمتر پڕژاوەتە سەر خەباتی ژنان و زیاتر لە پەنا باوک و براکانی لە سەنگەری بەرگریدا بووە. لە کاتێکدا کە کوردستان کەوتۆتە بەر هێرشی دوژمن و لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە ماڵ و شار و گوند و چیای سووتێنراوە، ژنی کورد زۆر جاران لە فریای گریانیش نەکەوتوە و بێشکە لە کۆڵ زۆرتر لەفکری ڕزگاریی خاک و نەتەوەکەیدا بووە و ویستوویەتی پشت و پەنای پیاوان بێ بۆ ئەوەی خاک داگیر نەکرێ و شوناس و پێناسەی کورد و کوردبوون نەسڕدرێتەوە و دەستاڕی مێژوو نەیهاڕێ و لەو ڕێگەیەشدا زۆر لە ژنانی کورد بوونەتە قوربانی و گیانی خۆیان فیدای خاک و خەڵک و نیشتمانەکەیان کردوە.

ژنی کورد تەنیا یەک ئەرکی لەسەر شان نەبووە، ژنی کورد کابانی ماڵ، دایک، خوشک، ژنی شەهید، ژنی پێشمەرگە، ژنی ئەنفالکراو، هاوسەر و لەگەڵ ئەوەی کە شانبەشانی پیاوان هەوڵی بژیوی ژیانی داوە، لە هەمان کاتدا بۆتە پێشەنگ و پێشمەرگە و «چیچەک» ئاسا لە سەنگەری بەرگریدا و «زارا» ئاسا لە سەنگەری پاراستنی زمان و کولتووری کوردیدا، لە پێناو پاراستنی خاک و زمان کەوتوونەتە کونجی زیندان و لەژێر ئەشکەنجەی جەللادەکانی بەندیخانەدا بە شەهامەتەوە خۆڕاگری دەنوێنن، بە ئازارەوە ڕۆژ تێپەڕ دەکەن و بە هیواوە ڕۆژ دەکەنەوە. ئەوان لەپێناو بەرگری لە پاراستنی سەنگەری خاک و زماندا بەندیخانەش دەکەنە قوتابخانەی خۆڕاگری و بە ئازایەتیی ژنانەیان غرووری پیاوی جەللادی دژە کوردو دژە ئازادی تێکدەشکێنن و لەوێش وەرزێکی دیکەی خەبات دەست پێدەکەنەوە.

ژنی کورد لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی، هەزار و یەک دەرگای لێداخراوە، بەڵام لە پشت دەرگای داخراوی بەندیخانەشەوە وانەی خۆڕاگری و فیداکاری فێری کچان و ژنانی کورد دەکا و دەبێتە مایەی شانازی بۆ پیاوی کورد و بە ئیفتخارەوە ناویان دێنن. لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی پیاوسالارانەدا دەژین، بەڵام ژنی کورد خۆی بەستەڵەک و بەربەستەکانی شکاندوە و شانبەشانی پیاوان سەری لەنێو سەراندا دیار بووە و ئێستاش لەهەموو کاتێک زیاتر چەک لەشان و قەڵەم بەدەست ڕۆڵ و نەخشی بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە دیارە. مەستوورەی ئەردەڵان و خانزادی سۆران و زۆر ژنی دیکەی کورد نموونەی ئەو ناو و ناوبانگە بوون و ئەمڕۆش «چیچەک»ەکان و «زارا»کان نموونەی ئەم بوێری و ئازایەتییەن.

لە کاتێکدا کە لەم ناوچەیە لە زۆر شوین ژن ئیزنی پێنادرێ لەگەڵ پیاوان لەسەر سفرەیەک دابنیشێ، بەڵام ژنی کورد شانبەشانی پیاوان لە مەیدانی جەنگ و بەرەنگاریدایە. لەکاتێکدا کە لە ئێرانی بندەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ژن حیسابی پلە دووی بۆ دەکرێ، ئەوە ژنی کورد لەنێو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئازایانە و بوێرانە لە مەیداندایە. لە کاتێکدا کە ژنی ناکوردی ئێرانی تازە خەریکی «آزادی یواشکی»یە و بە ترسەوە لە کۆڵانێکی تەنگەبەردا بەنازەوە لەچکەکەی لادەدا و وێنەیەکی سێلفی! دەگرێ، ئەوە ژنان و کچانی کورد لەسەر لووتکەی چیا بەرزەکانی نیشتمانی کوردەوە، لە ژێر بۆمب و ناپاڵمدا داوای ئازادی دەکەن و چەک لەشان بەگژ لەشکری دوژمندا دەچنەوە؛ لە باشوور و ڕۆژاوا بەرەنگاری یەکێک لە دڕندەترین گرووپە توندڕۆکان بەناوی «داعش» دەبنەوە و تێکی دەشکێنن؛ لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستاندا لەژێر نووکی سەرنێزە و قامچی جەللاددا نووکی خامە بەگژ یاسا نایاسایی و نامرۆڤایەتییەکاندا دەکەنەوە.

ئەوە کچان و ژنانی کوردن کە ناهێڵن لە ڕۆژاوا ڕۆژ ئاوابێ و لە ڕۆژهەڵات لەپێناو دەرکەوتنی گزینگی خۆردا دڕ بە شەوەزەنگی ستەم و بێدادی دەدەن.

ئەمڕۆ »چیچەک» و «زارا» دەبنە تابلۆی ژیان و وێنەکانیان دەکرێنە میداڵی شانازی و ئامانجەکانیان دەبنە فەلسەفەی ژیان و ڕێگەکەیان ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەمە. ئەمڕۆ ژنانی کورد دەبنە پێشەنگی ژنانی ئازادیخواز لە ناوچەیەکی دواکەوتوو لەم سەدەیەدا و سەدد و بەربەستەکان دەڕوخێنن لەڕێی ئازادی و ڕزگارییدا گیان دەبەخشن و خاکی پیرۆزی نیشتمان بەخوێن دەنەخشێنن.

## دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

# میلی زیندان و بیری ئازادی



کەماڵ شەریفی

«ماوەی هەشت ساڵە لە زینداندام، تەنیا یەک جار و ئەویش لە دۆخێکی تەواو ئەمنیەتیدا چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ دایکم و براکەم بووە. شەش مانگ لە سلوولەکانی ئیتلاعاتی شاری سنە، لەژێر هەموو شێوازێک لە ئەشکەنجەی جەستەیی و ڕووحیدا بووم، لەم شەش مانگەدا لێپرسینەوەکانم شەو و ڕۆژی بۆ نەبوو، شکانی ددان و پەراسوو و، ٦٥ شەو و ڕۆژی تەواو کەلەپچە لە دەست مانەوە؛ تەنیا بەشێک لە ئەشکەنجەکانم بوون.

پێوەبوونی دەسبەند و پێبەند تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا و ئێش و ئازاری بێکۆتایی لاق و چۆک هەتا نیزیک بوونەوە لە مەرگ، بەو مەبەستەی کە لەبەر کامێرادا دان بەو شتانەدا بنێم کە ئەوان لێیان دەویستم، هەڕەشەی ئێعدام، لەدوای شەش مانگی تەواو ئەشکەنجە و بەبێ ئەوەی دەموچاو و ڕوخساری هیچ بازجوویەک و تەنانەت زیندانییەکیش ببینم، نێردرامە دادگا و لە ئاکامی دادگاییەکی زارەکی و ٢٠ خولەکیدا و، بەبێ ئەوەی مافی قسەکردن لەگەڵ پارێزەرەکەم «سەعید شێخی»م هەبێ و هەروەها هەڕەشەی ئەشکەنجە و ناردنەوەم بۆ ئیتلاعات لە ئەگەری قسەکردنم لەگەڵ وەکیلی تری پەروەندەکەم «عەبدولفەتاح سوڵتانی»، حوکمی ٣٠ ساڵ زیندان و دوورخستنەوە بۆ یەکێک لە شارەکانی باشووری ئێران، بەبێ مافی تێکەڵبوون و چاوپێکەوتن و نامە و نامە ناردن بۆ هیچ کەسێکم بەسەردا سەپا.

لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا سەرەڕای ئەوەی ٥٦ ڕۆژ لە ژووری تاکەکەسیدا مانگرتنم لە خواردن کرد و تووشبوونم بە نەخۆشیگەلی سەخت و دژوار و لاوازیی جەستەیی و چاو و سەکتە لێدان و ماوەی چوار مانگ بێهەست بوونی لایەک لە لەشم؛ ئیزنی ئەوەم پێ نەدراوە کە بچمە دەرەوەی زیندان و لەوێ دەرمان بکرێم. لەو ماوەیەدا هەر بۆخۆم بە خواردنی حەبی وەک پرۆفێن، دیکلۆفناک و مێفنامیک ئەسید و کڕینی عەینەک لەلایەن بەندییە ئازادکراوەکانەوە؛ بەرەوڕووی نەخۆشییەکانم بوومەتەوە. هەشت ساڵ مانەوە لە زیندانێک کە زیاتر لە ٩٠٠ کەسی تێدایە و لە بەندێکی ١٨٠ کەسیدا و لە ژوورێکی ٥ لە ٦ کە ٣٠ کەس لەوێ پەستێوتراون؛ کە بەداخەوە بە تاوانی جۆراوجۆری وەک کوشتنی بە ئەنقەست، دزی، قاچاخیی مادەی سڕکەر و مرۆڤدزی و ... گیراون، دۆخەکە دژوارتر کردووە.

بەپێی یاسای زیندانەکان لە ئەگەری مەرگی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە، ئەو زیندانییە ئەگەر تەنانەت بەتاوانی کوشتنی بەئەنقەستیش گیرابێ و حوکمەکەی ئێعدامیش بێ دەتوانێ مەرەخەسی وەربگرێ و بەشداری لە ڕێوڕەسمەکەدا بکا. لەو کاتەیدا کە باوکم فەوتی کرد، داوای مەرەخەسیم کرد کە لە وڵامدا بەرەوڕووی سووکایەتی پێکردنی ڕەییسی زیندان بوومەوە.»

ئەمە بەشێک لە نامەی سەرئاوەڵای زیندانیی سیاسیی کورد «کەماڵ شەریفی»یە، کە باس لە دۆخی نالەباری خۆی لە گرتووخانەکانی ڕێژیم دەکا.

نامەکە تایبەت بە سێ ساڵ لەمەوبەرە بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێ، بچووکترین گۆڕانێک بەسەر دۆخی ئەودا نەهاتووە و نامەکە بۆ ئێستاش هەر نوێیە.

«کەماڵ شەریفی» ڕۆژنامەنووسی زیندانیی سیاسیی کورد، کوڕی «بایەزید» لەدایکبووی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی لە شاری سەقزە. باوکی ناوبراو کارمەندی ئیدارەی پەروەردە بوو لە شاری سەقز، کەماڵ شەریفی هەتا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم لە بەشی زانستە مرۆییەکان هەر لەو شارە درێژەی بە خوێندن دا.

«کەماڵ شەریفی» لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا لە ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت دەسبەسەر کرا و بە تۆمەتی «بڕینی سنوور» و «هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان» مەحکووم کرا و، ماوەیەک لە گرتووخانەی «ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سەقز» و زیندانەکانی سەردەشت و پیرانشار بوو. ئەو هەروەها لە ساڵەکانی ٦٨ و ٦٩، چەندین جار بەتۆمەتی «لایەنگری لە و چالاکی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان» لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی «سپای پاسداران» و «ئیدارەی ئیتلاعات»ی شاری سەقزەوە دەسبەسەر کراوە و، لە ئاکامدا لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٣٦٩دا، لەلایەن دادگای شۆڕشی سەقزەوە، حوکمی یەک ساڵ زیندان و ٤٠ قامچی بەسەردا سەپاوە.

ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە لە بەهاری ساڵی ١٣٧٠دا، هاوکات لەگەڵ ئازادبوونی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، بووە ئەندامی فەرمیی «حیزبی دێموکراتی کوردستان».

ئەم کەماڵ شەریفی زیندانییە لە سەرەتای ساڵی ١٣٨٠وە دەستی دایە کاری نووسین و وەرگێڕان و، بێجگە لە کار بۆ بڵاڤۆکە حیزبییەکان هاوکارییەکی بەرچاو و نیزیکیشی لەگەڵ هەندێک لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامە مەدەنییەکانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر هەبوو و؛ ماوەیەکیش لە «ڕادیۆ دەنگی کوردستان»دا لە ئەندامانی دەستەی نووسەران بوو.

کەماڵ شەریفی، لە ساڵی ١٣٨٧ بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەدیبان، نووسەران، مامۆستایانی ئایینی و کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەرییەکان ڕۆشتەوە سەردانی شاری خۆی، کە لە ٥ی جۆزەردانی ئەو ساڵەدا، لە ماڵی کتێبفرۆشێکی خەڵکی سەقز، لەدوای گەمارۆی ماڵەکە و دەسڕێژی هێزەکانی سپای پاسداران و شەهید بوونی هاوڕێکەی دەسبەسەر دەکرێ.

لەو کاتەدا کە لە ئیتلاعاتی سنە دەبێ لەگەڵ دوو زیندانیی سیاسیی تر بە ناوەکانی «شێرکۆ مەعارفی» و «ئێحسان فەتاحیان» لە یەک سلوولدا دەبێ. لەدوای ماوەیەک لەگەڵ شێرکۆ مەعارفی دەگوازرێنەوە بۆ سەقز کە لەوێ و لەلایەن «قازیی شایەق»ەوە حوکمی ئێعدام بەسەر شێرکۆ و حوکمی سی ساڵ زیندان و دوورخرانەوەش بەسەر کەماڵ شەریفیدا دەسەپێ.

ئێستا کە بۆ ماوەی نیزیک بە دوازدە ساڵە لە زیندانی شاری «میناب» و لە ناخۆشترین کەشدا بەسەر دەبا، هێشتا ئیزنی ئەوەیان پێ نەداوە کە لەگەڵ بنەماڵەکەی چاوپێکەوتنێکی هەبێ و تەنانەت هەتا بە ئێستا ١٦ جار ئەم داواکارییەیان ڕەت کردۆتەوە. بەپێی وتەی سەرچاوەیەکی نیزیک لە بنەماڵەی کەماڵ شەریفی؛ «ئەو لە کاتی لێپرسینەوەدا بەهۆی ئەشکەنجەی زۆر، تاندۆنی لاقەکانی تووشی کێشە بوون بە جۆرێک کە تەنیا دەتوانێ پیادەڕۆیی بکا و لە ڕاکردن و وەرزش خۆ دەبوێرێ؛ ئەمە لە کاتێکدایە کە بەهۆی ئەوەی کە لە دەرەوەی زیندان دەرمان ناکرێ ئەم کێشەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ.»

# لە «صدور انقلاب»ەوە تا «کردنە دەرەوەی ئێران» لە وڵاتانی ناوچە



سمایل شەڕەفی



دیمەنێک لە پەلاماری خۆپیشاندەران بۆ سەر کۆنسوولخانەی ئێران لە کەربەلا

هەرچەند ڕەوتی نوێی خۆپیشاندانەکان لە عێراق لە ڕواڵەتدا بێڕێبەر و بێپلانە، بەڵام ئەوەی ڕوونە نێوەرۆکی ئەم خۆپیشاندانانەیە کە هاوکات لەگەڵ ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بە دۆخی نالەباری ژیان و گوزەران و بێکاری و دژایەتیکردنی گەندەڵی، خەڵکی ئەم وڵاتە باس لە هێندێک بابەتی پێوەندیدار بە ڕۆڵی خراپی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتەکەیاندا دەکەن کە جێی تێڕامان و لێورد بوونەوەیە. خۆپیشاندەران لە شارەکانی نێوەڕاست و خوارووی عێراق بە – سوننی و شیعەوە – باس لە گەڕانەوەی سەروەری و سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەیان دەکەن و ڕاشکاوانە داوا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن کە لە وڵاتەکەیان بچێتە دەرەوە. ئەوان بە بەرزکردنەوەی دروشمی « ئێران بۆ دەرەوە»، لە بەغدا و کەربەلا وێنەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی خامنەیی و قاسم سولەیمانی، فەرماندەی گشتیی سپای قودسی سەربە سپای پاسدارانی ئەم ڕێژیمەیان خستە ژێر پێیان و دڕاندیان و ئاوریان تێبەردا. خەڵکی تووڕە و ناڕازیی عێراق کە بەسەدان کەسیان لەم خۆپیشاندانانەدا لێ کوژراوە و بەهەزاران کەسیشیان لێ بریندار کراوە، لەو باوەڕەدان کە ئەوانەی هێرشیان دەکەنە سەر، هێزی عێراقی نین و ئەو هێزە چەکدارانەن کە یان لە ئێرانەوە بۆ سەرکوتکردنیان نێردراون یان ئەو هێزانەن کە بە دەست و پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران ساز کراون. لەم پێوەندییەدا تا ئێستا چەند جارێک بەرپرسانی ئەمنیەتیی عێراقی ڕایانگەیاندووە کە کەسانی جۆراوجۆر هەن کە سەربە هێزە چەکدارەکانی وڵاتەکەیان نین و لەو لاوە تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن.

> „کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە قەییوم و نوێنەر و دەمڕاستی شیعەکانی دنیا دەزانێ و لەم پێوەندییەدا چوار دەیەیە لە سەروەت و سامان و ئێعتباری خەڵک و وڵاتی ئێران مایە دادەنێ و لەم پێناوەدا خەڵکی لە هەژاری و ڕۆژەڕەشی و وڵاتی لە پاشکەوتوویی و لە پەراوێزبووندا ڕاگرتووە، چیدیکە ناتوانێ خەڵکی ناوچەکە فریو بدا“

ئەم هەڵوێستەی خۆپیشاندەرانی عێراق بەرانبەر بە ئێران چ لە ڕووی جۆری دەربڕین و چ لە ڕووی پانتایی ناڕەزایەتییەکانەوە، لە نەوعی خۆیدا لانیکەم لە ماوەی ئەم نزیک بە ١٧ ساڵەدا – دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حسەین – بێوێنە و تازەیە. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بۆ ماوەی ٨ ساڵ لەگەڵ نیزامی سیاسیی پێشووی عێراق لە شەڕدا بووە، لەسەر بنەمای ستراتێژیی «ناردنەدەرەوەی شۆڕش» و «گەیشتن بە قودس لە ڕێگای کەربەلاوە»، دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسی سەدام حسەین و لە ڕێگای پشتیوانیکردن لە کۆمەڵێک لایەنی شیعە، عێراقی وەک حەوشە خەڵوەتی خۆی سەیر دەکرد. ئێران لە ڕێگای سپای قودس و قاسم سولەیمانییەوە لەو ماوەیەدا لە ڕێگای پشتیوانی لە کۆمەڵێک لایەنی شیعەی نزیک لە خۆی لە عێراق و دروستکردنی کۆمەڵێک هێزی چەکداری وەک حەشدی شەعبی کە ڕاستەوخۆ لەژێر ڕێنمایی و چاودێریی فەرماندەرانی قودسدایە، هەوڵی ئەوە بووە ئەم وڵاتە بکاتە پێگەیەکی قاییم و هەمیشەیی خۆی بۆ گەیشتن بەو خەونە لەمێژینەی کە پێکهێنانی «هیلالی شیعە»یە. لەم پێناوەدا بەمیلیاردها دۆلار پووڵی لە سەروەت و سامانی خەڵک و وڵاتی هەزینە کرد و بەئاشکرا دەستێوەردانی لە پرۆسێسی سیاسیی ئەم وڵاتەدا کرد. بەڵام وەک باس کرا زۆری نەخایاند کە خەڵکی عێراق، بە تایبەت پێکهاتەی شیعە مەزهەبی ئەم وڵاتە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیان وابوو دەتوانن دەستەمۆیان بکەن و ئیرادەی نەتەوەیی و نیشتمانییان تێک بڕووخێنن و بە گەورەکردنەوەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی وەک سوننی و کورد، لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن، یەکگرتووانە و ئاشکرا، لە ئاستێکی جەماوەریدا «نا»یەکی گەورە و پڕمانایان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وت و لەبەغدا و کەربەلا هاواریان کرد: «ئێران بۆ دەرەوە».

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە سەرووی هەمووانەوە، عەلی خامنەیی، کە تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین بیریان لەوە نەدەکردەوە کە لانیکەم بەم زووانە لە عێراق تووشی ئەم دۆخە ببن و لێیان بڕاسێن، دەستبەجێ کەوتنە لۆمە و مەحکوومکردنی خۆپیشاندەران و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی عێراقیان بەستەوە بە «پیلانی سرویسە ئەمنیەتییەکانی وڵاتانی ئامریکا و زایۆنیزم»! دوای ئەوەی خامنەیی ڕایگەیاند کە سرویسە ئەمنیەتییەکانی چەند وڵاتێکی دوژمن کە مەبەستی لە ئامریکا و ئیسڕاییل بوو، لە پشت خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە هەن، چەند دەزگایەکی هەواڵگریی ناوچەکە باسیان لەوە کرد کە بە فەرمانی ناوبراو، شەوانە قاسمی سولەیمانی بە هێلیکۆپتێر سەفەری بەغدای کردوە و لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکانی عێراق لەسەر چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆپیشاندەران کۆ بۆتەوە و ڕایگەیاندووە کە: «ئێمە ئەزموونێکی سەرکەوتوومان لەوبارەوە هەیە»! هەر دوای ئەم سەفەر و کۆبوونەوانەی قاسم سولەیمانی، ڕەوتی هێرش بۆسەر خۆپیشاندەران و تەقەلێکردن و بێسەروشوێنکردنیان پەرەی ئەستاند. بۆیە خۆپیشاندەران هەم لە کەربەلا و هەم لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق، وێنەی قاسم سولەیمانیان لەگەڵ وێنەی خامنەیی پێکەوە خستە ژێر پێ و ئاوریان تێبەردان.

هەڵوێستی خەڵکی عێراق بەرامبەر بە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم وڵاتە، لەگەڵ ئەوەی وشیاری و نیشتیمانیبوونی خەڵکی عێراقی بە شیعە و سوننەوە دەرخست، ئەوەشی سەلماند کە لە کۆتاییدا ستراتێژیی «ناردنەدەرەوەی شۆڕش»ی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچەکەدا ڕووی لە شکستە. چونکی ئەم بیرۆکەیە هەر لە سەرەتاوە نەتەنیا بێبەری لە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بوو، بەڵکوو دژبە بەرژەوەندییەکانی خەڵک و وڵاتی ئێران بوو. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە لە ڕەوتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکاندا، خەڵکی ئێران بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی: «نە غەزە نە لوبنان، گیانم بە فیدای ئێران» «واز لە فەلەستین بێنە و ئاوڕ لە ئێمە بدەوە»، ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامییان خستە ژێر پرسیار و ڕەتیان کردەوە.

> „ئەوان باش دەزانن؛ ئەم ڕێژیمە کە خەڵک و وڵاتی خۆی تووشی دەیان قەیرانی جۆراوجۆری دەرەکی و نێوخۆیی کردۆتەوە و نەیتوانیوە سەرەتاییترین ئاستی ژیان بۆ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی دابین بکا، چۆن دەتوانێ «سەرفرازی و عیزەت» بۆ ئەوان بە دیاری بهێنێ“

ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە عێراق بەرامبەر بە ئێران دەستی پێکردوە و پێشتریش فەلەستینییەکان و دوای ئەویش خەڵکی سووریە دژبە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکانیان بەڕێوە برد، تا دێ زیاتر لە ناوچەکەدا پەرە دەستێنێ. کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە قەییوم و نوێنەر و دەمڕاستی شیعەکانی دنیا دەزانێ و لەم پێوەندییەدا چوار دەیەیە لە سەروەت و سامان و ئێعتباری خەڵک و وڵاتی ئێران مایە دادەنێ و لەم پێناوەدا خەڵکی لە هەژاری و ڕۆژەڕەشی و وڵاتی لە پاشکەوتوویی و لە پەراوێزبووندا ڕاگرتووە، چیدیکە ناتوانێ خەڵکی ناوچەکە فریو بدا. ئەوان باش دەزانن؛ ئەم ڕێژیمە کە خەڵک و وڵاتی خۆی تووشی دەیان قەیرانی جۆراوجۆری دەرەکی و نێوخۆیی کردۆتەوە و نەیتوانیوە سەرەتاییترین ئاستی ژیان بۆ خەڵکی وڵاتەکەی خۆی دابین بکا، چۆن دەتوانێ «سەرفرازی و عیزەت» بۆ ئەوان بە دیاری بهێنێ. ئەوان زۆر باش لەوە گەیشتوون کە بەهۆی ڕێژیمێکەوە کە لە ئاستی ناوچەکە و نێونەتەوەیدا، بە ڕێژیمێکی نەحەواوە و شەڕاژۆ و ماکەی تێرۆریزم ناسراوە، نەتەنیا تووشی ژیانێکی خۆش و وڵاتێکی ئاوەدان و پێشکەوتوو نابن، بەڵکوو تا هەتایە لە شەڕ و ماڵوێرانی و قەیرانی جۆراوجۆردا پەلەقاژێ دەکەن. بۆیە درەنگ یا زوو لوبنانییەکان و یەمەنییەکان و تەواوی خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە بەهۆی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وڵاتەکەیان تووشی شەڕ، نائەمنی و ماڵوێرانی بووە، وەک ئێستای خەڵکی عێراق دروشمی «ئێران بۆ دەرەوە» بەرز دەکەنەوە.

***

# ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان، ژینۆسایدی کوردەکان



ڕەحمان سەلیمی





مێژوو پڕە لە کارەساتی گەورەی مرۆڤەکان دژی یەکتر. دابەشبوونی دانیشتووانی گۆی زەوی بەسەر ڕەگەز و نەتەوە و عێل و عەشیرەی جیاوازدا بە درێژایی مێژوو شەڕ و کوشتاری گەورەی لێ کەوتۆتەوە کە تیایاندا زۆر جار بە هەزاران کەس بوونەتە قوربانیی مەزنیخوازیی گرووپە مرۆییە جیاوازەکان. هەرچەند ژینۆساید یان کۆمەڵکوژیی ئامانجدار وەک دەستەواژەیەکی مافەکی لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا و لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بایەخی پێدرا و سەرەنجام لە چوارچێوەیەکی یاساییدا گونجێنرا، بەڵام لە کردەوەدا مێژوویەکی زۆر دوورتری هەیە. لێرەدا گرووپێکی مرۆیی بەهۆی ناسنامەی ڕەگەزی، ئایینی، ئایینزایی، ئیتنیکیی جیاوازەوە دەکەونە بەر هێرش و هەوڵی لەنێو چوونی گرووپێکی تر. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین یەک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی شەڕی جیهانیی دووەم سەرهەڵدانی مەزنیخوازییەکی زیاتر ئاڵمانییانە و لە پلەی دواتر ئیتالیایی و ژاپۆنی بوو، کە یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکانی مێژووی مرۆیی لێ کەوتەوە.

یەکێک لە کۆمەڵکوژییە گەورەکانی سەدەی بیستەم، کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان و ڕاگواستنی زۆرەملییان بە ئامانجی لەنێو بردنیان بوو کە لە لایەن عوسمانییەکانەوە کرا و تیایدا نزیکەی یەک میلیۆن و نیو ئەرمەنی قڕ کران.

بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان لە لایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی ئامریکاوە پاش نزیک سەد ساڵ لەو ڕووداوە، کۆمەڵێک ئاماژەی گرینگی تێدایە کە دەتوانێ بۆ گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان سەرنجڕاکێش و ڕێنوێن بێ، لەبەر ئەوەی کورد لە هەموو بەشەکان لە قۆناغی جیاوازدا ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی لە لایەن گەلانی دەوروبەری بۆتەوە. بەو هۆیەی ئامانج لە هەموو ئەو کۆمەڵکوژییانە لەنێو بردنی گەلی کورد و سڕینەوەی فیزیکی و ناسنامەیی بووە و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو و پلان بۆ داڕێژراو لە لایەن دامەزراوە فەرمییەکانی ئەو وڵاتانەوە کراوە، هەموو ئەو کۆمەڵکوژییانە بە ژینۆساید ئەژمار دەکرێن. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی بکەم ئەوەیە کۆمەڵکوژییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە تایبەت لە ساڵانی دوای شۆڕشی ٥٧ نموونەیەکی بەرهەستی ژینۆسایدن کە هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، خۆی لێ گێل کردوە و هەم گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان کەمتر هەوڵی بەڵگەمەند کردنی داوە کە بشێ لە داهاتوودا بۆ سەلماندنی مافەکانی کەلکی لێ وەربگرێ.

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئایا کوشتارەکانی سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەچنە خانەی ژینۆسایدەوە، تەنیا پێویستیمان بەوەیە پێوەرە حقووقییە نێودەوڵەتییەکان بەو کارەساتانە بگرین کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ڕوویان داوە. هەروەک ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و لە سەروو هەموویانەوە خومەینی لە وتارەکانیاندا فەرمان بە هێزە چەکدارەکانیان دەکەن بچنە کوردستان و کوردەکان (کە بە کافریان ناو دەبردن) لەنێو بەرن، بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لەسەر ڕوودانی کارەساتی ژینۆساید لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لە هەموو ئەو کارەساتانەی لەو ساڵانەدا لە کوردستان ڕوویان دا وەک کۆمەڵکوژیی قارنێ و قەڵاتان و ئیندرقاش و سەوزی و قەرەگۆل و ... هەروەها بۆردومانی خەڵکی مەدەنی لە سنە و مەهاباد و ... زۆر نموونەی تر ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ کە کرداری کوشتاری بەکۆمەڵی پلانمەند و ئامانجدار بۆ لەنێو بردنی گەلی کورد بەڕێوە چوون، کە یاسای نێودەوڵەتی ئەو تاوانانەی لە ڕیزی ژینۆساید داناوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان بکەمە بیانوویەک بۆ ئەوەی بزانین گەلی کورد لە داهاتوودا چۆن دەتوانێ وەک ئەرمەنییەکان کەیسی ژینۆسایدی خۆی بباتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و کەلکی لێ وەرگرێ. هەروەک چۆن جوولەکەکان بەدوای ڕووداوی هۆلۆکاست و بە ژینۆساید ناساندنی لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە توانیان سۆزێکی نێودەوڵەتی بەرەو پرسی دامەزرانی دەوڵەتی جوولەکە ڕابکێشن و وەک گەورەترین هۆکاری بەهێز بوونی خۆیان کەلکی لێ وەرگرن و تا ئێستاش بەرهەمەکانی هەڵگرنەوە.

لە دەرەنجامی بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدی هەر گرووپێکی ئینسانی، بەرپرسیارەتییەک بۆ ئەو لایەنە دروست دەبێ کە تاوانەکەی کردوە. ئەو بەرپرسیارەتییە بە دوو شێوە بۆ لایەنی تاوانبار دروست دەبێ. یەکەم ئەوەی کە تاکەکانی بکەر و بڕیاردەری تاوانەکە بەرەوڕووی بەرپرسیارەتیی تاوانی دەبنەوە و سزا دەدرێن وەک سزادراوانی دادگای نۆرێنبێرگ و تۆکیۆ بە مەبەستی سزادانی ئەو ئاڵمانی و ژاپۆنیانەی لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا تووشی تاوانی جەنگی ببوون و لایەنی دووهەم کە گرینگترە ئەوەیە کە لایەنی تاوانبار کە لە باسەکەی ئێمەدا کۆماری ئیسلامییە، ناچار بە قەرەبوو دەکرێتەوە، وەک ئەو قەرەبوویەی تا ئێستاش وڵاتی ئاڵمان دەیداتەوە بە ئیسڕاییل بەرامبەر بە هۆلۆکاست. هەروەها لایەنێکی گرینگی دیکەی ئەو بەرپرسیارەتییە دەکەوێتە سەرشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە پێویستە ڕێکاری پێویست بگرنە بەر بۆ پێشگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەو تاوانە. ترسی تورکەکان لە قەبووڵ کردنی بەفەرمی ناسینی ژینۆسایدی ئەرمەنییەکان، ڕادەی قورسایی ئەو بەرپرسیارەتییە یە کە دەکەوێتە سەر شانیان بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەرمەنییەکان.

بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئاست تاوانی ژینۆسایدی دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا نیشانەی بەرژەوەندتەوەر بوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە کە بەها گشتگیر و یاسا نێودەوڵەتییەکانی بەتەواوی پەڕاوێز خستوە. بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان دیاری دەکەن کە کام وڵاتی تاوانباری پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ چاوپۆشی لێ بکرێ یان فشاری بخرێتە سەر. سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تا ڕادەیەک ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتییەکان ناکەن، لە هەمان کاتدا نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ئەوە پرەنسیپە پەسندکراوە نێودەوڵەتییەکانن کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە سەقامگیرییەکی ڕێژەییان بە بەراورد بە سەردەمی شەڕە جیهانییەکان بەدی هێناوە، پەرەیان بە پرسی مافی مرۆڤ و مافی کەمینەکان داوە. هەر بۆیە گەلی کورد کە کەمتر دەکەوێتە خانەی بەرژەوەندیی زلهێزەکانەوە، پێویست و لە هەمان کاتدا ناچارە دەست بەو پرەنسیپانەوە بگرێ.

لە ئێران لە داهاتووی دوور یان نزیک هەر دەوڵەتێک لەسەر کار بێ، بەرامبەر ژینۆسایدی گەلی کورد بەرپرسیارە و ئەو بەرپرسیارەتییە دەتوانێ کاریگەریی گەورە لەسەر بووژانەوەی کوردستان لە بواری ئابووری و سیاسی دابنێ. لە ئەگەری گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەوڵەتان بەرامبەر ئێران لە ئاست پرسی کورددا، لاپەڕەی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەڵدەدرێتەوە. ئەگەر ئێمە بتوانین قەناعەتێکی گشتی لەو کۆمەڵکوژییانە سەرەتا لەنێو خۆماندا و دواتر ڕوو بە جیهان دروست بکەین و ئارشیوێکی دەوڵەمەند لە هەموو بەڵگەکان کۆ بکەینەوە، دەرفەتێکی باشمان ڕەخساندووە بۆ بردنە پێشی پرسی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. بۆ ئەو مەبەستە لێکۆڵەرانی کورد دەبێ هەوڵ بدەن لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر بە زمانە زیندووەکانی جیهان لەسەر ئەو تاوانانە ئەنجام بدەن و بڵاوی بکەنەوە. ژینۆساید لەو تاوانانەیە کە بەپێی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بە تێپەڕینی کات گۆڕان بەسەر بەرپرسیارەتیی بکەرانی نایە و لە لایەکی تریشەوە هەموو وڵاتانی جیهان ئەرکدارن کە بۆ پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی، هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ. گەلی کورد تەنیا کاتێک دەتوانێ دڵنیا بێ لەوەی کارەساتی ژینۆسایدی لەسەر دووبارە نەکرێتەوە کە ببێتە خاوەن کیانێکی خۆبەڕێوەبەریی دانپیانراوی نێودەوڵەتی.

***

## خاتوونێکی کرماشانی بوو بە باشترین ئەکتەری فیستیڤاڵی شانۆی سەرشەقام



نەستەرەن جەوادنیا، کچە کوردی خەڵکی کرماشان خەڵاتی باشترین ئەکتەری ژن لە فستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی شانۆی سەرشەقامی وەرگرت

نەستەرەن جەوادنیا کە لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی دەربەندیخان بەشداریی کردبوو، بەهۆی سەرکەوتن لە ڕۆڵگێڕانی لە شانۆی «دەکرێت گورگ نەبین» لە بەرهەمەکانی مورتەزا ئەسەدی، وەک باشترین ئەکتەری ژن خەڵاتی زێڕی ئەم فستیڤاڵەی بردەوە.

شانۆی «دەکرێ گورگ نەبین» لە نووسینی وەحید خەسرەوی و دەرهێنانی مورتەزا ئەسەدی، وەک نوێنەری شانۆی ئێرانییەکان لە شەشەمین فستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی دەربەندیخان بەشداربوو. ئەم فستیڤاڵە لە ڕۆژانی ٢٩ی ڕەزبەر هەتا ٣ی خەزەڵوەر بە بەشداریی هونەرمەندانی وڵاتانی ئیتالیا، ئیسپانیا، شیلی، توونێس، لوبنان، عێراق، ئێران و هەرێمی کوردستان بەڕێوە چوو.

نەستەرەن جەوادنیا ٢٢ ساڵی تەمەنە و خوێندکاری فیزیک لە زانکۆی سەنعەتیی کرماشانە و پێشتر لە چەند فستیڤاڵی دیکەدا بەشداریی کردوە.

# مێتۆدەکانی شەڕی نەرمی ڕێژیم لە فەزای مەجازیدا



ئەیوب شەهابیڕاد

بۆ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان زۆر ئاسانتر دەبوو ئەگەر هەموو جینایەت و سەرکوتکارییەکانیان لە کەشێکی بێدەنگ و دوورلە دەنگ و هاواری میدیاییدا دابا. پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی و بەرژەوەندییەکانی تاقمی دەسەڵاتدار، هەمووکات بەشێکی دانەبڕاو بوە لە سروشتی ڕێژیمە ستەمکارەکان. پێشتر بەهۆی نەبوونی میدیا و وشیاریی پێویستی کۆمەڵگەکان، خۆیان بەردەوام دەکردەوە و ئێستاش هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ هەلومەرج و ئیمکاناتی نوێ بگونجێنن. بەڵام ئەم خۆ گونجاندنەی ئێستایان کە بە سەردەمی شۆڕشی تێکنۆلۆژیی زانیاری و پێوەندییەکان ناوی دەرکردوە، دوو دیوی هەیە. دیوێکی تاریک و لە هەمان کاتدا ئاشکرا کە ڕۆژانە وێنا دزێوەکانی دەبینرێ و دیوەکەی تری کە شاراوەیە و پێی دەڵێن شەڕی نەرم و بەشێکی زۆری هێز و وزەی ئەمجۆرە شەڕە لەنێو فەزای مەجازیدایە.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی کە وزە و ئیمکاناتێکی زۆر بۆ چالاکیی جۆراوجۆری خۆی لەنێو دنیای مەجازیدا بەکار دێنێ، بەڵام هیچکات نەیشاردۆتەوە کە ترسێکی گەورەی لەم بوارە لە خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکانی ئێران هەیە.

بۆ سەلماندنی ترسی ڕێژیم لە فەزای مەجازی و لە هەمان کاتدا گرینگیی ئەم فەزایە، ئاماژە بە چەند لێدوان و پلانی خامنەیی لەم پێوەندییەدا دەکەین. ناوبراو بە ئاشکرا گوتوویەتی کە: «فەزای مەجازی بە ئەندازەی شۆڕشی ئیسلامی گرینگە». یان بڕیاردانی ڕاستەوخۆی ناوبراو بۆ پێکهێنانی «شۆڕای عالیی فەزای مەجازی» و پاشان دیاریکردنی ئەرکی ئەم شۆڕایە بۆ دروستکردنی «ناوەندی میللیی فەزای مەجازیی وڵات».

پێویستە بڵێین کە ئەم لێدوان و بڕیارانەی خامنەیی، دەسپێکی هەموو پلان و بەرنامەکانی دواتری ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە فەزای مەجازیدا بوون.

شەڕی نەرم و جۆرەکانی ئەم شەڕە، تەنیا تایبەت بە کۆماری ئیسلامی نییە و لانیکەم لە بواری ڕاگەیان و پرۆپاگانداوە، هەر خاوەندارێکی ئەم بوارە، بەشێوەیەکی هێزەکی لە جۆرێک شەڕی نەرمدایە. بەڵام بۆ ئەوەی باشتر و ڕوونتر مێتۆد و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی نەرم لە فەزای مەجازیدا بناسین، ئەم پرسە لە دوو ڕەهەندەوە شی دەکەینەوە.

یەکەم، ڕەهەندی سەختئامێری، واتە هەموو ئەو ئامێر و توانا تێکنۆلۆژیکانەی لەم بوارەدا بەکار دێن.

لێرە ئاماژە بە چەند نموونە لە چالاکییەکانی ڕێژیم لەم بوارەدا دەکەین:

دروست کردنی دەیان ناوەندی فەرمی و نافەرمیی پێوەندیدار بە فەزای مەجازی و ئەرتەشی سایبێری بە مەبەستی پێکهێنانی تۆڕێکی بەرینی سیخوڕی و درزکردنە نێو هەژماری هاووڵاتییان و بەتایبەت چالاکانی مەدەنی و شۆڕشگێڕان. دەرکردنی یاسای تایبەت بە فەزای مەجازی بە مەبەستی بە یاسایی کردنی گرتن و سەرکوتی چالاکانی ئەم بوارە. کۆنترۆڵی هەموو (ئای ئێس پییەکانی) خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت لە ئێراندا بە مەبەستی چاودێری و فیلتێرینگی سیستماتیک. دروستکردنی هەزاران ماڵپەر، هەژمار، کاناڵ و پێگەی زانیاریی ساختە بە مەبەستی لە داو خستنی خوێنەرانیان. کڕینی ئامێر، پرۆگرام و سیستەم گەلێکی پێشکەوتوو لە وڵاتانی دەرەوە بەتایبەت چین و ڕووسیە. دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر کەسی پسپۆڕ. کۆنترۆڵ و چاودێری کردنی هاوردەکردنی ئامێرە زیرەکان، بەتایبەت گووشییەکانی مۆبایل. دروستکردنی کۆمەڵێکی زۆر لە پرۆگرامەکانی تایبەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو خۆی وڵات.

ڕەهەندی دووهەمی شەڕی نەرمی ڕێژیم کە لایەنی نەرم ئامێرییە بە قۆرغکردنی هەموو ڕاگەیەندنەکانی وەک ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن دەستی پێکردوە. واتە پاشخانی شەڕی نەرمی ڕێژیم بۆ سەرەتاکانی داگیرکارییەکانیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیی ئێراندا دەگەڕێتەوە.

بۆ تێگەیشتنی وردتر لە ئامانجەکان و مێتۆدی کارکردی ڕێژیم لە شەڕی نەرمدا، پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەین:

یەکەم، تەواوی ئەم دامودەزگا بەرفراوانە ئەمنییەتییەی ڕێژیم بۆ شەڕی نەرم بەکاریان دێنێ، بەهۆی نەبوونی ئامار، ناتوانین تێچووەکەی بە وردی بخەمڵێنین، بەڵام بێگومان بارگرانییەکی زۆری خستۆتە سەر بوودجەی گشتیی وڵات. ئەم ئیمکاناتە زۆرە مادی و مرۆییەی کە ڕێژیم لەم پێناوەدا بەکاریان دێنێ، تەنیا لە خزمەت پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی و بەرژەوەندیی خۆیدایە.

دووهەم، ٤٠ ساڵە بە قۆرغ کردنی تەواوی دامودەزگا ڕاگەیەندنە کلاسیکەکانی وەک ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە بانگەشەی ڕەوایی دان بە خۆی دەکا. ئایدیا و ئادیۆلۆژییەکانی خۆی دەرخوادی کۆمەڵگە دەدا. بەڵام لەلایەکی ترەوە بەردەوام هاواری ئەوە دەکا کە خەڵک چاو و گوێیان هەر لەلای ڕاگەیەندنەکانی دەرەوەی وڵاتە. بەتایبەت پاش پەرەسەندنی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، خەڵکی ئێران بێ گوێدانە تۆڕی بەرفراوانی سیخوڕی و ئەمنیەتیی ڕێژیم، بەلێشاو بەشدارییان تێدا کرد و ئێستا یەکێک لە چالاکترین کۆمەڵگەکانن لە فەزای مەجازیدا.

فەزای مەجازی بە پێی تایبەتمەندی و ئیمکاناتێک کە هەیەتی، هەم سەرچاوەیەکی بێکۆتایە بۆ زانیاری و فێربوون و هەم مەیدانێکی بەرفراوانە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا، شکڵ گرتنی ڕای گشتی و ڕێکخراوبوونی زیاتری کۆمەڵگە. بەڵام ئەم مەیدانە بەرفراوانە بە هەمان ئەندازە کە ڕێژیم لاوازتر دەکا، هەوڵ و پەلەقاژەکانیشی بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەم فەزایە زیاتر دەکا.

ئەگەر لە ژیانی هەقیقیی کۆمەڵگەدا، ڕێژیم لە هەوڵی بەئەفیوون کردنی کۆمەڵگە دایە و، لە ڕێگەی سەرکوت، زیندان و ئێعدامی بەردەوامی مافخوازان، توانیویەتی تا ڕادەیەک شەقام کۆنترۆڵ بکا، بەڵام هەموو ئامانجەکانی لە بواری شەڕی نەرم لە فەزای مەجازیدا کە بریتین لە: بانگەشە بۆ ڕەوایی دان بە خۆی، بڵاوکردنەوەی ترس و خۆف لەم فەزایەدا، ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی ڕای گشتی و ڕێکخراوبوونی زیاتر کۆمەڵگە، بێ ئەنجام ماوەتەوە. چونکە بەشداریی بەردەوام و ڕوو لە گەشەی زیاتری خەڵک لەم فەزایەدا، ئەوەندەی هیوا بەخشە بۆ داهاتوو، بە هەمان ئەندازە لێدانی مۆرێکی ڕەش و بێ ئاکامە لە کۆی ئەم سیستمە و دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی.

# ماف و مرۆڤ لە ئاوێنەی بیرکردنەوەی کۆماری ئیسلامیدا



ڕەزا محەممەدئەمینی




لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەردا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ جارێکی دیکەش بە تاوانی لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لە ئێراندا مەحکووم کرایەوە.

جاوید ڕەحمان، ڕاپۆرتنێری شۆرای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلدا، بەوردی و بەپشتبەستن بە بەڵگە و ئاماری حاشاهەڵنەگر، پێشێلکارییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤدا ئاشکرا کردوە. لە بەشێک لەو ڕاپۆرتەدا جاوید ڕەحمان باس لە دۆخی نالەباری کەمایەتییە نەتەوەیی و دینییەکان، سەرکوتی کرێکارانی ناڕازی و ڕەخنەگران لە حیجابی زۆرەملی دەکا و هەروەها تیشک دەخاتە سەر ڕەوشی بەندکراوە سیاسی و مەدەنییەکان.

لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەر و دژیگەلییە هەموو ساڵێ و بەردەوام لەلایەن کۆمیسیۆن و شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی پارێزەری مافی مرۆڤ بە تاوانی پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ سەرکۆنە کراوە. ئەو ڕێژیمە تەنیا بۆ جارێک و ئەویش لەسەردەمی گالیندۆپۆل، وەک ڕاپۆرتنێری کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی نەبێ کە ناوبراو توانی سەردانی ئێران بکا و لە نیزیکەوە ڕەوشی مافی مرۆڤ لەم وڵاتە هەڵسەنگێنێ، ئیزن بە هیچکام لە ڕاپۆرتنێرەکانی ئەو ڕێکخراوە نەدراوە کە سەردانی ئێران بکەن و ئێران بەهیچ شێوەیەک لە بواری لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی مافی مرۆڤ هاوکاریی شۆڕای مافی مرۆڤی نەکردوە. هەربۆیەش ڕاپۆرتنێرەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی پارێزەری مافی مرۆڤ وەک لێبوردنی نێونەتەوەیی و هەواڵنێرانی بێسنوور، تەنیا دەستیان بەو هەواڵانە ڕادەگا کە ڕێژیم بڵاویان دەکاتەوە یان ئەو هەواڵانەی لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانەوە دەدرێنە دەرێ. ئەوەش دیارە ناتوانێ دەربڕی هەموو حاڵەتەکانی لەژێرپێنانی مافی مرۆڤ لەلایەن دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی بێ و لەو بوارەدا کەموکووڕیی بەرچاو بە ڕاپۆرتەکانەوە دیارە.

ئاخوندە دەسەڵاتدارەکانی ئێران بەپێچەوانەی زۆربەی دیکتاتۆر و دەسەڵاتە سەرەڕۆیەکان کە تێدەکۆشن کار و کردەوە قیزەونەکانیان پووشبەسەر بکەن یان هەرنەبێ بۆ نیشاندانی ڕواڵەتێکی سەردەمیانە یاساکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ لە یاسای بنەڕەتی وڵاتەکانیاندا دەگونجێنن، نەک تەنیا هیچ ترس و دوودڵییەکیان لە دەستبردن بۆ جینایەت و تاوان و سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو بە چەسپاندنی یاسا دواکەوتووەکانی چاخەڕەشەکان، پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ دەکەن و ئەم پێشێلکردنە بۆ هەموو جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک شۆڕ کراوەتەوە و بە سیستماتیک بووە. هەر لە یاسای هەڵبژاردنەکانەوە بگرە کە هەر بەناو هەڵبژاردنن، هەتا یاساکانی پێوەندیدار بە دەزگای داد و ڕێکخراوە سیاسی و سێنفییەکان، مافی کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینییەکان، ژنان و زۆر یاسا و ڕێسای دیکە بەپێچەوانەی یاساکانی باو لە جیهانە و لەگەڵ جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ ناتەبایە. لەڕاستیدا کارنامەی ڕەشی ئەو ڕێژیمە لەماوەی چوار دەیەی ڕابردوو نیشان دەدا ئاخوندەکان بۆ مانەوەیان لەدەسەڵاتدا لە هیچ کردەوەیەکی سەرکوتکەرانە، تەنانەت ئەگەر بەقیمەتی کوژران و برینداربوونی هەزاران کەسیش بێ، سڵ ناکەن و بگرە پاساوی دینی و یاساییشی بۆ دێننەوە. یاسایەک کە نەک هەڵقوڵاوی بیری مۆدێڕن لە جیهانی پێشکەوتووی ئێستادا، بەڵکوو لە خوێندنەوەیەکە کە ئاخوندەکان لە شەریعەتی ئیسلام، ئەویش ئیسلامی شیعەی دوازدەئیمامی دەیکەن کە بە تەواوی لەگەڵ سەردەمی ئێستا ناتەبایە.

کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی مرۆڤ ڕەشتر لەوەیە بمانەوێ باسی بکەین و ئاوڕێکی لێ بدەینەوە. سەرکوتی بێبەزەییانە و خوێناویی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی کە جینایەتەکانیان گەیشتە چڵەپۆپە و کۆمەڵکوژیی چەند هەزار بەندکراوی سیاسی لە دوای شەڕی ئێران و عێراق بوو؛ هێرشی دڕندانە بۆ کوردستان و کۆمەڵکوژیی خەڵکی گوند و شارەکان و لەسێدارەدانی سەدان کەس لە لاوانی کورد و کاولکردنی کوردستان کە هەرئێستاش ئاسەوارەکەی دەبیندرێن و بەردەوام بوون لە سیاسەتی هەڵاواردنی گەلی کورد و پێشێلکردنی مافە ڕەواکانی؛ سەرکوتی جووڵانەوەی خوێندکاران و هێرش بۆ زانکۆکان بەتایبەت لە ساڵی ٧٨ی هەتاوی، فێڵ و تەڵەکە لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ساڵی ٨٨ و سەرکوتی خوێناویی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و جینایەتەکانی بەندیخانەی «کەهریزەک»، سەرکوتی ڕاپەڕینی بەربەرینی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ساڵی ٩٦ی هەتاوی لە زیاتر لە ١٠٠ شاری گەورە و بچووکی ئێران و کوشتن و بریندار کردنی سەدان کەس و هەروەها لەژێر ئەشکەنجەدا، کوشتنی ٣٠ کەس لە بەندکراوەکانی ئەو ڕاپەڕینە کە ١٠ کەسیان لە شارەکانی کوردستان بوون و گرتنی هەزاران کەس کە ئێستاش سەدان کەسیان لە بەندیخانەدان؛ برەوپێدانی سیاسەتی داپڵۆسینی نارەزایەتیی کرێکاران، مایەپۆچکراوەکانی بنکە و بونیاتە داراییەکانی سەربە ڕێژیم و هەروەها زیندانیکردنی چالاکە مەدەنی و سیاسییەکانی دژی سیاسەتی هەڵاواردنی ژنان، هەر هەموویان بەشێک لە کاروکردەوە دژەئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان و مافیای سپای پاسداران لەو ماوەیەدا بوون.

لە کوردستانیش پێشێلکردنی مافی مرۆڤ زۆر زەقتر و خوێناویتر بووە و لە ماوەی تەمەنی نگریسی ئەو ڕێژیمەدا بە هەزاران هەزار حاڵەتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن سەرکوتکەرانی گەلەکەمان ڕووی داوە و ئێستاش لێی بەردەوامن. جگە لەو کوشتار و جینایەتانەی کە ڕێژیم لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا لەکوردستان کردوونی و دەکرێ بە دەیان نموونەی بێنینەبەرباس، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردووشدا پەلاماردانی خەڵکی ناڕازیی کوردستان و زیندان و ئەشکەنجە و سەپاندنی حوکمی زیندان و لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی ڕووی داوە و ڕێژیم بۆ داسەپاندنی دەسەڵاتە نگریسەکەی، لاوەکانی کوردستان دەکاتە سووتمانی سیاسەتە دژیگەلییەکانی خۆی. هەر ئێستا سەدان کەس لە چالاکە سیاسی و ژینگەپارێز و ئەندامانی ناوەندە ئەدەبییەکان لە زیندانەکان لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا دەسبەسەرن و پەڕاوی قەزاییان بۆ کراوەتەوە. هەر ئەوەیکە نیوەی زیندانیانی سیاسی لە ئێراندا لە نەتەوەی کوردن لەلایەک نیشاندەری دڵڕەقی و دژایەتیی کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ گەلی کورد و پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤە و؛ لەلایەکی دیکەش نیشان دەدا گەلی کورد سەرەڕای سیاسەتی سەرکوتی خوێناویی گەلەکەمان، نەیتوانیوە هەستی نەتەوایەتی و مافخوازی لەنێو کورددا لاواز بکا.

لە حاڵەتە زەق و بەرچاو و خوێناوییەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا جێی خۆیەتی ئاماژە بە کوشتاری بەردەوامی کۆڵبەران و کاسبکاران بکەین کە بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان ڕوویان لە ناوچە سنوورییەکان کردوە و ڕۆژانە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەوە تەقەیان لێدەکرێ و دەکوژرێن و بریندار دەکرێن. ئەوە لەحاڵێکدایە کە هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و ڕاپۆرتنێری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کوشتار و قەڵاچۆکردنی کوڵبەرانیان هەموو ساڵێ مەحکووم کردوە و داوای ڕاگرتنی ئەو جینایەتانەیان لە ڕێژیم کردوە. سپای پاسداران بەناوی بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی قاچاغ تەقە لە کۆڵبەرانێک دەکەن کە لەڕووی ناچاری و لەبەر نەبوونی هەلی کار لە ناوچەکانیان ڕوویان لەو پیشە پڕ کێشەیە کردوە. بەڵام کێیە نەزانێ کە سپای پاسداران وەک مافیای ئابووریی و نیزامی دەستی بەسەر نیوەی زیاتری ئابووری ئێراندا گرتوە و لە ڕێگەی جوراوجۆری وەک سنوورە ئاوی و ویشکانییەکان خەریکی هاوردە و هەناردەکردنی دەیان میلیارد دۆلار کەلوپەل ئەویش بە قاچاغ و نایاساییە. هەر ئەوەیکە مەحموود ئەحمەدینەژاد سەرۆککۆماری پێشووی ڕێژیم بە ڕاشکاوی باس لە «برایانی قاچاقچی» (برادران قاچاقچی) دەکا و دەڵێ سپای پاسداران دەستی لە قاچاغی میلیاردیدا هەیە نیشان دەدا دیاردەی قاچاغ لە کۆماری ئیسلامیدا لە ئاستی بەرز و لەلایەن مافیای سپای پاسداران وەک «دەوڵەتی سێبەر» دەکرێ و کوشتاری کۆڵبەر و کاسبکاران تەنیا دوژمنایەتیی ڕووت و هەڵڕشتنی ڕق و کینەی سەرکوتکەرانی نەتەوەکەمانە.

بێگومان هەتا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەرکار بێ دەسەڵاتداران و ناوەندەکانی سەرکوت و دەزگای بەناو دادی ڕێژیم مافی مرۆڤ بەشێوەی زۆر بێبەزەییانە پێشێل دەکەن و محکوومکرانی ئەو ڕێژیمە لەلایەن ڕاپۆرتنێری شۆڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەی یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەیدا کارێکی باش و بەجێیە، ناتوانێ بەر بە سیاسەت و کردەوەکانی ڕێژیم بگرێ و هەروەک ئاماژەی پێدرا، کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە هیچ جینایەتێک خۆناپارێزێ. ئەوەی دەتوانێ ئاستی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن دەسەڵاتەوە ئەگەر نە خاشەبڕ، بەڵکوو کەم بکاتەوە، لەلایەک بەردەوامیی بوێرانەی کەسایەتی و بژاردە سەربەخۆ و دیارەکانی کۆمەڵ و پارێزەرانی مافی مرۆڤ و بەگشتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە لە پەرەپێدانی نارەزایەتی لە دەسەڵات و سیاسەتەکانی و لەلایەکی دیکەش بەردەوامیی گوشاری بەکردەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی زلهێز و پێشکەوتووی جیهانە کە چیدی پێشێلکردنی مافی مرۆف لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە قبووڵ نەکەن و نەمانی ئەو دیاردە دزێوە بخەنە یەکێک لە مەرجەکانی ئاسایکردنەوەی پێوەندییەکان و لابردنی گەمارۆ ئابوورییەکان، هەروەک چۆن لابردنی گەمارۆکانیان بەستووەتەوە بە نەمانی چالاکییە ناوکی و مووشەکییەکان و دەستێوەردانی ڕێژیم لە وڵاتانی ناوچە و ئاژاوەگێڕییەکانی.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پرسەی مامۆستا حەمید دەروێشدا



ڕۆژی دووشەممە، ١٣ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان مامۆستا حەسەنزادە، تێکۆشەری لەمێژینە و سیمای ناسراوی دێموکرات، قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و سۆران نۆری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سلێمانی بەمەبەستی بەشداری لە پرسە و سەرەخۆشیی خەباتکاری دێرین و کەسایەتیی ناسراوی کورد مامۆستا حەمید دەروێش، سەرۆکی پارتی پێشڤەرۆی کورد لە سووریە، سەردانی بارەگای ئەو پارتەیان لە شاری سلێمانی کرد.

هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە لایەن هێژا عەلی شەمدین، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی پێشڤەرۆ و هەڤاڵانی پێشوازییان لێ کرا، لە نزیکەوە هاوخەمیی ڕێبەری و سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بەبۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا حەمید بە تێکۆشەرانی ئەو پارتە و گەلی کورد لە ڕۆژاوا ڕاگەیاند و ڕێز و ئەمەگناسیی خۆیان لە ئاست ڕابردووی پڕ لە تێکۆشان و بێ ماندووبوونی ئەو کەسایەتییە خەباتکارە و ئەم دۆستە دێرینەی حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە.

حەمید حاجی دەروێش یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکەمین پارتی کوردی لە وڵاتی سووریە، بەرەبەیانی ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

## ئاوابوونی خۆری تێرۆریستێکی نێودەوڵەتی



ئەبووبەکر بەغدادی، خەلیفەی «دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام» لە عەمەلیاتێکی هاوبەشی ئامریکی_ کوردی وێڕای چەند کەس لە ئەندامانی بنەماڵە و کەسانی نیزیکی لە سووریە کوژرا.

ئەبوبەکر بەغدادی لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینییەوە بەڕەسمی چۆتە نێو ڕیزی هێزە ئیسلامییە توندڕۆکانی جیهان و لەو کاتەوە تا کاتی کوژرانی دەستی بە خوێنی دەیان هەزار کەس لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج سوور بووە و ببوو بە یەکێک لە سەرکردە جیناتەکارەکانی جیهان و ناوی ئەو گرووپەی کە ناوبراو ڕێبەرایەتی دەکرد و بە "داعش" ناسراوە، یەکێک لە گرووپە قیزەون و ئینسانکوژەکانی ئەم سەردەمەیە کە لە مێژوودا کەم وێنەیە.

ئەبووبەکر بەغدادی و گرووپەکەی هاوکات دەستیان بە خوێنی هەزاران کورد لە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان سوورە. کۆبانێ و شەنگال نموونەیەکی بەرچاون لە خوێنڕشتن و وێرانی و ئاوارەیی کوردان بەدەست ئەو گرووپە جینایەتکارەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە کورد زیانێکی گەورەی لەسەر دەستی ئەو هێزە تێرۆریستییە بەرکەوت، لە هەمان کاتدا لە سەر دەستی ژنان و پیاوانی خەباتکاری کورد لە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان تێک شکا و کورد بوو بە قارەمانی تێکشکاندنی ئەو هێزە ئینسانکوژەی کە هەموو جیهانی بەخۆیەوە خەریک کردبوو.

ئەبووبەکر بەغدادی ناوی تەوای ئیبڕاهیم عەواد محەممەد ئیبراهیم عەلی محەممەد بەدرییە. لە ٢٨.٦.١٩٧١ی زایینی لە سامەڕا لە دایکبووە. ساڵی ٢٠٠٣ بۆ ٢٠٠٦ سەر بە سپای ئەهلی سوننە و جەماعە بووە. لە ٤.١١.٢٠١١ بەغدادی وەک تێرۆریستێکی جیهانی ناسێنرا. بەغدادی لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و بەرەی نوسرە و ئەهلی شام لە سووریە بەرەیەکی پێکهێنا و ڕێکخراوی "دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق و شام"ی ڕاگەیاند.

ڕۆژی ٢٧.١٠.٢٠١٩ هەواڵی کوژرانی بەغدادی لە باکووری ڕۆژاوای سووریە بەڕەسمی لە لایەن دۆناڵد ترامپ سەرۆککۆماری ئەمریکا ڕاگەیەندرا .

کوردستان
ژمارە: ٧٦١
١٥ی خەزەڵوەر ١٣٩٨ _ ٦ی نوامبر ٢٠١٩



# سەرهەڵدان دژی «سیستمی» ئێران لە عێراق و سووریە*

و: کەماڵ حەسەنپوور

هەنووکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شاهیدی یەکەم نموونەکانی سەرهەڵدانی جەماوەری لە وڵاتانێکە کە ئێران بە سەریاندا زاڵە. بە شێوەیەکی گەلێک نامۆ بۆ عێراق و لوبنان، ئەو ناڕەزایەتییانەی ئێستا لە ئاراداں جەخت لەسەر گەندەڵیی سیاسی و ئابووری، بەڕێوەبەریی خراپ و سنووردارنەبوونی دەستڕاگەیشتنی جەماوەر بە سەرچاوەکانی دەسەڵات دەکەن. لە هەردوو شوێن، سەرەڕای ئەو پێداگرییە، خۆپیشاندەران بەرەوڕووی زاڵبوونی سیستمێک لە وڵاتەکەیان بوونەوە کە لە دەرەوەڕا بەسەریاندا سەپاوە.

لە عێراق خۆپیشاندانەکان لە یەکی مانگی ئۆکتۆبر دەستی پێکرد. ئەو خۆپیشاندانانە لە بەغدا سەری هەڵدا و خێرا بۆ چەند شاری دیکە لە باشووری وڵات بڵاو بۆوە، لە نێویاندا پارێزگاکانی ناسریە، دیوانیە، بابل، واست، موسەننا و زیقار. هۆی سەرەکیی سەرهەڵدانەکان لابردنی ژێنێراڵی خۆشەویستی عادل عەبدولمەهدی، عەبدولوەهاب ئەلساعدی لە پۆستی جێگری فەرماندەی هێزی دژەتێرۆر بوو. بەڵام، وەلانانی ئەلساعدی نیشانەی مەسەلەیەکی قووڵتر بوو. ئەلساعدی کە بۆخۆی لە شیعەلانی بەغدایە بە هەڵوێستە ناتایفەیی و پرۆفێشنالیزمەکانی ناوبانگی دەرکردبوو. هێزی دژەتێرۆر، کە ئەو تێیدا خزمەتی دەکرد، هێزێک بوو کە ئەمریکاییەکان دروستیان کردبوو و ڕاهێنانیان پێ دەکردن. لابردنی ناوبراو لە پۆستەکەی بە شێوەیەکی بەربڵاو وا لێکدرایەوە کە کاری حەشدی شەعبی بێ، بۆ ئەوەی کە ڕکەبەرێک لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. کەوابوو، لە کاتێکدا کە ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەخێرایی بۆ پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان گۆڕا، بە تایبەتی دەستوێڕانەگەیشتنی لاوان بە خانووی هەرزان، لە سەرەتاوە پرسی دەسەڵاتی ناهەڵبژێراو و ناوڵامدەری ئێران لە دڵی دەوڵەتداریی عێراقدا هەبوو.

خۆپیشاندەر، مووسا ڕەحمەتوڵڵای بەغدادی، تەمەن ٢٨ ساڵ، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ناوەندی ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەو شێوە باسی ئەو پرۆسەیەی کرد: «گیروگرفتەکان کۆمەڵایەتی و ئابوورین، بەڵام ئێستا گەورەتر بوونەوە. ئێستا، داوای سەرەکی و ویستی خۆپیشاندەران ئەوەیە کە ئەوان دەیانهەوێ ڕێژیم بڕووخێ.»

هەڵبەت ئەوە، دروشمێکی کۆنە کە لە گۆڕەپانە گشتییەکانی وڵاتانی عەرەب لە کاتی ماوەی کورتی «بەهاری عەرەبی» لە بەهاری ٢٠١١_٢٠١٠دا دەنگی دەداوە. بەڵام لێرە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. لە توونسی بین عەلی، میسری موبارەک، سووریەی ئەسەد و هتد، ئەوە شتێکی ئاشکرا بوو کە ڕێژیم چییە. بەڵام لە عێراق، بەفەرمی سیستمی دێموکراسی لەسەر کارە، بە پارلمان و هەڵبژاردنی ئاساییەوە. کەوابوو ئەوە کام «ڕێژیمە» کە ڕەحموتەڵڵا و خۆپیشاندەرانی دیکە ئاماژەی پێ دەکەن؟

خۆپیشاندەرێک لە پۆستێکی فەیسبووکدا بەو شێوەیە شی کردۆتەوە: «لە کاتێکدا کە وڵات تاڵان دەکرێ، دێموکراسی بە تەنیا بەس نییە! بەشداری لە هەڵبژاردندا بەکەلکی چی دێ، لە کاتێکدا ببینی کە میلیشیاکان هەڕەشە لە براوەی هەڵبژاردن بکەن، هەڕەشەی هەڵایساندنی شەڕی نێوخۆیی و شتی دیکە بکەن و، پاشان ڕێگایان پێ بدرێ کە دەسەڵاتی زۆر زیاتریان بەسەر دەوڵەتەوە هەبێ؟!»

ئێران و هاوپەیمانەکانی وێدەچی گومانیان لەوەدا نەبێ کە ئەو «ڕێژیم»ەی کە باسی دەکرێ (لە زمانی عەرەبیدا وشەی «نیزام» مانای «سیستم»یش دەدا کە ڕەنگبێ لێرەدا شیاوتر بێ) ئەوەیە کە لەنێو دامەزراوە فەرمییە دێموکراسییەکاندا، تاران پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی خۆی دروست کردوە، کە هیچ ڕێگایەک بۆ سکاڵا کردن لە بڕیارەکانی ئەوان نییە.

ئەوەی کە ئێرانییەکان لەو بارەوە دڵنیان ڕەنگبێ نەکرێ لە لێدوانەکانیانڕا، بەڵکوو، لە ئاکارەکانیاندا ببینرێ.

لە سەرەتاوە، دەسەڵاتی سەربازیی میلیشیا شیعەکان، هاوتەریب و بە هاوکاریی هێزە ئەمنیەتییە فەرمییەکانی دەوڵەت بزوێنران، بەو مەبەستە کە بێبەزەییانە خۆپیشاندەران سەرکوت بکەن. بەگوێرەی هەواڵێکی ئەسۆشیتد پرێس، فەرماندەی سپای قودسی ئێران قاسم سولەیمانی لە ٢ی ئۆکتۆبر بۆ ڕێکخستنی ئۆپەراسیۆنەکە چوو بۆ عێراق.

ئاکامەکەی ئەوە بوو کە تەنیا لە ٤ حەوتووی خۆپیشاندانەکاندا، زیاتر لە ٢٥٠ خۆپیشاندەر کوژران. لە ١٧ی ئۆکتۆبر ڕۆیتەرز باسی وردەکارییەکانی ئەو پرۆسەیەی کرد کە لەوێدا باسی تاکتیرهاوێژی میلیشیاکانی سەربە ئێرانی کردبوو کە لە سەربانی شوێنی خۆپیشاندانەکانڕا فەرمانی تەقە بە مەبەستی کوشتنی خۆپیشاندەرەکانیان پێدرابوو. بە گوێرەی ڕۆیتەرز، ئۆپەراسیۆنەکە لەلایەن کەسێک بەناوی ئەبوو زەینەب ئەللامی، کاربەدەستێکی پلەبەرزی حەشدی شەعبی کە پێوەندیی زۆر نیزیکی لەگەڵ ئێران هەیە، بەڕێوە چووبوو. هێزە ئەمنییەکانی عێراق کە ڕۆیتەرز لە زمانی ئەوانەوە باسی شتەکەی کردووە، ئیدیعایان کردوە کە تاکتیرهاوێژەکان «لە جیات پێوەندیکردن بە فەرماندەکانی هێزە سەربازییەکانەوە ڕاستەوخۆ گوزارشیان داوەتە فەرماندەکەیان [وێدەچێ لامی یا سولەیمانی بێ].»

وردەکارییەکانی زنجیرەی فەرماندەیی و ڕێژەی هاوکاریی لەبنەوەی نێوان ئەو دوو لایەنە جێگای مشتومڕە. بەڵام دەوری هێزەکانی سەربە سپای پاسداران وەک بکەری سەرەکیی سەرکوتی خۆپیشاندەران، ئاشکرایە.

دۆخەکە هەر دێ و خراپتر دەبێ و کۆتاییەکەی ناڕوونە. ڕۆژی چوارشەممە، تەقەی ڕاستەوخۆ لە خۆپیشاندەرانی شاری ناسراوی شیعە، واتە کەربەلا، کرا. لە ئاکامدا ١٨ کەس کوژران. هێزە عێراقییەکان دەڵێن کە میلیشیاکانی عەسائیب ئەهلەلحەق و کەتائیبی حیزبوڵڵا لەو شارەدا چالاکن. مەزنترین خۆپیشاندانەکان لە مەیدانی تەحریری بەغدا بەڕێوە دەچن.

لە دۆخە جیاوازەکەی لوبناندا، دینامیزمێکی هاوشێوە بەڕێوەیە. ناڕەزایەتییەک کە لەسەرەتادا دژی باجی نوێ بۆ سەر تووتنەوات، سووتەمەنی و خزمەتگوزاریی تەلەفۆنی ئینتەرنێتی بوو، خێرا تەشەنەی کرد و بووە ئالنگارییەکی گشتی بۆ سەر سیستمی سیاسیی گەندەڵی وڵات.

هۆی ناڕەزایەتیی خۆپیشاندەران ئابووری و کۆمەڵایەتین. ئەوان ڕاستەوخۆ دژی حیزبوڵڵا و ئاغا ئێرانییەکانیان نین. خۆپیشاندەران دەیانهەوێ کە هاوپەیمانیی هەنووکەیی لە نێوان بەرژەوەندییە گەندەڵ و تایفەیەکان جێگای خۆی بدا بە دەوڵەتێک پێکهاتوو لە تەکنۆکراتان. هاندەری ئەوان دۆخی خراپی ئابووریی وڵات، بێکاریی بەربڵاو و قورستر بوونی قەرزەکانی وڵاتە.

بەڵام وەک ئاشکرا بووە، دۆخی هەنووکەیی پێوەندی بە ساختاری ئێرانییەوە هەیە، کە دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی لوبنانە. ئەو ڕووکەشێکی دڵخوازی بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەر دەکا تا حیزبوڵڵا بتوانێ لەژێر ئەو ڕووکەشەدا دەسەڵاتی قۆرخکراوی خۆی بپارێزێ. لە ئاکامدا، لە دوای ٢٠ی ئۆکتۆبر، کاتێک کە حەسەن نەسروڵڵا بۆ یەکەم جار دژی خۆپیشاندانەکان قسەی کرد و، بە هێزێکی زیاترەوە دوای ٢٥ی ئۆکتۆبر، لاتەکانی حیزبوڵڵا و ئەمەل دەستیان کردوە بە ئازار و ئەزیەتی خۆپیشاندەران تا ئاراستەکە بەرەو توندوتیژیی بەرن.




لە ئێستاوە، سەرۆک وەزیران سەعد حەریری دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کردوە. خۆپیشاندەران بەڵێنیان داوە کە لەسەر شەقامەکان بمێننەوە. ئەوان داوای دەوڵەتی «پسپۆڕان» و وەلانانی سیستمی سیاسیی تایفەگەرانەی لوبنان دەکەن، کە ڕێگا بە ئێلیتێک دەدا خۆ بسەپێنن، کە بە بۆچوونی خۆپیشاندەران ئەو ئێلیتە بەرپرسی دۆخی خراپی ئابووریی ئێستان. وەک بڕیاردەری ڕاستەقینە، ئێستا نۆرەی حیزبوڵڵایە کە دەوڵەتی نوێ پێک بێنێ.

خاڵی سەرەکی، لە هەردوو مەسەلەی عێراق و لوبنان، ئەوەیە کە هەر ناڕەزایەتییەک یا خۆپیشاندانی جەماوەری لە کۆتاییدا دەبێ پرسی دەسەڵات بگرێتەوە، واتە کێ بڕیاردەرە؟ و گەلۆ مافی سکاڵا کردن، هەیە؟ لە هەردوو دۆخی لوبنان و عێراقدا، کاتێک کە ڕازاندنەوەکان، شتە خەیاڵییەکان و شتە ڕووکەشییەکان وەلا نران، خۆپیشاندەران بەرەوڕووی پێکهاتەیەکی سیاسی_ سەربازیی هەڵنەبژێراو، چەکدار و گەلێک بێبەزەیی دەبنەوە کە بڕیاردەری کۆتایی و خاوەنی دەسەڵات لە وڵاتن. ئەو پێکهاتەیە، بە نۆرەی خۆی، لە ڕێگای مێکانیزمی سپای پاسدارانەوە، لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندایە.

ئێران، لە لێدوانەکانیدا، پێیخۆشە کاتێک کە باسی بەرەی خۆی دەکا بە «تەوەری بەرخۆدان» ناوی بێنێ. مەبەستیشی ئەوەیە کە ئەو، هێزە سەرکوتکراو و ڕاستەقینەکانی ناوچە لە دژی پیلانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسڕاییل و بەکرێگیراوەکانیان، کۆ دەکاتەوە. بە کردەوە، وەک ڕووداوەکانی هەنووکەیی عێراق و لوبنان ئاشکرای دەکەن، سیستمی ئێرانی وەبیرهێنەوەرەی سیستەمێکی کۆلۆنیالییە، کە لەسوێدا تواناییەکانی دانیشتووانی خۆجێیی بۆ بڕیاردان لەنێو دەچێ، و پێکهاتەیەکی ژێر کۆنترۆڵی ئێران خۆی دەسەپێنێ بەسەریاندا. پاشان ئەو دەسەڵاتە بە شێوەیەک بەڕێوە دەچێ کە لە بەرژەوەندیی تاراندابێ، بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە ئابووری و بەرژەوەندییەکانی دیکەی خەڵکی ژێر دەسەڵات.

ئێستا خەڵکی ژێر دەسەڵاتی عێراق و لوبنان دژی سیستم سەریان هەڵداوە. بەڵام، جارێ دیار نییە کە ئاخۆ ئەوان ئەو ئامرازە پێویستەیان هەبێ کە بتوانێ ببێتە ئالنگارییەکی جیدی.

* **ئورشەلیم پۆست_جاناتان سپایەر**

# میراتێک لە باوکەوە بۆ کوڕ

کانی. ع



کوژرانی پەیمان یووسفی، کۆڵبەرێکی خەڵکی سەردەشت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. پەیمان یووسفی، خەڵکی گوندی «دەرمان ئاوێ»ی شاری سەردەشت کە ڕۆژی هەینی، ١٠ی خەزەڵوەر لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری ورمێدا گیانی لەدەست دا، مانگێک پێشتر (١٢ی ڕەزبەر) بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەتوندی بریندار ببوو.

«عوسمان موزەیەن»، پارێزەری کوردی لە نووسینێکدا لەژێر ناوی «باوک و کوڕ کە گیانیان لەسەر کۆڵبەری دانا»، باسی لە مەینەتییەکانی ئەم بنەماڵەیە کردوە و دەڵێ: «ئەو کۆڵبەر بوو، چونکە هیچ ڕێگایەکی بۆ دابینکردنی بژیویی ژیانی شک نەدەبرد و ناچار وەکوو خەڵکی دیکەی ئەو ناوچەیە ڕێگای کۆڵبەریی لە پێش گرت و لەو ڕێگایەشەوە گیانی لەدەست دا.» ئەو لە درێژەدا نووسیویەتی: «با بۆ ٣٠ ساڵ پێش بگەڕێینەوە و بزانین باوکی «پەیمان» چ پیشەیەکی هەبووە و چۆن منداڵە ساواکانی بەبێ سەرپەرست و تەنیا بەجێ هێشت. باوکی «پەیمان» ناوی «یووسف» بوو کە لە ساڵی ٦٨ و لە هەمان ناوچە خەریکی کۆڵبەری بوو. لەگەڵ دوو براکەی بە ناوەکانی «ساڵح و محەممەد» و ١٨ کۆڵبەری دیکە، بەهۆی هاتنی ڕنوو گیانی لەدەست دا. هەر لەو ڕۆژەدا ٢١ کۆڵبەری خەڵکی دەرمانئاوێ، گیانیان لەدەست دا.»

ئەو پارێزەرە لە کۆتایی نووسینەکەیدا باس لەوە دەکا «کەسانێک کە ڕوو لە پیشەی کۆڵبەری دەکەن، چارەنووسێکیان بێجگە لە مردن نییە، مردن بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان، بەربوونەوە لە بەرزایی، تەقینەوەی مین و هەتا دوایی و، ئەگەر هیچکام لەو هۆکارانە هۆکاری گیانلەدەستدانی کۆڵبەران نەبن، بەدڵنیاییەوە، دوای چەند ساڵ کارکردن هێز و توانای کارکردنیان نامێنێ، یان کەمئەندام دەبن و لە سووچێکی ماڵ یان نەخۆشخانە ژیان تێدەپەڕێنن. بەڵێ، پەیمان کۆڵبەری لە باوکییەوە بە میرات بردبوو و، ئەمەیە چارەنووسی کۆڵبەران.»

ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن لە سێ مانگی بەهاردا ٥٦ و لە وەرزی هاوینیشدا ٦٦ کۆڵبەر و کاسبکار لە پێناو پاروە نانێکدا کوژرابوون و بریندار بوون. لە ماوەی یەک مانگ و نیوی پاییزیشدا ٤٥ کۆڵبەر و کاسبکار کەوتوونەتە بەر دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و بەوەش ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا کوژراون و بریندار بوون، گەیوەتە ١٦٧ کەس. هەروەها لە ماوەی ساڵی ڕابردوو (٩٧ی هەتاوی)دا لانیکەم ٢٤٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست داوە و بریندار بوون. وردەکارییەکان دەریدەخەن کە لەو ٢٤٢ قوربانییەی ئەمساڵ ٨٠ کەسیان کوژراون و گیانیان لە دەست داوە، هەروەها ١٦٢ کەسیش بریندار بوون.

ئەوەی لەو پێوەندییەدا جێی داخە خەمساردی و بێتەفاوەتیی کۆمەڵگەیە. محەممەد سدیق کەبوودوەند، چالاکی مەدەنیی کورد کە لەپێناو بەرگری لە مافی مرۆڤدا ١١ ساڵ خرایە بەندیخانەوە، لە پێوەندی لەگەڵ بەردەوامیی کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران بەداخبوونی قووڵی خۆی ڕاگەیاندوە. ئەو دەڵێ کوشتنی کەسانێک کە کەرامەت و شەڕافەتی خۆیان لە کۆڵ ناوە و بۆ بەدەست هێنانی لانیکەمی بژیوی ژیانیان دەکوژرێن، زۆر جێی داخ و کارەساتبارە، بەڵام لەوە ناخۆشتر بێدەنگی و خەمساردیی بەشێکی بەرچاو لە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤە بە نیسبەت کوژرانی کۆڵبەرانی کورد.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ کارەساتی کۆڵبەرکوشتن حوسێن ئەحمەدی نیاز لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ ڕایگەیاند؛ کە بێهەڵوێستیی پارێزەران و نوێنەرانی مەجلیس و نەبوونی یەکیەتی لە بەرگری لە کۆڵبەران هۆی سەرەکیی بەردەوامیی کۆڵبەرکوژییە لە کوردستان.

ئێستا قسە ئەوەیە: لە کاتێکدا ئێستاش بەشی کورد لە عەدالەت و ماف لە کۆماری ئیسلامی کوشتوبڕ و سەرکوت و یەک لەوان قڕکردنی کۆڵبەرانە، لە کاتێکدا پرسی بووژاندنەوەی ئابووریی کوردستان هەمیسان پشتگوێ خراوە و هەناسەی کۆڵبەران هەروا سوارە، با بە هاناوەچوونی کۆڵبەران خەمی گشتی و ئەرکی هەموو لایەک بێ.

وەدەنگهاتن لە تەقەکردن لە کۆڵبەران و کردنی بە پرسێکی گشتیی کۆمەڵگە دەتوانێ فشارێک بێ کە ڕێگە نەدا هێزە چەکدارەکان بێ سڵکردنەوە و تەنانەت گوێدان بە قانوونەکانی بەکارهێنانی چەک درێژە بە کوشتاری کۆڵبەران بدەن. هەرووەها داوای کردنەوە و پەرەپێدان بە دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکان و کارئاسانی بۆ هاتوچۆی کۆڵبەران دەتوانێ کەمێک لە قورسایی خەمەکانیان کەم کاتەوە.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

# ئەو ئاگرەی هێزی «ئاگری» لەسەر پشتی دوژمن کردیەوە

مێژووی حیزبی دێموکرات پڕاوپڕە لە فیداکاریی ڕۆڵەکانی و لەمبارەوە لە بست بە بستی خاکی پیرۆزی کوردستان پارێزگاریی کردوە و، بەهایان بۆ داوە؛ بەڵام ئێمە نابێ تەنیا چاو لە شانازییەکان بکەین چونکە ئەگەر هەر ئەوان ببینین و چاو بە خاڵە لاوازەکاندا نەخشێنین ئەگەری دووپات بوونەوەی هەڵەکان زۆر دەبێ. مێژووی حیزبی دێموکرات تەنیا سەرکەوتنەکان نییە بەڵکوو ئەوە نزیک بە سێ چارەگە سەدەیە، بە هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و پاشەکشە و هەستانەوە و گۆڕینی شێوەکانی خەبات و ... هەموو ئەوانە بە خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە پێکهێنەری ڕاستیی مێژووی حیزبن.

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی پێشینەی مێژوویی و تێگەیشتوویی سیاسی زۆر زووتر لەبەشەکانی دیکەی ئێران، ماهییەتی چەپەڵ ونێوەرۆکی فاشیستیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بناسن. هەربۆیەش لە سەرتاسەری کوردستان بە بانگەوازی حیزبەو بۆ پاراستنی خاکی نیشتمان هاتن و دەستە دەستە چەکی خۆڕاگرییان دەکردە شان و، لە هەموو شێوەیەکی خەبات بە تایبەتی خەباتی چەکداری لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە دڕندەیە وەستانەوە، هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی بەرپرسایەتیی دوو ئەرکی گرینگیان بکەوێتە سەرشان.

یەکەم، هەڵگرتنی چەکی دیفاع لە مافەکانی گەلی کورد و چوونە سەنگەری پێشەوەی خەبات. دووهەم: ئەو خەبات و گیانبازییە هەستی دلسۆزی و لایەنگریی هەموو ئازادیخوازانی بەشەکانی دیکەی ئێرانی بۆ لای گەلی کورد ڕاکێشابوو. لەلایەکی دیکەش خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە هەست کردن بە ئەرکە قورسە مێژووییەکەی خۆیان، بوونە قەڵایەک بۆ قارەمانانی دێموکرات کە لەپشت ئەو قەڵایە زەبری کاریگەریان لە دوژمن دەوەشاند. بۆیەش خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەیەی ٦٠ و٧٠ نەک یەکێک لە شانازییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵکوو وەک ئاماژەم پێدا لەلایەن هەموو گەلانی ئێرانەوە نیشانەی هیوا بوو. زەبرە کاریگەرە یەک لەدوای یەکەکانی پێشمەرگە دوژمنی سەرسام دەکرد.

هەگبەی شاخ و شۆڕش باس لە قارەمانەتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بەدژی داگیرکەرانی کوردستانەوە دەچوون، دەکا. ئەوەی لێرە باسی دەکەین تەنیا لاپەڕەیەکە لە لاپەڕە زێڕینەکانی هێزی «ئاگری»ی قارەمان کە بەدەیان و سەدان عەمەلیاتی سەربەرزانەی لە ناوچەی شومالی کوردستان بەدژی هێزەکانی کۆماری تێرۆریزمی ئیسلامی بەڕێوە بردوە.

باسکردن لە هێزی «ئاگری»ی قارەمان لەو چەند لاپەڕەیەدا ناکرێ، ئەوەی لێرە باس دەکرێ تەنیا گۆشەیەکی چووکە لە بەرخۆدان و فیداکاریی ڕۆڵەکانی ئەم هێزەیە. چونکی قارەمانانی هێزی ئاگری ڕۆژ نەبوو کە سەری دوژمن لە تاشەبەردەکانی ئەو مەڵبەندە نەدەن و هەر ڕۆژێ لە گۆشەیەکی ئەو دەڤەرە بە نانەوەی کەمین و بەرپەرچدانەوەی هێزی پەلاماردەر و بە هێرش کردنە سەر پایەگاکانی دوژمن و دەست بەسەردا گرتنیان، شانازی بۆ خۆیان و سەربەرزیی حیزب و گەلەکەیان بە دیاری دەهێنا.

لە تەواوی ڕۆژ و مانگەکانی ساڵ ئەو تێکۆشەرانە لەو ناوچەیە حزووریان بووە و تەنانەت زۆر جار بۆ مانەوە لەنێو خەڵکی خۆیان مایەی زۆریان داناوە. هەر کۆڕی ئەو تێکۆشەرانە کە تەژی لە پێشمەرگە قارەمان و فەرماندەی بەتوانا بوو بە گەڵاڵەی ڕێکوپێک دوژمنیان دەتەزاند.

ئەوەی باسی دەکەین ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٠ڕووی دا.

بەپێی هەموو ئوسوولێکی شەڕی پارتیزانی، هێزی پێشمەرگە کاروباری پێوەندیدار بە شناساییەوە بەوپەڕی سەرنجەوە لەژێر فەرمانی فەرماندەدا بەڕێوە برد و، دواتر نهێنییەکانی عەمەلیات، پاراستن و دابەشکردنی ئەرکی هەرکام لە دەستەکان بۆ شوێنی خۆی دیاری کرا و، بەپێی ئوسوولی شەڕ هەرکەس لە کاتی خۆی و لە وجێگەی خۆی ئامادە بوو. کاتژمێری ٤ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ، بە مەبەستی زەبرلێدان لە هێزی دوژمن لە نزیک ئاوایی «سوڵتانی» لە ناوچەی سۆما چوونە کەمینەوە و چاوەڕوانی هێزی دوژمن مانەوە، تەنیا نیو سەعات لە کەمیندا بوون کە گرووهێکی زەربەتی دوژمن کەوتە داو. ئەو هێزە هیچکات چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە لە شوێنێکی ئەوتۆ و لە کاتێکی ئاوادا، بکەوێتە بۆسەی هێزی دێموکراتەوە.

لەپڕ دەنگی تفەنگی تێکۆشەرانی دێموکرات لە ناوچەی سۆما دڵی هێزی دوژمنی داخورپاند. هێزی دوژمن هەر کە کەوتە بەر دەسرێژی هێزی پێشمەرگە وەک پیشەی هەمیشەیی خۆیان سەریان لێ شێوا و توانای دەسکردنەوەیان لێ بڕا. ئاگری چەکی قارەمانانی هێزی «ئاگری»ی دێموکرات ئەوەندە توند بوو کە لەماوەیەکی زۆر کەم گرووهی زەربەتی دوژمنی لێک هەڵتەکاند و دەرفەتی دەست کردنەوەیان پێ نەدان.

لەو کەمینەدا کە لاپەڕەیەکی پڕلە شانازیی دیکەیان بۆ هێزی «ئاگری» تۆمار کرد، نزیک بە ٤٠ کەس لە بەکرێگیراوانی سپای پاسدارانی ڕێژیم کوژران و چەند کەسیش بەدیل گیران، هەر لەو عەمەلیاتەدا دەسکەوتی پارتیزانانی دێموکرات لەو مەیدانەدا دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر و، بە هەزاران فیشەک بوو. گەڵاڵەی عەمەلیات بەجۆرێک دارێژرا کە دەستەیەکی دیکە بۆ ئەوەی پایەگای دوژمن لە ئاوایی سوڵتانی نەتوانێ بە یارمەتیی لەداو کەوتووەکانەوە بێ و، یان ناوچە تۆپباران بکا؛ دایانە بەر دەسرێژی ئاوری چەکەکانیان و بۆ ماوی پتر لە سەعاتێک ئەو مۆڵگەیان ئاگرباران کرد. ئەوەی گرینگە و جێگای ئاماژەیە کە لە ناوچەیەکی سەخت و میلیتاریزە توانیان زەبرێکی باش لە پەیکەری هێزی کۆماری ئیسلامی بدەن و قارەمانانی دوژمن‌شکێنی «ئاگری» لە کۆتاییدا بۆخۆیان هەموو سلامەت بوون، گرینگتر لەوانە ئەو ناوچەیە بە چەندین پایەگا و گرووهی زەربەتی هێزی داگیرکەر تەنرابوو، بەڵام کوڕانی دێموکرات توانیان ئەرکی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لەو دەڤەرە بەڕێوە بەرن و، هەموویان بە سروودی «وا هاتن پێشمەرگەی مە» تێکەڵ بە خۆشحاڵیی خەڵکی ناوچە، هاتنەوە بەرەو سەنگەرەکانی خۆیان.

## «نقاشی قهوه‌خانه»

# بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ



عومەر باڵەکی

کازم دارابی دوای ئەو هەموو هاتوهووتەی بۆ سەلماندنی بێتاوانیی خۆی لە کتێبی «نەقاشیی قاوەخانە»دا دەیکا، ئەمجار ڕووکاری بابەتە دەگۆڕێ و باس لەوە دەکا کە تەنانەت ئەگەر ئەو تێرۆرە پێوەندیشی بووبێ بە کەسانێک کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەرپرسایەتییان هەیە، کاری خودی نیزام و دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی نەبووە و لەوانەیە کەسانی خۆسەر کردبێتیان. ئەو بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە لە لاپەڕەی ٣٣٩ی کتێبەکەیدا باس لە گێڕانەوەیەکی هاشمیی ڕەفسنجانی دەکا لەسەر ڕووداوی تێرۆری میکوونوس: {...} ئاغای فەلاحیان ڕۆژی جومعە هات و خەبەرەکەی دامێ. ئاغای پوورمحەممەدیش ڕۆژی شەممە هات و ڕاپۆرتی خۆی دا{...} دیارە کە ئەم تێرۆرە کاری هێزە خۆسەرەکان بووە{...}

ڕەفسنجانی ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان کاتێ لەو بارەوە پرسیاری لێدەکەن، دەڵێ: {...} وای دابنێین لە یەکێک لە وڵاتەکان تێرۆرێک دەکرێ{...} خەڵکی توندئاژۆ هەبوون و هەن، ئەو مێکۆنووسەی ئێوەش باسی دەکەن شتێکە لەو مایەدا. ڕووداوی لەو چەشنە هەموو کات ڕووی داوە و لە سەردەمی ئیمامیشدا ئەو جۆرە کەسانە هەبوون{...} ئێستاش کەسانی خۆسەر هەن{...} دارابی لە هێنانەوەی ئەم باسە دەیەوێ بڵێ تێرۆری ڕێبەرانی کورد لای ئەوان گرینگیی نەبووە و تەنانەت سەرکۆمار هەواڵی تێرۆرەکەی بە ئاسایی وەرگرتوە و، وەک ڕووداوێکی سادە بینیویەتی. بەڵام هەر ئەم قسانەی ڕەفسنجانی لە وتووێژەکەدا دوای تێپەڕبوونی بیست ساڵ بە سەر تێرۆری مێکۆنووس، داننانێکی ڕاشکاوانەیە بەوەی کە تێرۆری مێکۆنووس خۆیان کردوویانە و بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان بەسەر کەسانی «خۆسەر»ی دا دێنن. ئیدی ناڵێن باشە هەموو ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ئێران دەستیان لە تێرۆری دژبەرانی ڕێژیمدا بووە و گیراون، چۆنە دوای ئازادبوونیان و گەڕانەوەیان بۆ ئێران وەک «قارەمانی میللی» پێشوازییان لێ دەکەن و دوایە لە بەرزترین پۆستەکانی دەسەڵاتدا جێگایان بۆ دەکەنەوە. یانی ئەوەیە وەڵامی کەسانی خۆسەر کە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا ڕوخساری ڕێژیمیان ناشیرین کردوە و وەک ڕێژیمێکی تێرۆریست ناساندوویانە؟!

یەکێکی دی لە بەڵگەکان کە دادگا بۆ دەستتێدابوونی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری مێکۆنووس پشتی پێ بەست لێدوانەکانی خودی عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بوو. دادگای مێکۆنووس ڕۆژی ١٤ی مارسی ١٩٩٦ بڕیاری دەستبەسەر کردنی عەلی فەلاحیانی بەو شێوەیە دەرکرد: {...} وەزیری ڕێکخراوەکانی ئیتلاعات و کاروباری ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی فلاحیان، لەدایکبووی نەجەف‌ئاوا/ ئێران، شوێنی خزمەت و دانیشتن ڕەنگە تاران/ ئێران، وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم تاوانبارە لەبەردەستدا نییە، دەبێ بەشێوەی کاتی دەستبەسەر بکرێ. ناوبراو گومانی بەهێزی لەسەرە کە لە ڕێکەوتی ١٩٩٢/٩/١٧ بە هاودەستیی کەسانی دیکە لەسەر بنەمای شەڕئەنگێزانە و فریودەرانە بە کەلکوەرگرتن لە کەرەستەی مەترسیدار چوار ئینسانیان کوشتوە و هەوڵیان داوە بۆ کوشتنی کەسێکی دی{...} تاوانبار عەلی فلاحیان بەو شێوەیەی خوارەوە لە تێرۆری ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا بەشدار بووە. ناوبراو لە کاتی پلاندانان و بەڕێوەبردنی تێرۆرەکە سەرۆکی وەزارەتی ئیتلاعات و ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە و هەیە. ئەم وەزارەتە پێوەندییەکانی لەگەڵ ناوەندێکی دیکەی ئەمنیەتی بەناوی سپای بەڕواڵەت پارێزەرانی شۆڕش (پاسداران) بەتایبەتی لەگەڵ هێزی «قودس» کە هێزێکە بۆ چالاکی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران زۆر پێکەوە تێکەڵ و هاڵۆزن. ئەو وەزارتخانەیە بەتوندی بەرەوڕووی گرووپە جیابیرەکان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەبێتەوە، بەچەشنێک نەک هەر چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراو و گرووپانە قەدەغە دەکا، بەڵکوو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش پێ‌وشوێنی نوێنەرەکانیان هەڵدەگرێ{...} تاوانبار فەلاحیان لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئووتی ١٩٩٢ و لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ کاناڵێکی ئێراندا و لە نێوان قسەکانیدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە گروپێک ناو دێنێ کە وەزارەتەکەی بەدوایانەوەیە{...} دەقی قسەکانی عەلی فەلاحیان لەو چاوپێکەوتنەدا بەمجۆرەیە: ئێمە بەشی ئەمنیەتیمان هەیە کە چالاکییەکانی گرۆپەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی خستۆتە ژێر چاودێری، ئێمە توانیومانە دزە بکەینە نێو ڕێکخراوەکانیان و{...} ئەگەر لەسەر یەک چاو لێ بکەین، لە ئێستادا تاقم و گرووپی چالاک لەدژی ئێمە نەماون، ئەوان ناچار بوون وڵات بەجێ بێڵن، ئێمە لە کارکردنمان لەسەریان بەردەوام دەبین{...} ئێستا بەدوای ئەوانەوەین و لە دەرەوەی وڵاتیش هەر لەژێر چاودێری دان{...} ئێمە لەدژی ئەوان سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە و توانیومانە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش زەبری کاریگەریان لێ بدەین... یەکێک لەو گرووپانە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە{...} لە ساڵی ڕابردوودا توانیمان زەبری قورس لە ئەندامانی ئەو حیزبە بدەین{...}

ئەو قسانەی فەلاحیان بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بوون کە لە دادگا لەدژی بەکار هاتن. بەدوای دەرچوونی حوکمی دەستبەسەر کردنی عەلی فەلاحیان لە لایەن دادگاوە، کاربەدەستانی ئێران لە سەرۆککۆمارەوە بگرە هەتا وەزیری ئیتلاعات هەر کام بە نۆرەی خۆیان قەوانە کۆنەکەیان لێ دایەوە و گوتیان ئەو حوکمەی دادگا لەژێر کاریگەریی «ڕێژیمی سەهیونیستیی ئیسرائیل» و هاتوهوریای دژەشۆڕش دراوە و بڕیارەکەی بەڕەسمی ناناسین و{...}

بابەتێکی دیکە لەو کتێبەدا کە جێگای سەرنجە ئەوەیە دارابی خۆی باس لەوە دەکا کە ماوەی دە ساڵان لە ئاڵمان لەژێر چاودێری پۆلیسی ئەو وڵاتەدا بووە. {...}بۆخۆشم پێم سەیر بوو کە ئەوان دە ساڵ منیان وەک کەسێکی مەترسیدار خستۆتە ژێر چاودێری{...} ڕاستە من لە ڕووداوی هێرش بۆ سەر «خەوتنگەی» ی زانکۆی شاری ماینتس لە ساڵی ١٩٨٢ بەپێچەوانەی قانوونی ئاڵمان جووڵامەوە، بەڵام سزای خۆم وەرگرتبوو{...}

بەپێی بەڵگەکانی دادگای مێکۆنووس دارابی لەو دەستە کەسانە بووە کە دایمە پۆلیس بەنهێنی چاوەدێریی کردوە و تەنانەت بڕیاری بیستن و تۆمارکردنی پێوەندییە تەلەفونییەکانیشی لە لایەن دەزگای قەزاییەوە دراوە، بەڵام لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە لەسەر تێرۆری میکۆنووس بۆ دادوەرەکانی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە داموودەزگای پێوەندیدار کەمتەرخەمییان کردوە و تەلەفوونەکانی دارابی شنوود نەکراون. ڕەنگبێ ئەگەر تەلەفوونەکانی دارابی شنوود کرابا، کارەساتی تێرۆری مێکۆنووس ڕووی نەدابا.

ساڵی ١٩٩٣ و ساڵێک دوای ڕوودانی کارەساتی مێکۆنووس کۆمێسیۆنێکی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووداوەکە پێک هات و ئەم پرسیارە وروووژا کە چۆنە داموودەزگای ئەمنیەتیی ئاڵمان نەیانتوانیوە پێش بەو ڕووداوە بگرن. کاتێک ئەو کومیسیونە دەستبەکار دەبێ لە ڕاپۆرتێکدا لە ڕێکەوتی ٦/ ١٩٩٣/٩ munter ئاوا دەنووسێ: {کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی مێکۆنووس ئەمڕۆ دەستی بەکارکرد، پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە لە شاهیدەکان، دەمەچەقەیەکی توند لە نێوان ئەندامانی کۆمیسیۆندا دروست بوو. ئیدارەی ئەیالەتی پارێزگاری لە قانوونی ئەساسی و بەشی ئیداری نێوخۆی سەنا یەکتریان تاوانبار دەکرد بە کەمتەرخەمی پێش لە کوشتاری چوار سیاسەتمەداری کوردی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی لە مانگی سێپتامبری١٩٩٢ لە شاری بێرلین.}

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی دراوە، کازم دارابی سەرۆکی ئیحتمالیی ئەو هێرشە توانیویەتی ماوەی حەوت مانگ ئازادانە و بێئەوەی لەژێر چاودێریدا بێ، لە دەوروو‌بەری ڕووباری «ئیشپری» لە بێرلین هاتوچۆ بکا. لەگەڵ ئەوەدا کە دەزگاکانی ئەمنیەتیی ڕۆژئاوا ناوبراویان وەک سەرکردەیەکی مەترسیداری ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناسیوە و ویستوویانە لەژێر چاوەدێری بگیرێ، بەو حاڵە ئەو کارە بێئاکام مایەوە؛ چونکە ئیدارەی پاریزگاری لە قانوونی ئەساسی کە بەرپرسایەتیی ئەو کارەی لە ئەستۆ بووە لە ساڵی ١٩٩١ بەدواوە هێزی پێویستی لە ئیختیاردا نەبووە.)

لەو ڕاپۆرتە کورتەدا دووشت بەڕوونی دیارە. یەکەم، لەسەر ئەوە کە کازم دارابی پێش تێرۆری مێکۆنووس بۆ پۆلیس و دەزگای ئەمنیەتیی ئاڵمان و تەنانەت بۆ دەزگاکانی ئەمنیەتیی ڕۆژئاواش ناسیاو بووە و گوتراوە کە ناوبراو کەسێکی کارایە لە گرووپە توندڕەوەکانی سەربە کۆماری ئیسلامی. دووهەم، بەئاشکرا دەردەکەوێ کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئاڵمان لە ماوەی پێش تێرۆری مێکۆنووس زۆر چالاک نەبوون، چونکە ئەگەر چالاک بوایەن ڕەنگە کارەساتی مێکۆنووس ڕووی نەدابا.

بەپێی زانیاریی ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی ئاڵمان و بەپێی لێدوانەکانی «ڕاینهاد پاوک»، بەرپرسی کاروباری ئەمنیەتی کۆنفڕانسی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست، ئیمکانی هەیە پۆلیس ئاگادار کرابێتەوە لە سەردانی شەڕەفکەندی، ڕێبەری کوردەکان. پاوک بە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی مێکۆنووسی گوت کە سیاسەتمەداری دوورخراوە (د. شەرەفکەندی) کە بۆ کۆنفڕانسی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست هاتبوو، لە لیستی بەشدارانی ئەو کۆنفرانسەدا بوو کە دەبوا ئەمنیەتی پارێزراو با. پاوک دەڵێ ئەو هەشت ڕۆژ پێش لە هێرشەکە ئەو لیستەی داوە بە پۆلیسێکی خاوەن سەڵاحییەت، بەڵام ئەو پۆلیسە لیستەکەی تەحویل وەرنەگرتوە. بەمجۆرە پاوک قسەکانی پۆلیس و هێکل مان، سێناتۆری کاروباری نێوخۆیی لە حیزبی CDU کە لە بەڕێوەبەرانی کۆنفڕانسی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست بوو ڕەت دەکاتەوە سەبارەت بەوەی گوترابوو پۆلیس لە بابەتی پاراستنی ئەوان ئاگادار نەکراوەتەوە و قوربانییەکانی تێرۆری میکونووس ناویان لە لیستی بەشدارانی کۆنفڕانسەکەدا نەبووە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کەمتەرخەمیانەی دەزگای ئەمنیەتی و پۆلیسی ئاڵمان سەرەوە باس کران، دیسان جێگای دەستخۆشی گوتنە بە پۆلیس و دەزگای قەزایی ئالمان کە توانیان لە ماوەیەکی کەمدا تێرۆریستەکان دەستبەسەر و دادگاییان بکەن. دوای ئەمەش بڕیاری دەزگایی قەزایی ڕوون و بوێرانە بوو. ئەم دادگایە ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕێژیم و کاربەدەستانی بڕیاردەر بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەم ڕێژیمەی ئاشکرا کرد و دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلام ی لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدا بە تاوانبار ناساند. هەروەها تەواوی هەوڵ و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاگرتنی دادگای کردە بەڵگەی بەهێز بۆ دەست تێدابوون و بڕیاردان لەسەر تێرۆری مێکونووس و بووە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم لە درێژەدان بە تێرۆری دژبەرانی لە وڵاتانی ئورووپا دەست بپارێزێ.

لە کۆتاییدا هەر چەند کازم دارابی هەموو هەوڵی ئەوەیە کە بە خوێنەر بسەلمێنێ لە تێرۆری مێکۆنووسدا بێتاوانە، بەڵام خۆی هەر لە کتێبەکەیدا و لە زاری خۆیەوە بەڵگەی حاشاهەڵنەگر لە تاوانباربوونی خۆی بەدەستەوەدەدا.

**کۆتایی**





لەیلا قادری

# مارف

(کورتە چیرۆک)

هەتا خورت و بەگوڕ بووم و شنگ و قەوەتم تێدا بوو، بێگاریی دنیا نەما پێم نەکەن.

دەوەڵک و دەغڵ و دان گوڵپەڕ دەبوو، دەچوومە هەرەوەزی درووێنەی گەنم و جۆ، ئەویش بە داس و مەڵەغان. براژنەکانم دوو کولێرەی جۆ و مەتارەیەکیان ئاو لە تووربێنەکەم دەخست، جا هەتا پاش بانگی شێوان لەکاریان وەردەدام.

پاشەبەرە بووم، پاش سێ برا و دوو خوشک لەدایک ببووم.

کاتێ دایکم ڕەدووی «حەسەن»ی مامەڵڵا کەوت، هەرزەکار بووم و بە ئیشتیای خۆم مەیتەری ماڵی ئاغام دەکرد، ئێوارێ بە شەش حەوت پاڵەنگەوە (قامچی) گەڕامەوە ماڵێ.

بابم بەسەر دمدا کەوتبوو، برا و خوشک و زاواکانم، دەستەوئەژنۆ لە دەوری دانیشتبوون و هەر لێک مۆن دەبوونەوە و سەریان دەلەقاند.

نە ماڵات تاقەت کرابوو، نە حەسار گسک درابوو، نە ئاوێک گەرم کرابوو... چوومە ژووریێ و ڕێوڕێ، پێ و سۆراغی دایکم گرت.

کاکم گوتی: «هەتیوە مل پانە، لە منداڵییەوە دەمزانی تۆ گەواد دەبی. دایکت وەکەڵ هاتبوو، ئەوە لە کۆشی کەڵەگاکەی دایە... سبەینێ بچۆ دەرێ، بزانم لەنێو جیران و ئاوماڵدا سەرت هەڵدێ، بزانە ئەو خەڵکە چیهات پلار تێ دەگرن! ئای ئای چۆن سەرنەوی کردین و بووینە سەرکۆنەی عالەمێ! چۆن خەڵکمان پێ خۆش بوو... ئەی لەو سەرشۆڕییە، قەت بەرگە ناگرم و تابشت ناهێنم، بابم هەستێتەوە، قەت سەعاتێک لەو وێرانبووەدا نابم، هەر بە شەو بار دەکەم».

بابم لە حەیبەت قسەی خەڵکی و نێو و نێونیتکەی خزموکەس، هەر ئەو بەسەر دمداکەوتنە بوو، پەتایەکی گرت، کەس نەیزانی چییە، پێیان دەگوت» ئازارە باریکە»، وەک بەردەمووکانە ویشک ویشک هەڵاتبوو...

مانگێکی ڕەبەق، ئەوەی نێوی زەواد بوو، نەچووبووە دیوی دەروونییەوە... پاش گردوکۆ کردنی حاسڵات و ئازووقە نانەوەی پاییزێ، بابیشم کەوتە گیانەڵڵاوە.. بە گۆپاڵبارانێک ناشتمان، دایکم هەر پەردەی وەتاغێی لا نەدا، تەرمەکەی بابم ببینێ کە چەندی لێ هاتبۆوە و چۆن وەک بەزی سەر ئاور توابۆوە...

ڕەببی باب لە کەس نەمرێ، بە جارێک کۆڵەکەی ماڵمان دارمی و پشتمان شکا... خۆزگە بابە گیان، هەر تاقە نەختێکت لێ مابایەوە و لە سووچێک دانیشتبای و چاودێریت کردباین.

بابم زۆری جامینی دایکم دەویست و ماڵێکی زۆر و زەوەند هەمووی لە ئیختیار دایکم نابوو... هەموو جارێ دەیگوت: «ژنەکە من و تۆ وەک ڕێحانە و جلە واین، تۆ ڕێحانەکەی، منیش جلەم.»

ئێمەش دەمانگوت: «پیاوی چاک بە بابە، بۆ وا خۆت دەتلیسێنییەوە، دایکیشم هەر لیچت لێ بادەدا»!

دەیگوت: «ڕۆڵە، ڕێحانەکەم بەو قسانە دەگەشێتەوە، دەبێ پیاو بەسەر ژنەکەیدا هەڵبلێ.»

ئەخە بەدڵی خۆی لە گەورکایەتیڕا بە تەپڵ و زوڕنا هێنابووی.

کەچی دایکم، جاری وا دەستی لە کەلەکەی دەنا و بە گژیدا دەهات و دەیگوت:

_ «ئەو کەف و کوڵە چییە کردووتە! سەفی بووی پیاوەکە، چاک حەیات تکاوە... شەرم لەو کوڕە جحێڵانە بکە، تازە ئێمە لە ڕێزەی چین؟ ئەو قسانە بۆ عاشقە و ماشقە دەبن، نەک بۆ من و تۆ، ئەوە کچمان لە ماڵانە و کچی خەڵکیمان لەپاڵ دایە.»

_ «کچێ ژنەکە، ماڵ چۆڵ و هۆڵیش بووە، تخوونم نەکەوتووی و بیانوویەکت هێناوەتەوە...

باشە بەڕاست ژنەکە بەینێکە چاک خۆت تاس و لووس دەکەی و هەر ڕۆژێ بە جۆرێ خۆت تیفتیفە دەدەی. دەستت لە «زێنەب»ی حەسەنی مامەڵڵای ئەستاندوە. ئەڵبەت ژنی من، سەد سەگی هەیە، یەکیان زێنەبە. دەبێ سەتی وەک زێنێ، ئاوت بە دەست داکەن.»

_ «جا تۆ چیت لە ژنی خەڵکی داوە؟ سوور سوور دەزانم ئەوی ڕۆژێش، قوونخڕت دیتبوو بۆیە لەو ڕاستە ڕێگایە ئەو مانگادۆشەت، قلْپ کردەوە... بۆ پێت وایە زێنەب بە پیاوت دەزانێ، خۆ میز بکا لەبەرت هەڵناستێ.»

_» باشە لەوەی گەڕێ گەڕ، گەوی ئەو گۆرەوییەم ڕەویوەتەوە، بۆم بچنەوە.»

_ «بەدی، چاوم نەماوە، بۆ ناچی بیدەی بە زێنەبی مامەڵڵای بۆت بچنێتەوە ئەو دەست و گوڵەپ ڕەنگینە. ئەوەنێ بۆتە ماینی کەحلان و منی پێ دەشکێنییەوە. ئەوە ڕۆژەکەیە، ئەگەر پاتۆڵەکەیان بەسەر شانتدا نەدا، بزانە هیچ نازانم.»

_ «نەخێر، بەیتی بلەیە. شێتەڵبان، سەری ئەو ئاوەڕوونکەیە کەلا کە، هیچ وڵاتی نەهێشت. ڕەببی موو لە زمانم بێ، کەس نازانێ ئەو شەڕە چ بوو، هەڵمئاویساند. وەڵڵاهی وەبیللاهی وەتەڵڵاهی، لەو ڕۆژەی تۆ هاتووی لەو ماڵەوە، ئیشتیام نەچۆتە سەر هیچ ئافرەتێک. هەر پێموابووە کەس لەو دنیایەدا نییە لە تۆ زیاتر، تۆش ئەگەر دمت تاڵ دەبێ، پەڕوپۆم لێ دەکەیەوە و سەرەوان و بنەوان دەیبەیەوە ماڵی حەمەی گاوان.»

_ «جوابی تەحا، پەحایە. بەجێی دانیشی وەک پیاوی خەڵکی، بەسەر منداڵەکانتدا بێی و دوو قسەی حیسابیان وەپێش کەوی، کەلکەی قوونت کەوتوە جا وەخۆ کەوتووی و خەریکی تروووکەتروکی.»

_ «کچێ ژنەکە، خۆ قەبریش وەخۆت ناکا... چاوبڕکێنم لەگەڵ ژنی خۆم کردوە، خۆ کفرم نەکردوە، خۆ بەردم بە کابەدا نەداوە. ناوەڵڵاهی تۆ هەر دەزانی پێم هەڵپڕژێی و مل لەبەر ملی من نێی. ئەوەتا دەستەخوشکەکانی خۆت، پەڕۆیەکیان لێ دادڕە، بزانە کێهایان حەمامیان بۆ چاک کراوە و عەلادین و عەمباراویان بۆ دانراوە؟ تێکڕا لەسەر شۆرکە خۆیان دەشۆن... بزانە ژنە ئاغاکانیش بۆیان کراوە. دوور نارۆین، براژنەکانی خۆت، بۆ دوو میتر جاو، دوو مانگ دەکڕووزێتەوە، ئەوەی قسەی سوێر و تاڵیشە پێیان دەگۆترێ، سەگەل و گورگی براکانیشت وەک زێڕ بەخێو دەکەن.»

_ « تۆ لەمێژە لەبراکانم ئاوسی، دەنا ئەو باسەت بۆ بردەوە بەیرەم و بەرەجۆیە!»

_ «گورگەبۆر ئەوە ئەو بزەبزەت لە چییە دەڵێی کەڵیچەی خراپی، هەستە برۆ ملی کارێکی بگرە، ئەخە کوڕی ئەو بابە نین!! شاییی چیم پێتان بێ!»

_ «ژنەکە! هەدا دە، کچێ هەر ڕقێکە ماڵوێران دەکا، هەر پێش دەبەمەوە بەرە خۆم، بەڵکم زمانت گرێ دەی... ئەننەهوو، حەیا ناتگرێ. دیارە شکور تۆ وەک دار حەیزەرانی و منیش داچەکاوم بە دەم مەینەتی و قەرقەشیی ڕۆژگارەوە و بەعومرتر دەنوێنم، چونکە نەمهێشت بەرمنەتی کەس بی و ئەستۆ بۆ کەس کەچ کەی... بەڵام لەو تاریخە بەو لاوە، گەر ماعبەینمان هەر ئاوا بێ و هەر لێم نەبان بی، بەپێی شەرع دەست لێک بەردەدەین. من تا ئەورۆ بە سەربەرزی ژیاوم و پیاوێکی نێوبەدەرەوە و سەربڵێندم، نانی پاڵەیی و جووتیاریم خواردوە و منەتی نامەردم نەکێشاوە.

_ «ئەوە پاکانە بۆ خۆت دەکەی، دەزانم هەمووی ڕێخۆشکەرەن و دەتهەوێ پیاوخراپم کەی و سبەی ڕۆژێ ئابڕووی من بەری و بڵێی: « ژنەکەم پێم ڕازی نەبوو»، ئیدی ناڵێی، بۆخۆم ئاورم کردبۆوە. بۆیە دەڵێن سەرچۆپی بدەی بە گامێشێ، بۆ لای چۆمی دەکێشێ... تۆش لەو بنەپاڵەوە بۆ لای خات «زێنەب»ت ڕاست کردۆتەوە.... ئەوە بۆیە ئەو دێڵە بەبایە، بەینێکە بەو هەمۆ داوودەرمانەوە، دەگاتە حاندی من، خۆی ڕەپ دەکا».

_ «حەک ژنەکە، ڕەببی نەحەسێیەوە.»

ئەوانەم وەک خەون لەبیرە، ڕێک ڕۆژێک پێش ڕەدوو کەوتنی دایکم...

لەو کاتەوە، خورپەیەک کەوتۆتە دڵمەوە، هەموو جارێ ئەو کەشکە ئەژنۆیانم دەلەرزێنێتەوە... بۆیە کاکم بۆم دەچووە داواکاری هەر کچێک، پەڵپێکم پێ دەگرت و بیانوویەکم لێ دەدیتەوە و هەر زاتم نەکرد ژن بێنم و تا ئەورۆ بوخچەم نەکراوەتەوە.

هەتا ڕانە مەڕ کەوتبێ، بە تەنێ لە مۆڵگە ماومەتەوە، هەتا بێستان کرابێ، لەسەری نوستووم، هەتا خەرمان هەڵدرابێتەوە، نیگابانیم داوە.

وەک کێویلە، قەت لە دیوەخان و بنکورسی دانەنیشتم و چێشتێکی گەرموگوڕم چێژ نەکرد. هەمیشە پاتۆڵ و کەوام، وەک کەمرە چڵکی گرتبوو... ئەو بەرە دەستانەم دافەتابوو، بەو حاڵەوە هەر فزەم لێ هاتبایە، کاکم دەیگوت: « مارف گیان، لە کاکی خۆت کەوێ، تۆ سەڵت و سپاتی، کار بکە کار، ئەو لەش و بەندەنەت ڕاوەشێنە، ئاخری هەر مشک و مار دەیخوا، ئیدی بۆ پەلەپەلی ماڵێتە، کێ چاوەڕێتە؟! دێیەوە ماڵێ دەڵێی چی! ئەو ژنانە منداڵەبەرن، دێیەوە چاو لە سینگ و بەرۆکیان دەبڕی؟»

نەیاندەهێشت کچەکانیشیان بێنە یاریدەم، دەیانگوت: «چۆن دێڵین کچی جوان و جحێڵ لەگەڵ پیاوێکی ڕەبەن، لە مەزرایە بێ، با مامیشیان بی، خەڵک چیی چاکمان ناڵێ؟»

بەو نەزمە، بە نانەزگی تا پەنجام بەڕێ کرد. ئەوە پازدە ساڵیشە ئەلێرە (خەڵوەتگەی پیری)، خەڵک بە خێری خۆیان، بەخێوم دەکەن و سەری خۆم ڕاگرتوە. دایکم، دوای حەزی خۆی کەوت، بەڵام هەموومانی لە حەز و ژین بێبەش کرد.

# غەریبی

"جەلال مەلەکشا"




من زۆر لە غەریبی دەترسم
وەرە با باوەشت بکەم بە
نیشتمان
بە وەرزی زریاندا ڕەت
دەبم
هەتا دێم هەستمەوە،
شەپۆلێ بەسەرما
دەڕووخێ
ئەمخاتە گێژەنی بێئامان
هەتا چاو بڕ ئەکات
شەپۆل و گێژاوە
دەستکورتتر لەوەم کە،
لە پاپۆڕ دانیشم
بەلەمی هیواشم شکاوە

وەرە وەک بەندەرێ
ئامێزت بکە بە لەنگەرم
تەنیایی دەستڕێژم لێ ئەکات
من زۆر لە غەریبی دەترسم
بانگم کە...
با ئەوین بکەم بەسەنگەرم
شکاوە، شکاوە
بەلەمی نەجاتم شکاوە
من بۆنی هەڵۆ،
لەهەناسەی بای زریان
دەبیسم
وا دیارە بۆ کۆتر دەرفەتێ
نەماوە...

# حەماسەبێژی ئەدەبی بەرگری



ئەنوەر عەزیزیان



ڕەحیم لوقمانی شاعیر و نووسەری کورد، ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە شاری سەقز لەدایک بووە؛ هەر لەو شارە پەیمانگەی فێرکاریی مامۆستایان واتە دانشسەرای تەواو کردووە و لە قوتابخانەی ئاواییەکانی ئەو مەڵبەندە ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتی، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە وەئەستۆ گرتووە. دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دێتە گۆڕەپانی خەباتەوە و لە سەنگەری ئەدەبیاتەوە بەیداخی شێعر هەڵدەکا، دواتر بەچەن شێعرێکی وەک «من پشکۆیەک لەو ئاگرەم، ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە، بەدەنگی هونەرمەندی شۆڕشگێڕ نەجمەدین غوڵامی دێنە بەرەکانی خەباتی هونەری و پشکۆی ئاگری بەرخۆدان دەگەشێنێتەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم سروودانە، واتە ساڵی ١٣٦٤ لە شاری سەقز لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەگیرێ و بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتی دوور دەخرێتەوە، پاشان بە مەحکوومیەتی کەمکردنەوەی یەک لە سێی مووچەی مامۆستایەتی دەچێتەوە سەر کارەکەی، ئینجا بە ژیانێکی یەکجار دژوار ڕۆژەکانی تەمەن تێپەڕ دەکا، بەڵام بەو حاڵەشەوە درێژە بە خوێندن دەدا و دەچێتەوە سەر کورسی تاقیکاریی زانکۆ، کەچی هێزە ئەمنیەتییەکان لەو کاتە هەستیارەدا بەربینگی پێدەگرن و ئەم دەرفەتەشی لێدەستێننەوە. دواتر لە زانکۆی پەیام نوور مەدرەکی کارناسیی زمان و ئەدەبی فارسی وەردەگرێ و ساڵی١٣٨٠ی هەتاوی دەچێتە شاری سنە و لە دەبیرستانەکانی ئەم شارە وانە دڵێتەوە.

ئەم ڕۆڵە دڵسۆزەی کورد لە دەورانی لاوەتییەوە لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکانا نەشونەمای کردووە و، بەشێک لە ژیانی خۆی تەرخانی بابەتە فولکلۆری و دراما زارەکییەکان کردوە و لە ماوەی ساڵانی مامۆستایەتیدا لە ناوچەی سەقز بە پەرۆشەوە هەگبەی ئەم خۆشەویستییەی دێ بە دێ گێڕاوە و کۆمەڵێک چیرۆک و ئەفسانەی کوردی بۆ کۆ کردۆتەوە کە ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوەن. لەدرێژەی ئەم ڕێگەیەشدا لێکۆڵینەوەی لە زمان و ئەدەبیاتی گەلەکەی کردوە و گەلێک وتار و بابەتی زانستی لەسەر ئەم زمانە نووسیوە و ئاوڕی لە زۆر چەمک و دەستەواژەش داوەتەوە، کە بەشێک لەم وتار و بابەتە زانستییانە لە گۆڤارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کراونەتەوە، کە ڕەنگاڵەی ئەم سروشتە دیمەنی وەرزێکی کەسکی تێدا بەرهەم دێنن و هەستی ناسک و خەیاڵی ڕەنگین بە باڵای لاولاوی شێعرەکانیەوە دەبووژێتەوە و، لە هەموو شێوازێکی ئەم ژانرە ئەدەبییەدا قەڵەمی وەگەڕ دەخا و بەرهەمی بەپێز لەسەر خۆشەویستیی نیشتمان و مافی گەلەکەی دەهۆنێتەوە.

ئەگەر لە نێوەرۆکی شێعرەکانی ورد بینەوە، ئینجا لایەنێکی تری گەورەیی و خاوەنداریتیی ئەم ڕووحە لەسەرڕێ و بەخەبەرەی وڵاتەکەمان بۆ دەردەکەوێ، با لە شێعری یادی دەی خاکەلێوەدا ڕوومالی هەستی نیشتمانپەروەریی ئەم هۆزانە وڵاتپارێزە بیربێنینەوە؛

هێندێ ئایین هەن/ چ بە بزەی خاچ، چ گەڤی شمشێر
قەت لە ناو دڵا جێ ناگرنەوە/ هەندێ سەرۆک هەن،
چ بە بانگەشە، چ زەخت و دۆلار/ قەت ڕێ نابەنە ناو ناخی هەژار
هەندێ تاپۆ هەن، پاشی سەدان ساڵ/ نە لەبەر چاون، نە پیرۆز ماون
بەڵام چەند ناو و دیاردەی تر هەن/ هەتاهەتایە دەرناچن لە دڵ
چون خوێن و عەشقی گەلیان واپێوە/ وەکوو هەڵەبجە، وەکوو پێشەوا
وەکوو چوارچرا و دەی خاکەلێوە...

دەبێ بڵێین شنەیەکە لە سروەی بەهاری خاک و، ئەرخەوانێکە سێبەری حەسانەوە؛ ڕەنگی هەموو نیشتمانی لێوە دیارە و سروشتی لە ئامانجیدا ڕادەژێنێ، هێندە زەنگینە هاوشانە بە ڕەنگی کۆلکەزێڕینەی پاش باران، هەناسەی بە کەسکی تاڤگەی زێدەوە نووساوە، شێعرێکە بڕگەکانی لە قامووسی دایکی نیشتمان جیا ناکرێتەوە، ئەو مەلەیە، جریوەی ڕووحی ئارامی ڕادەژێنێ، بەڵام تراژیدیای ژان و کوڵی دڵ و قوڵپەی گریان ئەم ساتەوەختانەی پێ ڕەوا نابینێ و هەردەمەی لەتێک لە دڵی وڵاتی هەڵدەقرچێ و پەپوولەکانی ئەوینی هەڵدەپرووزێن. ئاخر سنەی نیشتمانی هەر ڕۆژە و گڕکانێکی توانەوەی لێهەڵدەستێ و ڕووگەی کەسکی شێعرەکانی دەشێوێنێ؛

سنەم ئەمڕۆ چەمی خوێنی گرینە/ بە کۆستی ئاویەر ناخی برینە
بەخوڕ سێڵاوی سوورچۆمن لەچاوان/ نەما ئەسرین کە شینم ئاگرینە
وەرە ئەشکاوی، سەد تۆ بێرە فریام/ گوڵم سووتاو، دڵم گڕکانی شینە
پەری ئازادی تۆ بدڕە یەخەی خوا/ سکاڵای ئەم گەلە ماتەمنشینە
خەمێ ناچێ سەدان زام و ستەم دێ/ دەبن سەرباری ئەم خاکە خەمینە

ئەم شاعێرە دڵسۆزە لە ئاستی هەر ڕووداوێکی وڵاتەکەی هەڵوێستی گرتووە و بوێرانە بەگژ هەڵە و خەتاکاندا هاتۆتەوە، بەو مانایەی بەرژەوەندیی خاکەکەی لە هەر مەرام و بۆچوونێک پێ مەزنتر بووە، ئاخر ڕەحیم لە نێو خەونە گەورەکەی گەلیدا دەژی و دوورە لە چاوچنۆکی و خۆپەرستی، هەربۆیە بەو دیدە فراوانەوە لە سیاسەتی کورد دەڕوانێ و تاکڕەوییەکان وەک شکستی سیاسی ناوزەد دەکا و، شێعری زریانی کۆچ باس لە کۆچی نیشتمان دەکا و شکۆی فەرهادی تەمی غوربەتی لێدەنیشێ و، هەموو ڕۆژێ لە دووی شیرین و جێژوانی بێستوون لە وڵاتانی غەریبستان دەخولێتەوە و، پاپۆڕە سەرگەردانەکەی ئازادیی وڵاتی لە گێژاوی زەریای خەما نوقم دەبێ.

لەو کاتەوە زریانی کۆچ/ پێی ناوەتە ئەم نیشتمانەی لەشمەوە
فەرهادی ڕووحی تەنیاییم غوربەتپۆشەو/ هەموو ڕۆژێ لەدووی شیرین
سەرگەردانی شەقامانی ئەمریکایە./ کۆترەکەی دڵ،
قەفەس قەفەس بۆ لانەیەکی ئازادی/ هەموو رۆژێ ناو تەلبەند و پارکەکانی.
گشت ئورووپا دەپشکنێ،/ گەمیی خەیاڵ،
شەپۆل شەپۆل بۆ لەنگەری ژیانی ئارام/ هەموو ڕۆژێ لە کەناری ئوستراليا
نوقم دەبێ،/ جەستەی تەنیام لەناو سنە
بێدڵ، بێڕۆح و بێخەیاڵ، هەموو ڕۆژێ / بە دەوری زنجیری پەیکەری
ئازادیدا،/ هەڵدەسوورێ...

ئەو شەپۆلە هیوا کەسکە لە هەیبەتی سیروانەوە هەڵقوڵاوە، سروەی ئاویەر لە ڕووحیدا دەشنێتەوە، لە خوڕەی زرێبارەوە لێوبەباری گوڵی ورمێ ئەسرێتەوە و موژدەی بووژانەوەی تاڤگە و سەرهەڵدانی بەهار ئەدا، ئێستا سنەی قارەمان و مەشخەڵی شاخ بە ناخی ئەم شەپۆلە ڕادەژێن و، لە سەنگەری ئازادیدا باڵا ئەکەن.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:761  6 November 2019

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org    info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East    MHz 11958
polarization: Vertical -27500  FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# نامۆ بە ئازادی و بەها مرۆییەکان

**شاهۆ مەتین**

یەکەمین بیرمەندانێک کە لەسەر پەروەردە و بارهێنان قسەیان کردووە، فیلسووفانی یۆنان (ئەرەستوو و ئەفلاتوون) بوون.

لە چاخی سەردەمیش دەتوانین بە بیرمەندانێکی وەک جان دیویی و ژان ژاک ڕۆسۆ ئاماژە بکەین کە پێیان وایە:

پەروەردە هونەرێکە کە بەپشتیوانیی سروشتی و لێهاتوویی پەرەگرتوو، وێڕای پاراستنی گەشەی سروشتی و بەهاوکاریی تاک بۆ ژیانکردن وەدەست دێ.

سروشتی مرۆڤەکان بۆیە جیاوازی لەگەڵ گیاندارانی تر هەیە کە خوای گەورە کردوویە خاوەن ئەقڵ و شعوور؛ پەروەردە و بارهێنان وەک پرۆسەیەک، پێناسەیەکە لە شعووری مرۆڤبوون.

لە قورئانی پیرۆزیشدا خوای گەورە ئاماژە بە ئینسانە جیاوازەکان لە هەموو ڕوویەکەوە (ڕەنگ، ڕەگەز، زمان و ...) دەکا و لە هەڵبژاردنی بیروڕای ئازادا موختاری کردوون. هەر لە سەر ئەم ئەساسە لە یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ئەسڵێکی بنەڕەتی بەفەرمی ناسێندراوە و سەرجەم دەوڵەت و ڕێکخراوەکان دانیان پێداناوە. بەڵام لە ئەساسدا سیستمە دیکتاتۆرەکان (ئێران) گەر بۆ میناک بڵێین ئەوەی لە بەرامبەر نەتەوەکانی نێو وڵاتی ئێران بەڕێوە دەچێ ناکۆکی و دژوازی لەگەڵ هەردوو یاسای گەردوونی و ئینسانیی هەیە . بۆ وێنە گەر ئاماژە بە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆر بکەین، دەزانین کە چەندە حەولی ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوە بندەستەکانی داوە و، بە پلان و پیلان دەیهەوێ زمان وەک ناسنامەی هەر نەتەوەیەک بتوێنێتەوە و شوناسی نەتەوەکان نەهێڵێ و ئەو سیاسەتەی لە سەردەمی پەهلەوی (یەک زمان، یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت) لە ڕوخساری ئیسلامیبووندا جێبەجێ بکا، بۆیە لە هەموو ڕێگایەکەوە هەوڵی سڕینەوەی شوناسەکان دەدا و بەتایبەت لە دوو ئامرازی تەلەویزیۆن و قوتابخانە کە منالان دەبنە مەبەست، وەک وەچەی دوارۆژی هەر نەتەوەیەک بەلاڕێدا دەبەن.

بۆ بەڵگەمەند کردنی بۆچوونەکەمان دەتوانین ئاماژە بە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی لەسەر زمان بکەین، کە لە ئەسڵی پازدەدا دەڵێ: زمان و خەتی ڕەسمیی ئێرانییەکان (نەتەوەکانی نێو خاکی ئێران) و نووسراوەی فەرمی بە زمانی فارسی دەبێ و، هەرچەند بەکارهێنانی زمانە ناوچەیی و قەومییەکان (نەتەوەکان) لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکان و خوێندنی زمانی دایک لە قوتابخانە و لەگەڵ زمانی فارسی ئازادە.

بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا ڕێزی ناگیرێ، تەنانەت یاساکانی خۆیشیانە، گەر بە ئینسافەوە سەیری دەسەڵاتی چل ساڵی ڕابردوو بکرێ، بۆ هیچکام لە نەتەوەکانی ئێران هەوڵی پاراستنی زمان نەدراوە، کەمیش نین ئەو مامۆستایانەی وەک زارا محەممەدی کە بەهۆی هەوڵەکانیان لەپێناو پاراستنی زمان تووشی زیندان و لێپرسینەوە نەبووبێتنەوە، تەنانەت لە ڕاگەیەنە گشتییەکان بێڕێزیشیان پێ نەکرابێ، داکۆکیکارانی پاراستنی زمان بە ئاژاوەچی و تەجزیەتەڵەب دەناسێنن و لەلایەن خودی دادگاکان کە دەبێ پارێزەری مافی خەڵک و جێبەجێکەری یاسای بنەڕەتی بن، تووشی لێپرسین و گیران دەبنەوە.

ڕێژیم ئەوەندە نامۆ بە ئازادی و بەها مرۆڤایەتییەکانە، لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا و بەپێی ئەسڵی پازدە لە فەسڵی دووهەمدا دەڵێ: «سەرەڕای ئەوەیکە لە ئێراندا نەتەوەی جیاواز دەژین -یاسادانەران وێڕای ئاماژە بەم بابەتە کەلکوەرگرتن لە زمانە ناوچەیەکان لە ڕاگەیەنە گشتییەکان ئازادە-» لە ئەسڵی نۆزدەی یاسای وڵات پێداگری دەکاتەوە کە: «خەڵکی ئێران بە هەر تایەفە و قەوم (نەتەوە)یەکەوە مافی یەکسانیان هەیە؛ ڕەنگ، ڕەچەڵەک و زمان نابێتە هۆی جیاوازی.

بەڵام لە ئەساسدا وانییە و نەتەوەکانی وەک کورد، عەرەب و بەلووچ نەک وەک نەتەوە سەیر ناکا، بەڵکوو وەک شارۆمەندی پلە دوو سەیریان دەکا. ئەوەندە ئەم نەتەوانە بەنامۆیی سەیر دەکرێن، تەنانەت ئیزنی دامەزراندن لە شوێنە هەستیار و گرینگەکانی ناوچەکەی خۆشیان پێ ڕەوا نازانن. لەهەر ناوچەیەکی ئێران هەوڵ دەدرێ بە جێگیرکردنی خەڵکی ناخۆجێیی لەگەڵ نەتەوەی ئەسڵی کێشە دروست بکا. بۆ نموونە گەر سەیری کوردستان دەکەین، بە ئیمتیازدان بە نەتەوەی تورک لە بەرامبەر کورد و دامەزراندنیان لە دامودەزگا گرینگ و بایەخدارەکان لە ئیدارە و بەڕێوەبەرییەکانی کوردستان هەست دەکەی سیستمی حاکم هیی تورکەکان بێ و کوردیش ژێرچەپۆکەی تورک بێ نەک هیی فارس !

هەر دیسان لە ئەسڵی بیستی یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا دەڵێ: «هەموو تاکەکانی ئێران چ ژن چ پیاو -هەموو نەتەوەکانی ئێران و پەیڕەوانی مەزهەبە دانپێدانراوەکان- لەژێر پشتیوانیی یاسادان و لە هەموو مافە ئینسانی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان بە مەرجی پاراستنی ڕێساکانی ئیسلام بەهرەمەندن.

با کوردستان وەک میناک بخەینە بەرچاو، لەژێر سێبەری ئەم یاسایەدا (ئەسڵی بیستەم). ئەگەر بەراوردی دۆخی سیاسیی کوردستان لەگەڵ ناوچەکانی تر بکەین؛ کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو دێتە بەرچاو؛ ئەوەندەی سیمای ناوچەیەکی میلیتاریزەکراو بەهۆی پادگانەکانەوە دەنوێنێ، زیاتر وا نیشان دەدا کە شەڕێکی قورس و گەرم لەنێوان دوو وڵاتدا لە ئارادایە. ئازادیی کۆڕوکۆبوونەوە تەنانەت بۆ باسی کێشە کۆمەڵایەتییەکان نادرێ، چ بگا بە باس و شرۆڤەی پرسگەلی سیاسی کە باسی چارەنووسی نەتەوەیەک بێ. ڕۆژ نییە لە سنوورەکانی کوردستان کۆڵبەران بە چەکی پاسدارانی ئێران نەکوژرێن، ڕێژەی تەڵاق، بێکاری و خۆکوشتن زۆر بەرچاوە، لەڕووی کولتوورییەوە بە میکانیزمی جۆراوجۆر دەیانهەوێ بەها و ڕەوشتیان لێ بێبایەخ کەن.

بیرمەندێکی سویدی دەڵێ: «بۆ ئەوەی نەتەوەیەک بتوێتەوە پێویست بە چەکی کۆمەڵکوژ نییە، بەڵکوو پێویستە زمانی لێ بستێندرێ، بە زمانی خۆی نەخوێنێ، مێژووی لێ چەواشە بکرێ، فێری ئەوە بکرێ بێڕێزی بە زمان و مێژووی خۆی بکا.» لەسەر ئەم ئەساسانە ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیە لە تەمەنی خۆی بەرامبەر بە نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت کورد جێبەجێی کردوە و دەیکا ژینۆسایدی نەتەوەییە.

# کۆڕی ناساندنی کتێبی «هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان» لە مەریوان




ئەنجومەنی فەرهەنگی ئەدەبیی مەریوان ڕۆژی پێنجشەممە، ٩ی خەزەڵوەر ڕێوڕەسمێکی بۆ ناساندنی ڕۆمانی «هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان»، بەرهەمی بێهروز بووچانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کوردی خەڵکی ئیلام بەڕێوە برد.

بێهرووز بووچانی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا، بە بەشداربووانی کۆڕیادەکەی ڕاگەیاند کە ئەم ڕۆمانە ژیاننامەی خۆی نییە. لە درێژەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، دوکتور بێهرووز چەمەن ئارا و دوکتور ئومید وەرزەندە، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا، وتاریان پێشکەش کرد.

ڕۆمانی «هیچ هاوڕێیەک جگە لە چیاکان» لە نووسینی بێهروز بووچانی، ڕۆژنامەنووس و نووسەری ئیلامی، لە لایەن دوکتور هاشم ئەحمەدزادە، لێکۆڵەر و وەرگێڕی کورد، بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. بێهروز بووچانی هەتا ئێستا براوەی خەڵاتی ئەدەبیی جۆراوجۆر، بە تایبەتی خەڵاتی «ڤیکتۆریا» بۆ ئەدەبیات بووە.

ناوبراو لە کەمپی «مانووس»ی ئوسترالیا کاری ڕۆژنامەنووسی و مافی مرۆڤی کردوە و لە ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی وەک ڕۆژنامەی «گاردیەن» و «هافینگتون پۆست»دا بابەتی بڵاو کردۆتەوە.

# ڕێگری لە چالاکییەکانی ئەنجومەنی «قەڵەمی هاوچەرخی کورد» لە شاری پاوە




ناوەندە ئەمنیەتییەکانی پارێزگای کرماشان پێشیان بە چالاکییەکانی ئەنجومەنی فەرهەنگی و ئەدەبیی «قەڵەمی هاوچەرخی کورد» لە شاری پاوە گرتوە و ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئەو شارە بە بیانووی ئەمنییەتی، مۆڵەتنامەی ئەو ئەنجومەنەی هەڵوەشاندۆتەوە.

ئەم ئەنجومەنە تۆمەتی ئەوەی دراوەتە پاڵ کە «ئەندامەکانی لە خۆپێشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییان کردوە و، هەروەها پێشوازییان لە بەیاننامەی حیزبەکانی کوردستان کردوە و خەڵکیان هان داوە کە بێنە سەر شەقام.» هەروەها یەکێک لە بەرپرسانی ئیدارەی ئیرشاد زۆر بەتوندی بێڕێزی بە ژنان و کچانی چالاکی ئەو ئەنجومەنە کردوە و دەڵێ ئەنجومەنی قەڵەمی هاوچەرخ بووەتە جێگای کۆبوونەوە و پەروەردەی کەسانی دژبەری ڕێژیم.

بنکەی فەرهەنگی و هونەریی «قەڵەمی هاوچەرخی کورد»ی شاری پاوە، لە ئەنجومەنە هەرە چالاک و ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە بە کردنەوەی خولی فێرکاریی زمانی کوردی و کۆمەڵێک چالاکیی دیکە، خزمەتی بەرچاوی بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کردوە.

# خەڵاتی «ڤۆمێکس»ی ٢٠١٩ بە هونەرمەندێکی کورد درا



کەیهان کەلهوڕ، هونەرمەندی ناسراوی کرماشانی، خەڵاتێکی جیهانیی بەناوی «ڤۆمێکس» لە فیستیڤاڵی جیهانیی مووسیقی لە وڵاتی فینلاند وەرگرت.

ڕۆژی یەکشەممە ٥ی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوی خەڵاتی «ڤۆمێکس» بەخشرا بە کەیهان کەلهوڕ، هونەرمەندی ناوداری کورد. ئەو خەڵاتە بۆ ڕێزلێنان و بایەخدان بە مووسیقییە دیارەکانی جیهان و بەرزنرخاندنیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە ساڵی ٢٠٠٨ـەوە هەر ساڵێ بە کەسێکی شیاو و لێهاتوو دەدرێ.

کەیهان کەلهوڕ تەمەنی ٥٥ ساڵە و تا ئێستا خاوەنی ٢٣ بەرهەمی بەناوبانگی ناوچەیی و جیهانییە و چەند خەڵاتی دیکەشی وەرگرتوە. ناوبراو بە «سوڵتانی کەمانچە» لە جیهاندا ناسراوە و لەگەڵ هونەرمەندانێکی وەک «کەیخوسرەو پوور نازری»، «عەلی ئەکبەر مورادی»، «شارام نازری»، «شوجاعەت حوسێن خان» لە وڵاتی هیند، «یویوما» لە وڵاتی چین، «ژائۆژێپێنگ» و هەروەها لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە لە وڵاتانی ئامریکا، کۆماری ئازەربایجان و هۆڵەند، هاوکاریی کردوە.

# خاتوونێکی نیگارکێشی کورد خەڵاتێکی جیهانیی بردەوە



خاتوونێکی نیگارکێش و کارتۆنیست لە کێبەرکێیەکی نێونەتەوەییدا لە بواری گرافیکی کارتۆنی و نیگارکێشیدا خەڵاتی جیهانیی پێ بەخشرا.

ژاڵە یووسفینژاد لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی خەڵکی شاری سنە لە چوارەمین کێبەرکێی نێونەتەوەیی «کارتۆنی ئاژەڵان» کە لە وڵاتی سێبریا بەڕێوەچوو، دیپلۆمی شانازی پێ بەخشرا و وەکوو ژنە هونەرمەندێکی لێهاتوو ناسرا. ژاڵە یووسفینژاد کاریکاتۆریست و نیگارکێشی بواری چیرۆکی منداڵان تا ئێستا لە چەندین فستیڤاڵی نێوخۆ و دەرەشوەی وڵاتدا بەشداریی کردوە.

ناوبراو خاوەن بڕوانامەی باڵای گرافیکە و لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوییەوە بەجیدی چالاکییە هونەرییەکانی دەسپێکردوە و لە دیزاین و ڕازاندنەوەی کتێبی منداڵان و ئەنیمەیشنسازیدا خاوەنی بەرهەمی بەرچاو و جۆراوجۆرە.